لە گوندی پەلکانە و سنووری دووبز عەرەبی هاوردە هەوڵی داگیرکردنی زەویوزاری جووتیارانی کورد دەدەن



بەڕێوەبەری شەرعیی ناحیەی سەرگەڕانی سەر بە قەزای دووبز لە سنووری پارێزگای کەرکووك ڕایگەیاند عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەسەر داگیرکردنی زەویوزاری جووتیارانی کوردی گوندی پەلکانە پێداگری دەکەن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بارودۆخی جیۆسیاسیی ناوچەکە لە خزمەت کوردستاندایە



سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ شیکاری و پێشبینییە سیاسییەکان لە ڕووسیا رایگەیاندووە: ئێستا ئەمەریکا و ڕووسیا و فەرەنسا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ کورد هەوڵ دەدەن سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەن، بەڵام فەرەنسا لە هەمووان خێراتر لە ئەم مەبەستە تێگەیشت و ئیانوێل ماکرۆن سەردانی ناوچەکەی کرد و لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کۆبووەوە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە ژمارە(6004) دووشەممە 14ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

چاودێرانی سیاسی لەبارەی سەردانی مستەفا کازمی بۆ کوردستان:

پێویستە دەستوور بنەمای چارەسەری کێشەکان بێت

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مستەفا کازمی بە سەردانێك گەیشتە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هەریەك لە سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە و باسیان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرد.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانی:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، بەردەوامبوونی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا لەکاتێکدا قەیرانی دارایی و قەیرانی پەتای کۆرۆنا هەبووە، لەو چوارچێوەیەیە کە سەرۆکی حکوومەت ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

چەکدارانی پەکەکە ڕۆشنبیرییەکی کاولکارییانەیان هێناوەتە ناوچەکە



سەڵاح بەدرەدین بەرهەڵستکاری کوردی سووری، لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەنتەری حەرەمون بۆ لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، کە غەسان ناسر سازیکردووە، تیشك دەخاتەسەر دواییەن پێشهاتە سیاسییەکانی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و هزری دەکات، کە لە ئێستادا ڕای گشتی سووریا و کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



قەشە ئەندریاس پیترۆس:

سەرۆك بارزانی یەکێکە لە دروشمەکانی ئاشتی و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

قەشەیەکی کەنیسەی مەعمەدانی یۆنانی لە لیدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بە ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لە ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان دەکات و دەڵێ: سەرۆك مسعود بارزانی لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ مەترسیدا سووربونی خۆی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی و زەرورەتی پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی لە وڵاتەکەیدا (هەرێمی کوردستان) دەربڕیوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)





4

فەڕەنسا.. خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان لە پاریس دەستپێکردەوە

فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانی:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە



ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، بەردەوامبوونی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا لەکاتێکدا قەیرانی دارایی و قەیرانی پەتای کۆرۆنا هەبووە، لەو چوارچێوەیەیە کە سەرۆکی حکوومەت ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە.

سارا دڵشاد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی بە خەباتی ڕاگەیاند، یاسای چاکسازی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە یاساکە جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش هەنگاوێکی هەرە گرنگە لە هەردوو بواری کارگێڕی و دارایی‌دا. بە دڵنیایەوە هەنگاوی تریشی بەدوادا دێت بۆ چاکسازی کە مەبەست لێیان تەنها بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هێنانەدیی دادپەروەرییە، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ و دژایەتیکردنی یاسایەکەش دەدرێت.

گوتیشی: ئیرادەی چاکسازیخوازان زۆر بەهێزە و هەردەبێ جێبەجێبکرێت، خودی سەرۆکی حکوومەت ئیرادەیەکی بەهێزی هەیە بۆ چاکسازی، بۆیە وێڕای قەیرانەکان، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بەردەوامە. پێویستە بۆ سەرخستنی یاساکە، هەر هەموومان پشتیوانی لێبکەین و تێکەڵی ناکۆکییە سیاسییەکان نەکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هی هەموو لایەنەکانی بەشدارە لە کابینەی نۆیەم. بە ئەنجامدانی چاکسازی جگە لەوەی کارەکان زیاتر شەفاف دەبن و دادپەروەریی دێتەدی. لە هەمان کاتدا ڕێگریش دەکرێت لەوەی چیتر لەژێر هەر ناو و بیانوویەک بێت سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت یان بە میزاج و بە نایاسایی پلە بەرز بکرێتەوە، یا خەڵک خانەنشین بکرێن. بە گشتی خەڵکی شایستە مافەکانیان پارێزراو دەبێت.

جەختیشی کردەوە کە خەڵکانێک هەن لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی زیانیان پێدەگات، بۆیە ئاستەنگ و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن، هەروەک سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند کە گرنگە لە بەرەی هاوولاتیان دابین و ئەم خواستەیان جێبەجێ بکرێت.

بە بڕوای ئەندامەکەی پێکهاتەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان، دەبێت پەرلەمان چاودێریی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاساکە بکات، حکوومەتیش دەبێت بەپێی یاساکە هەر سێ مانگ جارێک ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی پەرلەمان بکات. مافی هاوولاتیانیشە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکە بکەن و لە ڕاستیی هەموو بابەتەکان ئاگادار بن و چیتر خەڵکانێک بۆ مەبەستێکی سیاسی خەڵک چەواشە نەکەن.

قەشە ئەندریاس پیترۆس:

سەرۆک بارزانی یەکێکە لە دروشمەکانی ئاشتی و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

قەشەیەکی کەنیسەی مەعمەدانی یۆنانی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بە ڕۆڵی سەرۆک مسعود بارزانی لە ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان دەکات و دەڵێ: سەرۆک مسعود بارزانی لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ مەترسیدا سووربونی خۆی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی و زەرورەتی پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی لە وڵاتەکەیدا (هەرێمی کوردستان) دەربڕیوە.

قەشە ئەندریاس پیترۆس کە کەسایەتییەکی مەسیحی ئەکادیمی و ئیعلامییە و چەند جارێک بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی مەسیحییەکانی عیراق و کوردستان سەردانی هەولێر و سلێمانی کردووە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەرۆکێک «سەرکردەیەک گوشاری سیاسی و هەڕەشەی سەربازی ٤ وڵاتی ئیقلیمی و تیرۆریستانی داعش لە پەنسیپەکانی پێکەوەژیان و مافی کەمینە ئایینییەکان پاشەکشەی پێنەکات ئەوە شایانی ڕێز و نووسینەوەی ناویەتی لە لاپەڕە زێڕینەکانی میژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دەڵێت: زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتی فراوانبوونی دەسەڵات و هەژموونی سەربازی و فیکری داعشدا بابەتی مافی کەمینەکانیان کردە بابەتێکی لاوەکی و فەرامۆشکراو، بەڵام سەرۆک مسعود بارزانیم دەبینی لەپێشی پێشەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەیگوت: پێشمەرگە لە جیاتی خاک و خەڵکی کوردستان و لە جیاتی هەموو مرۆڤدۆست و ئازادیخوازێکی جیهان شەڕ لەگەڵ دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی دەکات کە تیرۆریستانی داعشن و هەر بەهۆی پێشمەرگەوە ئەفسانەی داعش بەتاڵ بووەوە.

سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

بڕیارە سبەی سێشەممە پەرلەمانی کوردستان کۆبێتەوە و خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای لەئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بکات و هەروەها پێشنیازەیاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانیش دەنگی لەبارەوە بدرێت. ڕێزوار فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمانتارانی کرد کە ڕۆژی سێشەممە ١٥-٩-٢٠٢٠ ئامادەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بن، بەگوێرەی بانگهێشتەکە کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ٠٢:٠٠ی دوانیوەڕۆ دەستپێدەکات و تێیدا خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، هەروەها پێشنیازەیاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانیش دەنگی لەبارەوە دەدرێت.

لە گوندی پەلکانە و سنووری دووبز عەرەبی هاوردە هەوڵی داگیرکردنی زەویوزاری جووتیارانی کورد دەدەن



بەڕێوەبەری شەرعیی ناحیەی سەرگەڕانی سەر بە قەزای دووبز لە سنووری پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووکە کە بە نایاسایی بەڵگەنامە و تاپۆی ساختەی بۆ دەرهێناون و نامەی پشتگیریی بۆ نووسیون.

پەلکانە سەداسەد گوندێکی کوردانە و ئەوەی تێیدا دەژیت و لەوێ ژیاوە خاوەنی زەویوزاری خۆیەتی بە تاپۆی ڕەشی بەر لە حکوومەتی بەعس، ئێستا کێشە لەسەر زەویی ١٠ گوند هەیە لەوانە: سەربەشاخ، پەلکانە، دەربەند، عەوڵاسارد، گێشمە، سەرت و شەنەغە و سێ گوندی دیکە.

بەڕێوەبەری شەرعیی ناحیەی سەرگەڕانی سەر بە قەزای دووبز لە سنووری پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە دەستیان بە داگیرکردنی زەویوزاری جووتیارانی کورد کردووە و ئێستا ١٥٠ عەرەبی هاوردە لە ٧ گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان، بۆ ئەوەش دیکە هەڵبکوتنە سەر گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ پۆلیس قسەمان کرد کە ئەو عەرەبانە جارێکی دیکە نیازێکی وایان هەیە، ڕێگریان لێ بکەن، بەڵام سوودی نەبوو و پاشان بە پشتیوانیی سوپا و حەشدی شەعبی ئێوارەی شەممە، نزیکەی ١٥٠ عەرەبی هاوردە بەمەبەستی داگیرکردنی زەویوزاری کوردان، چوونە ناو گوندی پەلکانە.

بەڕێوەبەری شەرعیی ناحیەی سەرگەڕان، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئێستا عەرەبە هاوردەکان لەناو گوندەکە دەرچوون، بەڵام نازانرێت چ کاتێکی دیکە دەگەڕێنەوە، چونکە ئەوان پێداگیری لەسەر داگیرکردنی زەویوزاری کوردان دەکەن و دانیشتوانی گوندەکەش لە ئامادەباشیدان و ڕێنگە ئەمجارە ئەگەر ئەو عەرەبانە بگەڕێنەوە، شەڕ لە نێوانیان ڕوو بدات. لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەوە چەندەمین جارە عەرەبە هاوردەکان هەڵدەکوتنە سەر گوندنشینانی پەلکانە کە یەکێکە لە گەورەترین گوندەکانی سنووری قەزای دووبز. ئەم هەوڵەی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموارى پرۆژەیاسای وەبەرهێنان بۆ پەرلەمان دەنێرێت



حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای وەبەرهێنانی ئامادە کردووە و وا بڕیارە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی بکات و لەوێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

بەهەمەن کاك عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاوەدنکردنەوە و وەبەرهێنان، بە خەباتی ڕاگەیاند: پرۆژە یاسای وەبەرهێنان هەموارکردنەوەی پرۆژە یاسای ساڵی (٢٠٠٥)ە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پرۆژە یاسایە لە ئەنجوومەنی وەزیران تێنەپەڕیوە و نەگەیشتووە بە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە لیژنەی وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی گەیشتنی پرۆژە یاساکە دەکەین و هەر کات ئەو پرۆژە یاسایە گەیشتە پەرلەمان ئێمەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین.

ڕاشیگەیاند: هەرچەندە تا ئێستا ئەو پرۆژە یاسایەمان نەبینیوە، بەڵام زانیاریمان پێگەیشتووە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆر باش لە پرۆژە یاساکەدا کراوە لەبارەی شێوازی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی وەبەرهێنی بیانی بۆ ناوەوەی کوردستان، هەروەها گۆڕانکاری کراوە لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و پیشەسازی و کشتوکاڵی و کۆمەڵێک پرۆژەی دیکەی جۆراوجۆر، بۆ ئەمەش نەخشەی سەرجەم شارەکان دیاریکراوە بۆ ئەوەی کە هەر شارێک چ جۆرە وەبەرهێنانێکی پێویستە ئەوەی بۆ بکرێت، بێگومان ئەمانە هەموویان لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە کراون و لەو پرۆژەیەشدا ئاسانکاری بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان کراوە بە شێوەیەک سوود بە وەبەرهێن و بە هاوولاتیش بگەیەنێت. گوتیشی: پێویستە لەو پرۆژە یاسەیەدا نوێکاری کرابێت و لە پرۆژە یاساکەی پێشوتر باشتر بێت و وەبەرهێنان بباتە قۆناغێکی دیکە و گۆڕانکاری بەسەر شێوازی وەبەرهێناندا بهێنێت لە هەرێمی کوردستان.

کەرکووک.. فڕۆکەکانی هاوپەیمانان هەشارگەیەکی داعش خاپوور دەکەن

لە ئاکامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش، دوو تیرۆریست لە سنووری باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک کوژراون و هەشارگەیەکیش خاپوور کرا.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لەسەر فەرمانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش، ئامانجێکی تیرۆریستانی داعشیان لە ناوچەی دۆڵی چا باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک بۆردوومانکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی بۆردوومانەکەدا، دوو تیرۆریست کوژراون و یەک هەشارگەیش خاپوور کراوە.

چاودێرانی سیاسی لەبارەی سەردانی مستەفا کازمی بۆ کوردستان:

پێویستە دەستوور بنەمای چارەسەری کێشەکان بێت







د. نەدا مێرگەسۆری:
پێویستە مستەفا کازمی بە پێی دەستوور کار بکات و قەناعەتی تەواوی بە فیدراڵیەتی عێراق هەبێت



خەبات: تریفە ئازاد

لە چەند رۆژی ڕابردوودا مستەفا کازمی بە سەردانێك گەیشتە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هەریەك لە سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە و باسیان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرد.

لە سەرەتادا د.نەدا مێرگەسۆری-پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لەبارەی سەردانی کردنی مستەفا کازمی بۆ هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گومانی تێدا نییە کە پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ کارێکی باشە ئەمەش لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەر دوو حکوومەت، کە چارەسەری ئەم پرسە هەڵواسراوانەش لە کۆتاییەکەیدا لە بەرژەوەندی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەبێت. سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ گەر بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو حکوومەت بێت لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) کارێکی باش دەبێت، بەڵام لەوە گرنگتر هەنگاوە پراکتیکییەکانی دوای ئەو سەردانەیە، چونکە زۆر سەرۆك وەزیرانی دێکەی عێراقیش هاتنە هەرێمی کوردستان، بەڵام دواتر بە بڕیاری نادەستوورییانەی بڕینی قوتی خەڵك و بودجە بڕین وەڵامی پێشوازییەکانی گەلی کوردستانیان دایەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بە قوت بڕین تینویەتیان نەشکا، بە دەبابە و جۆرەها چەك و پێچەوانەی مادەی (٩)ی دەستوور کەوتنە گیانی گەلی کورد، زۆر لەمێژ نییە و بیرمان نەچووە کە بە کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگواستن چیان بەسەر هێنایین.

گوتیشی:پێویستە پەلە نەکەین و چاوەڕێی داهاتوو بین کە ئایا ئەم سەردانەی (کازمی) چی بۆ گەلی کوردستان پێبە. سەرۆك وەزیرانی عێراق گەر بە دروستی هاوسۆزی خەڵکی کوردستانەو لە خەمی خێزانی ئەنفالەکان و شەهیدان و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵبجەیە، هەر دوایی گەڕانەوەی بۆ بەغدا وەك میراتگری حکوومەتەکانی پێشخۆی، بە بڕیارێکی مێژوویی و بەناوی حکوومەتی عێراقەوە داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکات بەرامبەر ئەو تاوانانەی حکوومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامی داوە و دەستبەجێ قەرەبووی یەك بە یەکیان دەکاتەوە. سەر ماچ کردن و قسەی نەرم و تاجە گوڵینە بڕینی ئەو خێزانانانە ساڕێژ ناکاتەوە، هەنگاوی پراکتیکی و داوای لێبوردن و قەرەبووکردنەوە باری گرانی سەرشانیان کەم دەکاتەوە. چارەسەر کردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی سنوری هەرێم گرنگە کە حکوومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی نوێ کاری بۆ بکات، کارکردن بە دەستوور و دانەوەی قەرزی چەند ساڵەی جوتیارانی هەرێم گرنگە. هەر ئەو خێزانانەی لە سەردانەکەی خۆی دا ئەوانی بینی، لەبەر بڕیارە سیاسییەکەی حکوومەتەکەی عێراق لە (٢٠١٤) دەوە تا ئێستا موچەیان لێبڕاوە و بە دروستی بژیان نەهاتووە، ئەمانەن کە پێویستە چارەسەریان بکات، بۆ ئەوەی پێی بگوترێت سەرۆك وەزیرانێکی جیا.

لە بیرمان نەچێت کە سەرۆکی وەزیرانی عێراق نە خاوەن پارتێکی بەهێزە لە عێراق کە بتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت، نە خاوەن هیچ ئەندام پەرلەمان و فراکسیۆنێکی کاریگەرە لەنێو پەرلەمانی عێراق کە پاڵپشتی لێ بکەن لەکاتی بوونی هەر مەترسییەك بۆ سەر پێگە سیاسییەکەی، ئەمە جگە لەوەی کە حکوومەتەکەی حکوومەتێکی ڕاگوزەرە و تەواوکەری کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی پێشووترە، و تەمەنی کابینەکەی کورتە و لە نێو گێژاوی ململانێی سیاسی نێو ماڵی شیعە و بگرە و بەردەی ئێران و ئەمەریکا و بەکۆدەنگییەکی ناچاری بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق.

ڕوونیشی کردەوە: بۆ ماوەیەکی ڕاگوزەر هاتووە دەرهاوێشتەکانی ئەو ماوەیەی کە ئەویش سەرۆك وەزیران بووە پێیان دەڵێت کە ناتوانێت ئەو کەسە بێت کە بتوانێت لە ماوەیەکی کورت شتی مەزن بکات، نەك نەیتوانیوە چەك لەدەستی میلیشاییەکانی شیعە دەربێنێت، بەڵکو بە پێ بەسەر وێنەکانی کەوتن و هەڕەشەی ڕوونیشان لێ کرد. ئەمە جگە لەوەی کە بابەتی گەندەڵی و زۆر بابەتی دیکەی نێو کارنامەی حکوومەتەکەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی پێشوەختە متمانەی پێدرا، بەڵام ئایا بە ڕاستی ڕێگە خۆشە بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردنی پێشوەختە؟ کە ئەمەش وەڵامەکەی ئەستەمەو لە ئایندە دیار دەبێت. زۆر گرنگ دەبێت کە کازمی هەڵەی سەرۆك وەزیرانەکانی پێشووی خۆی دووبارە نەکاتەوەو بە پێی دەستوور کار بکات و قەناعەتی تەواوی بە فیدراڵیەتی عێراق هەبێت و بۆ چارەسەر کردنی هەموو ئەو کێشە هەڵواسراوانەی لە نێوان هەر دوو حکوومەت هەن هەنگاوی پەلەو جیدی بهاوێژێت، ئەگینا ناتوانێت ببێتە ئەو سەرۆك وەزیرانەی کە وێنەکانی نێو سۆشیال میدیا وراگەیاندن دەریدەخەن.

هەروەها حەسەن ئەحمەد مستەفا چاودێری سیاسی لە بارەی سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی کردنی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت بزانین عێراق لە ئێستا لەچ سیستەمێك دایە چونکە سیستەمەکان تەحکم بە کەسایەتیەکان دەکەن،لە ساڵی ٢٠٠٣وە کە حکوومەتی بەعس ڕووخا هەموو ئەوانەی کە بە ئومێدەوە بوون عێراق ڕزگاری بێت ئەوانە دەسەڵاتیان گرتە دەست خەڵکانی ڕۆشنبیر و تەکنۆکرات بوون ڕۆڵی کورد و سونە و کەمە نەتەوەییەکان زۆر بوو ئەمانە ئامانجی عێراقی نوێ بوو، بەڵام کە ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١١ عێراق جێ دەهێلێت ئەو دەسەڵاتەی ئەمەریکا بنیاتی نابوو لە خەڵکی جۆراو جۆر بوون بۆیە لە ساڵی ٢٠١٣وە تا ئێستا سیستەمێکی تر لە عێراق هاتە ئاراوە،هاتنی مستەفا کازمی لەم کاتە بۆ هەرێمی کوردستان گرینگی خۆی هەیە تایبەت لەوەی کە تۆ بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەڵێت بە تایبەتی سەرۆك ترامپ و ماکرۆن نیشاندا هەرێمی کوردستان باوەش بۆ سەرکردە عێراقییەکان دەکاتەوە ئەدی بودجە بڕینی هەرێمی کوردستان لە پای چی کوا ئەو پەرلەمنتارانەی کە دژی میللەتی خۆیان کار دەکەن و قسە دەکەن ئەی کوا ڕاستی قسەکانیان ئەوە هەرێمی کوردستانە باوەشی کراوەیە بۆ سەرکردە عێراقییەکان بێنە ناو خەڵك و قوربانیەکان و سنووریەکان هەروەها دەشڵێت: ئەم سەردانە ڕەهەندێکی کەلتوریشی هەیە ئەو قۆناغە بەسەرچوو بە تاکلایەنە بڕیار بدات، ئەمڕۆ سیاسەتی نەرم دەرفەتی مانۆڕت پێدەدات و دەرفەتی مانۆڕی دۆزمنەکەشت کەم دەکاتەوە و دبلۆماسییەتت بەهێز دەکات، سیاسەتی نەرمی تۆ دەرگای دبلۆماسیەت بە ڕووی ناحەزان دادەخات، بۆیە سیاسەتی نەرمی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەی کە بینیان لە عێراق لە ڕووی موچە و ئەم هەموو ناهەقییەی بەرامبەر بە کورد کرا بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە دەکرێت بەرامبەر بە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان باوەشیان بۆ دەکاتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی کەلتوری هەیە و تایبەتمەندی ڕووخساری ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتیشی هەیە، بۆ هەرێمی کوردستان سیاسەتی نەرم لەگەڵ عێراق خراپ نییە بەم مانایەش نییە کە ئیرادەی هەرێمی کوردستان پێشێڵ بکرێت و بەم مانایەش نایەت کە هەرێمی کوردستان دەست لە ئاماجە سیاسییەکانی بەربدات کە هەرگیز بەری نادات .

کامەران ڕەحمان:
هەموو لایەک گەیشتوونەتە قەناعەت هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی عێراقە و ناکرێت چیتر ڕەچاوی مافە دەستوورییەکانی نەکرێت



لە کۆتاییدا کامەران ڕەحمان نووسەر و چاودێری سیاسی لەبارەی سەردانەکەی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کۆبونەوەکەی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: سەردانیکردن و لەیەکتر نزیکبوونەوەی سەرکردە عێراقییەکان و دەسەڵاتدارانی فەرمی هەرێمی کوردستان کارێکی ئەرێنییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر بنەمای دەستور . هاوڵاتیانی عێراقی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە دەست دیکتاتۆری و توندڕەوی و شۆڤینیەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا زۆر هیلاك و ماندوون پێویستییان بە پشوو هەیە ئەم سیاسەتە لە ڕابردوو هیچ خێری بۆ گەلانی عێراق نەبوو تەنها ئەو وڵاتەی وێران کرد لە هەموو ڕوویەکەوە بووە هۆی خوێن ڕشتنێکی زۆر و بەهەدەردانی ئابووری وڵات و ئاوارەبوونێکی زۆر. لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ و یەکەمجارە سەرۆك وەزیران سەردانێکی وا فراوان دەکات بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەمەش مایەی دڵخۆشییە چونکە تا نزیك بوونەوە نەبێت لێکتێگەیشتن دروست نابێت کە لێکتێگەیشتنیش هەبوو ڕێککەوتن ئاسانتر دەبێت .

هەروەها دەشڵێت: گەرچی کازمی یەك لەو سەرکردە عێراقییانەیە کە شارەزایی زۆری لە مێژووی کوردستان و مافی کورد هەیە کە خۆی بۆ ماوەیەکی باش لە کوردستان ژیانی سیاسی و ئاوارەیی و ڕۆژنامەوانی بردۆتە سەر. تێگەیشتنی ناوبراو لە مافی کورد و نزیکی لە سەرکردایەتی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو لە پشتگیریکردنی کورد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق. خەڵکی کوردستانیش بە گشتی کەسێکی کۆمەڵایەتی و میواندۆستن پێشوازی و ڕێزگرتنی کازمی مانای ئەوە نادات کە خەڵکی کوردستان داوای مافە ڕەواکانی خۆی لە یادبکات یا لێکدانەوەی خراپی بۆ بکرێت لای نەیار کورد بەم سروشتەوە جوانە و مێژووی هەر وابووە و شانازیشی پێوە دەکات.

لەدوای بوونی کازمی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەست بە جوڵە و گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابووری و ئەمنی دەکرێت هەست دەکرێت هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی عێراق لە ژێر هەیمەنەی ولاتانی هەرێمایەتی و دەستی دەرەکی دەربهێنرێت و بخرێتەوە سەر ڕێچکەی نیشتمانی. ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتی هەموو لایەنە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانە. لەم ڕوانگەیەوە هەموو لایەك گەیشتوونەتە قەناعەت هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی عێراقە و ناکرێت چیتر ڕەچاوی مافە دەستوورییەکانی نەکرێت . گەر دەسەڵاتدارانی عێراق دەخوازن عێراقێکی یەکگرتوو و ئارام و پێشکەوتوو ببینن تا زووە دەبێت هەوڵبدەن بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و پێدانی مافی هەموو پێکهاتەکان و چیتر کات بە فیڕۆ نەدەن، چونکە هیچ چارەی تر نییە پێویستە پەند و وانە لە مێژوو وەربگرین گەر ناتوانین بەیەکەوە بژین باشتر وایە هەر کەسەو لە ماڵی خۆمان بژین .



بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند داواکارییەکی شارەکە وەفدێکی پارێزگای هەڵەبجە سەردانی بەغدا دەکات

جێگری پارێزگاری هەڵەبجە:

لەگەڵ بەغدا ئومێدمان بە چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی هەڵەبجە هەیە



خەبات: عەلی بانیشاری



لەگەڵ سەردانیکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری شارەکە، پارێزگاری هەڵەبجە 20 داواکاری ئاڕاستەی مستەفا کازمی کرد. کازمی بە بەرپرسانی هەڵەبجەی وتووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و داواکاریەکانتان پێویستە سەردانی سەغدا بکەن. کاوە عەلی دەڵێت: چاوەڕوانی دیاریکردنی رۆژێکین بۆ ئەوەی لە بەغدا لەگەڵ کازمی و چەند وەزیرێکی کابینەکەی گفتوگۆ بکەین.

جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە (خەبات)ی راگەیاند: لەبەر نەبوونی کات نەتوانرا لەسەر داواکارییەکانی هەڵەبجە لەگەڵ مستەفا کازمی گفتوگۆ بکرێت، سەرۆک وەزیرانی عێراق پێی راگەیاندین پێویستە وەفدێک لە هەڵەبجەوە بچێتە بەغدا و لەوێ لەسەر سەرجەم داواکارییەکان گفتوگۆ بکەین. کاوە عەلی گوتیشی: داواکارییەکانی ئێمە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ و بازرگانی و دارایی و ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقەوە هەیە. باسی لەوەشکرد وەزیری پلاندانانی عێراق پێی وتوون داوکارییەکانی هەڵەبجە ئاڵۆز نییە و دەکرێت جێبەجێ بکرێن.

ئەوەشی گوت: ئەم هەفتەیە لیژنەیەک لە پارێزگای هەڵەبجە پێکدەهێنرێت و لە دوو هەفتەدا سەردانی بەغدا دەکەین. جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەشڵێت: ئومێدمان هەیە کێشە و داواکارییەکانی هەڵەبجە چارەسەر ببن. ئاماژەی بەوەشدا لە 2017ەوە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە وەزارەتی ناوخۆ هەستێت بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، بەڵام تائێستا بەو کارە هەڵنەستاوە.

داواکارییەکانی هەڵەبجە لە بەغدا بریتین لە (کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە راستەوخۆ بە حکوومەتی فیدراڵیەوە بەستراونەتەوە. بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزەکانی تەویڵە، پشتە، سازان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە. قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانی هەڵەبجە بەپێی یاسای ژمارە35ی ساڵی 2013. بەردەوامبوونی ناردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی راستەوخۆ لە بەغداوە بۆ هەڵەبجە. دابینکردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی و پزیشکی پسپۆڕ بۆ نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە).

پارێزگاری هەڵەبجە چەند داوکاارییەکی دیکەی بە نوسراوی فەرمی ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە لەوانە (بەخەرجکردنی پارەی گەنمی جووتیاران بۆ ساڵانی 2014 و 2015 و 2016. دروستکردنی هۆڵێک و کۆنکرێتکردنی ناوچەی پیشەسازی هەڵەبجە کە لە رەشنووسی بودجەی 2019ی عێراقدا پارەی بۆ تەرخانکراوە و تائێستا بڕی پارەکە خەرج نەکراوە. دروستکردنی بەنداوێک لەسەر رووباری سیروان. هەروەها تەرخانکردنی بودجە بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە. کردنەوەی لقی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق).

جێگری پارێزگای هەڵەبجە پێی وایە لە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی کە ئاڕاستەی مستەفا کازمیان کردووە هەڵەبجە چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە. لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی دانیشتووانی هەڵەبجە لەسەر پشتگوێخستنی شارەکەیان، کاوە عەلی گوتی: لە 22ی 9 یاداشتێک دەدەینە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و تێیدا رایدەگەیەنین کە هەڵەبجە بەم شێوەی ئێستا بەڕێوە ناچێت. ئەو زیاتر گوتی: لە 2017ەوە ئەنجوومەنی وەزیران بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەدەم هەڵەبجەوە نەهاتووە. گوتیشی: هەڵەبجە پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاتر هەیە و ناکرێت حکوومەت بەدەم داواکارییەکانییەوە نەیەت.

پارێزگای هەڵەبجە لە ناوەندی قەزای هەڵەبجە و ناحیەکانی (خورماڵ، سیروان، بیارە، بەمۆ) پێکدێت. ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە 122 هەزار کەس و رووبەری پارێزگاکە 1599 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لە 13ی ئاداری 2014 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریارە بە پارێزگابوونی هەڵەبجەی واژۆکرد و لە31ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەکی لەبارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە پەسەند کرد. تائێستا هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (پۆلیس، تەندروستی، شارەوانی، پەروەردە، هاتووچۆ، گومرگ، پاسیۆرت، بەرگری شارستانی، ئاو، شەهیدان و ئەنفالکراوان، خەزێنە، کشتوکاڵ) لە هەڵەبجە کراونەتەوە.



فەرەنسا..

خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان لە پاریس دەستپێکردەوە

لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، جارێکی دیکە لەسەر بانگهێشتی ئێلەگ زەردەکان، خۆپیشاندان ئەنجامدرایەوە کە لە میانیدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوە پێ کردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا، کە ماوەی چوار مانگ بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-١٩) هەڵپەسێردرابوو.

لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا. کەناڵی سی نیوز بڵاوی کردەوە کە پۆلیسی فەرەنسا لە میانی خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان لە پاریس، ٢٢٢ کەسی دەستگیرکردووە، هەروەها گازی فرمێسکڕێژی بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێناوە.

هاوکات ماڵپەڕی فرانس ٢٤ لە ژمارەیەک سەرچاوەی پۆلیس بڵاوی کردەوە کە چوار بۆ پێنج هەزار کەس لە ئێلەگ زەردەکان لە پاریس گردبوونەتەوە و درێژەیان بە خۆپیشاندانەکانیان داوە. لای خۆیەوە فەرماندەی پۆلیسی پاریس، دیدییە لالمان رایگەیاند، هەر گردبوونەوەیەکی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی ئێلەگ زەردەکان هەژمار دەکەن لە شارەکە، قەدەغەکراوە.

رۆژی شەممە، جارێکی دیکە لە پاریسی پایەتەختی فەرەنسا لەسەر بانگهێشتی ئێلەگ زەردەکان، خۆپیشاندان ئەنجامدرایەوە کە ماوەی چوار مانگ بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هەڵپەسێردرابوو. لە میانی خۆپیشاندەردا لە گۆڕەپانی واگرام لە پاریس گردبوونەوە و دورشمی جیاجیایان دژبە سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن و حکوومەتی فەرەنسا گوتەوە.

لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا رووییدا کە لە میانیدا هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوە پێ کردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا. هاوکات پۆلیسی فەرەنسا لە میانی خۆپیشاندانەکەی ئێلەگ زەردەکان لە پاریس ڕێوشوێنی ئەمنی چڕی گرتەبەر و شەقامی چامپس ئیلیزێی داخست. هاوکات خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان لە شارەکانی ستراسبۆرگ، لیۆن، بۆردۆ و تۆلۆز ئەنجامدرا کە لە میانیدا، ٣٠ی وێستگەی میترۆ داخران.

ئێلەگ زەردەکان خۆپیشاندانەکانیان لە ١٧ی تشرینی دووەکی ٢٠١٨ دژ بە پێشنیازێکی حکوومەتی فەرەنسا لە هەمبەر هەموارکردنی سیستەمی خانەنشین ئەنجام دەدەن. حکوومەتی فەرەنساش سووڕە لەوەی جێبەجێکردنی ئەوەی کە ناوی لێ ناوە چاکسازیەکان لە سیستەمی خانەنشین، بەڵام سەندیکاکان داوا دەکەن ئەو پێشنیازە جێبەجێ نەکرێت. لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانی فەرەنسا بەهۆی هێرشی پۆلیسەوە بۆسەر خۆپیشاندەران، ١١ کەس کوژراون و ٢٥ی دیکەیش بینیان لەدەستداوە، هەروەها دەستی پێنج کەس براوەتەوە و هەزاران کەسی دیکەیش برینداربوون.



لە یەک مانگدا 31 کۆڵبەر لە سنووورەکانی کوردستان کوژراون و بریندارکراون

هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ورمێ و باکووری کوردستان، دەستڕێژیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک گیانی لەدەست داوە و کۆڵبەرێکی دیکەش بریندار بووە.

ئەرسەلان یار ئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە خەباتی ڕاگەیاند هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە سنووری قەزای ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێ، تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامدا دوو کۆڵبەر کوژراون و بریندار بوون. هەروەها گوتی، لە ئەندامی ئەو دەستەیە چەکدارەکانی تورکیا لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ورمێ و باکووری کوردستان، دەستڕێژیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامدا یەک کۆڵبەر گیانی لەدەست داوە و کۆڵبەرێکی دیکەش بریندار بووە.

ئەو دوو کۆڵبەرە دانیشتووی گوندی دێم قشلاخی سەر بە شاری ماکۆ بوون و لە سنوورەکە سەرقاڵی هێنان و بردنی جگەرە بوون. بە پشتبەستن بە ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە مانگی ئابی ٢٠٢٠دا، لانیکەم ٣١ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان کوژراون و بریندار کراون کە ٧١٪ی ئەو حاڵەتانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بووە.

پەرلەمانتاریکی پارتی:

لایەنە کوردستانییەکان لەبارەی یاسای هەڵبژاردن یەکەڵوێستن



بۆ پرسی سیستەمی هەڵبژاردن لە یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ناکۆکی لە نێوان لایەن و پێکهاتەکاندا هەیە و لایەنە کوردستانییەکانیش یەک هەڵوێستن. د.محەمەد شاکر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند، دەستیان بە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لەبارەی سیستەمی هەڵبژادن لە یاسای هەڵبژاردن، کردووە.

محەمەد شاکر هەروەها ڕایگەیاند، ئەوان وەک فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ شاندی ئیتتیلاف و هاوپەیمانییەکانی سائیرون، ئەلوەتەنییە و نەهجی وەتەنی لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی جەختی لەوە کردەوە، کە بۆ کورد باشترە هەموو عێراق یەک بازنە بێت، بەڵام ڕەنگە لە قۆناغی ئێستا ئەو پێشنیازە لە بەرژەوەندیی پێکهاتە و لایەنەکانی دیکە نەبێت، لایەنە کوردستانییەکان هەموومان هاوڕایین و ئێستا لە قۆناغی گفتوگۆ و ڕاوەرگرتندایین دواتر لەسەر ئەو بنەمایە، هەوڵ دەدەین خاڵی هاوبەش بۆ هەمووان دیاری بکەین و بۆچوون و ڕای لایەنە کوردستانییەکانی تێدا جێ بکەینەوە.

هەروەک محەمەد شاکر ڕایگەیاند، لایەنە عێراقییەکان ناکۆکیی زۆریان لەبارەی پرسی بازنەکانی هەڵبژاردن هەیە و چاوەڕوان ناکرێت وا بە زووییی لەسەر ئەو پرسە ڕێکبکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دواجار هەر دەبێ لەسەر ئەو پرسە بگەن بە ڕێکەوتن، بێگومان ١٠٠٪ ناتوانرێت پێشنیاز و داوای هەموو لایەک قبووڵ بکرێ، بەڵام دەکرێ خاڵێکی هاوبەش هەبێت، کە زۆرینەی پێکهاتە و لایەنەکان قبووڵی بکەن.

سەلاح بەدرەدین:

چەکدارانی پەکەکە رۆشنبیرییەکی کاولکارییانەیان هێناوەتە ناوچەکە

خەبات: شوان سەرابی

سەلاح بەدرەدین بەرهەڵستکاری کوردی سووری، لە دیدارێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەنتەری حەرەمون بۆ لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، کە غەسان ناسر سازیکردووە، تیشک دەخاتەسەر دواییین پێشهاتە سیاسییەکانی کوردانی رۆژئاوای کوردستان و گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و هزری دەکات، کە لە ئێستادا رای گشتی سووریا و کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.


لەبارەی پەیوەندی نێوان دۆزی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ کورد لە هەرێمی کوردستان، سەلاح بەدرەدین دەڵێ پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەیە، چونکە ئێمە رێزێکی تایبەتیمان بۆ بارزانیی نەمر هەیە و سیمبوڵێکی نەتەوەییە. ئەمەش بۆتە پاڵنەرێک بۆ کوردێکی زۆر لە سووریا وەک خۆبەخش بچن بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەن. ئەمەش پاشخانێکی دوور و درێژی هەیە و بۆ سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەگەڕێتەوە، کە ئەو کاتیش خەڵکێکی زۆرمان پەیوەندییان بە شۆڕش کردبوو. هەروەها لە سااڵنی حەفتاکاندا بارزانیی نەمر هەوڵێکی زۆری خستبووگەڕ لەپێناو یەکخستنی هەردوو باڵی راست و چەپی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی سووری. هەروەها لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا سەرۆک مسعود بارزانی سەرپەرشتی کۆنگرەی (ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی) کرد و هەروەها سەرپەرشتی چەند رێککەوتنێکی کرد.

سەبارەت بە دواییین پێشهاتەکانی پەیوەندییەکانی کوردی رۆژئاوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەدرەدین، دەڵێ لەگەڵ برایانمان لە هەرێمی کوردستان لەبارەی سەربەخۆیی هیچ گرفتێکمان نییە، ئەوان هێزی سەربازییان رەوانەی ناوچەکانمان نەکردووە، بەرێوەی ببەن، رۆژێک لە رۆژان داوایان لێ نەکردووین لە رووی سیاسییەوە پەیرەویان بکەین، بەڵام ئەوە پارتی کرێکارانی کوردستانن، کە بە هێزی چەک و تووندوتیژی خۆیان بەسەرماندا سەپاندووە.

حاڵی حازر لە گوند و شارەکانی باکووری رۆژهەاڵتی سووریا هێزی سەربازی ئەمەریکی و تورکی و رووسی هەن و سەبارەت بە چارەنووسی ئەو هێزانە لە دواڕۆژدا نیسلامی سیاسی بەسەر سروتەکانی شۆڕش و ئۆپۆزسیۆن دژی هەقیقەتی کۆمەڵی فرەنەتەوەیی سووریایە، بە کورتی ئەوانە زیاتر پاڵپشتی رژێمی سووریا دەکەن لە جیاتی پاڵپشتیکردنی میللەتانی سووریا.

گەیشتن بە رێگاچارەیەکی سیاسی گونجاو لەگەڵ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان تەوەرێکی دیکەی ئەو بابەتانە بوو، کە بە بۆنەی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی پەرتووکی کورد و شۆڕش، لەم دیدارەدا تیشکی خراوتە سەر و لەمبارەیەوە، سەلاح بەدرەدین دەڵێ، هەر رێگاچارەیەکی سیاسی، ئەگەر بکرێ یان بسەپێنرێت هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش نییە، هەروەک خۆشهیواییەکانی میللەتانی سووریاش ناهێنێتەدی، چونکە هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی رژێم دایە لە رووی سەربازی و سیاسی و نێودەوڵەتی و هەرێایەتییەوە. ئەمەش لەو کاتەدایە، کە وەک ئاماژەمان بۆ کرد شۆڕش لەباربردراوە و ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە. هەروەها پرۆژە و بەرنامەیەکی ڕوونیش لە ئارادا نییە بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆن بەسەر پاڵپشتیکەران لە رژێمە عەرەبییەکان و هەرێایەتییەکان دابەشبوونە. لەوەش مەترسیدارتر وتەی (دۆستانی گەلی سووریا) سەرابێکە بۆ خۆی!. چونکە هیچ یەک لەو دۆستانە رۆژێک لە رۆژان لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش نین. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە لەسەر نیشتمانپەروەرە سوورییەکان بە هەموو پێکهاتە و لایەنەکان، کە بڕوایان بە بنەماکانی شۆڕش هەبووە پێویستە بگەڕێنەوە خاڵی دەستپێک و کار بکەن لەپێناو دووبارە بنیاتنانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی سووریا، کۆنگرەیەکی سووری بکەن و بڕیار لەسەر پرۆژە نیشتمانییەکە بدەن، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێرن و رووبەڕووی هەر تەحەدیەک ببنەوە و بۆ هێنانەدی ئامانجەکان سوود لە رابردوو وەربگرن.

لەکۆتاییدا لەبارەی شێوەی دەوڵەتی سووریا لە دواڕۆژدا سەلاح بەدرەدین دەڵێ من وای دەبینم، کە دەوڵەتی سووریا لە داهاتوودا دەوڵەتێکی دیموکراتی، فرەلایەن و هەموو پێکهاتەکان بەشداری دەکەن. هەروەها هەموو کێشەکانیش چارەسەر دەکرێت، لەوانە: کێشەی ئابووری و کۆمەاڵیەتی و سیاسی و تەنانەت کێشەی کوردیش لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی سووریادا بەپێی دەستوور.



سیاسەتی پاریس پێویستی بە کورد

لێکۆڵەرێکی ڕووسی:

بارودۆخی جیۆسیاسیی ناوچەکە لە خزمەت کوردستاندایە



سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ شیکاری و پێشبینییە سیاسییەکان لە ڕووسیا رایگەیاندووە: ئێستا ئەمەریکا و ڕووسیا و فەرەنسا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ کورد هەوڵ دەدەن سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەن، بەاڵم فەرەنسا لە هەمووان خێراتر لە ئەم مەبەستە تێگەیشت و ئیمانوێل ماکرۆن سەردانی ناوچەکەی کرد و لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کۆبووەوە.

دەنیس کۆرکادینۆڤ، پسپۆڕی سیاسەتی ڕۆژهەاڵتی ناڤین، بۆ ماڵپەڕی پارتی رایگەیاندووە: ئێستا وڵاتانی زلهێزی جیهان کورد بە گرنگترین الیەن دەزانن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری جیهانی، هەموشیان پێویستییان بە کورد بۆ وزەی جیهانی.

کۆرکادینۆڤ گوتیشی: ئەو خاکەی کورد لە رۆژئاوا و باشووری کوردستان هەیەتی خاکێکی پتەو و دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، بۆیەش جۆاکی نێودەوڵەتی دەیانەوێت دەوڵەمەند بن و بارودۆخیان باش بێت. ئەو وڵاتانە پێویستیان بە ئیدارەیەکی باش و درێژخایەنی سیاسی لە ناوچەکە دەبێت، بۆیە دەبێ بەرانبەر بە ئەو بەڵینانەی بۆ فراوانکردنی مافی ئیدارەی زاتی بە کورد دراون سۆز و پەیمانیان هەبێت و پێی وەفادار بن.

ئەمە کاتێکی کەموێنەیە بۆ کورد، کورد توانای هەیە سەربەخۆیی خۆی ڕابگەینێت و ئیستیجابەیەکی گەورەی وڵاتانی جیهانی دەبێت. کۆرکادینۆڤ وا دەڵێت. ئەو گوتیشی یەکەم کەس کە تێگەیشت ئیمانیوێل ماکرۆن بوو، خێرا بوو لە هاتنی عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی باڵای کوردستان بۆ ئەوەی پەیوەندییە دووقووڵییەکانی لەگەڵ کورد بەهێز بکات، ئێستا پاریس زۆر پێویستی بەوەیە کە عێراق و سووریا و لیبیا و لوبنان لە یەک قەوارەدا کۆبکاتەوە، بۆیەش پێویستی بە کوردە. سەبارەت بە ڕووسیاش ئاماژەی دا: ئێستا مۆسکۆ لەو باوەڕەدایە کە لە عێراق پشتیوانیی گەورە لە کورد بکات، بۆیە بارودۆخی جیۆسیاسیی ناوچەکە لە خزمەت کوردستاندایە و کات لەسەر ئەوە دەمێنێت کە کورد چۆن ئەوکاتە بۆ خۆیان دەڕەخسێنن.

عێراق هەوڵی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئاو لەگەڵ تورکیا و ئێران دەدات

ئیقبال عەبدولحوسێن: ئاو لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی عێراق بڕاوە و ژمارەیەک ناوچەی دیکەش بوون بە بیابان



لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی شاندێکی دانوستانکاری عێراق بەسەرۆکایەتی وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، مەهەدی رەشید حەمدانی بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئاو لەگەڵ تورکیا و ئێران پێکهێنراوە.

لەمبارەیەوە بڕیارەدری لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئیقبال عەبدولحوسێن لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: وەزارەتی دەرەوەی عێراق پێی راگەیاندین کە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی شاندێکی دانوستانکار بە ئامانجی سازکردنی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئێران و تورکیا بۆ یەکلاییکردنی دۆسیەی ئاو، پێکهێنراوە.

گوتیشی: ئەو شاندەی عێراق کە بۆ دانوستان لەگەڵ تورکیا و ئێران بە ئامانجی یەکلاییکردنی دۆسیەی ئاو پێکهێنراو بە جیددی هەوڵ دەدات چارەسەری گونجاو بۆ ئەو دۆسیە بدۆزێتەوە تا بەندەاوی زیاتر دروست نەکرێت کە بەهۆیەوە ژمارەیەک ناوچەی عێراق بوون بە بیابان، ئەمە وێرای ئەوەی ئاو لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی عێراق بڕاوە.

ئیقبال عەبدولحوسێن جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە شاندی دانوستانکاری عێراق لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە سەرکەوتوو بێت و ڕاشیگەیاند کە گرنگە دۆسیەی پەیوەندییە ئابووریییەکانی عێراق وەک فشار بۆ سەر ئێران و تورکیا لە یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئاوی هاوبەش بەکارنەهێنرێت.



مایک پۆمپیۆ سەردانی قوبرسی یۆنانی کرد


ئەمەریکا نیگەرانە لە چالاکییەکانی تورکیا لە ڕۆژهەاڵتی دەریای ناوەڕاست

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لە میانی سەردانەکەیدا بۆ ئیدارەی ڕومی قوبرسی باشوور (قوبرسی یۆنان)، ڕایگەیاند: دەبێت وڵاتانی ناوچەکە بە ڕێگای دیپلۆماتی و ئاشتییانە کێشەکانی نێوانیان لەبارەی سەرچاوەکانی وزە و سنوورە دەریاییەکان چارەسەر بکەن.

بەپێی ئەو هەواڵەی کە لە میدیاکانی ئەمەریکا و قوبرسی یۆنان باڵاو کراونەتەوە، مایک پۆمپیۆ لە میانی سەردانەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی ڕومی قوبرسی باشوور، نیکۆس ئانستاسیادیس کۆبووەتەوە و وەزیری دەرەوەی ئیدارەی ڕومی قوبرسی باشوور، نیکۆس کریستۆدۆلیدیس بەشدار بووە لە کۆبوونەوەکەدا.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ دوای کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند کە گرژییەکان کێشەکانی ڕۆژهەاڵتی دەریای ناوەڕاست بەرانبەر بە ئەو بەڵێنانەی کە سەرچاوەکانی وزە و سنوورە دەریاییەکان چارەسەر بکەن.

(وەسیلا رەجەب) هاوسەری هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران عەبدوڵڵا مەحمود هەسنی کۆچی دوایی کرد



خەبات: سەفەر ژاژۆکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە گوندی هەسنی سەربەدەفەری بارزان ئافرەتی روسی دایکە(وەسیلا رەجەب) هاوسەری هەڤاڵی بارزانیی نەمر(عەبدوڵڵا مەحمود هەسنی) و دایکی شەهید(خورشید عەبدوڵڵا) کۆچی دوایی کردو دواتر بە خاک سپێردرا

خوالێخۆشبوو ئافرەتی روسی دایکە (وەسیلا رەجەب ئەحمەد) لە ساڵی ١٩٢٤ لە قەرم سەربە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە دایکبووە و لە ماڵەوەش بە هەتیوی ژیانی بردۆتە سەر، دوایی نەفیکراوە بۆ ئۆزبکستان و دایکیان ئەرکی بەخێوکردنی ئەوانی لە ئەستۆ گرتووە، یەکێک لەو ئافرەتانە بووە لە سۆڤیەتی جاران (روسیا) بووە لە ساڵی ١٩٥٤ بوویتە خێزانی خوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵا مەحمود هەسنی) کە لە ئاوارەیی و غوربەت خێزانی پێکهێناوە کە هاوسەری گیانفیدای یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بووە کە بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کۆماری کوردستان کردووە و خوالێخۆشبوو ئافرەتی روسی دایکە وەسیلا ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەر و هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمردەگەڕێنەوە کوردستان وە لە گوندی هەسنی سەربەدەفەری بارزان نیشتەجێ دەبن و دووبارە هاوسەری وەکو پێشمەرگە و پاسەوانی تایبەتی لەگەڵ بارزانیی نەمر دابووە و ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە، دایکە(وەسیلا) ئاوارەی ئێران بووە و زۆر دەردەسەری بینووە و شەهید (خورشید عەبدوڵڵا هەسنی) کوڕی بەشداری شۆڕشی گوڵان کردووە و دوای راپەڕین لەپێناو کوردستان شەهید دەبێت ، دوای دەیان ساڵ لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە کوردستان و لەگوندی هەسنی سەر بەدەفەری بارزان نیشتەجێ دەبن، ئەو ئافرەتە زۆر تێکۆشەر و خۆشەویستی رێبازی بارزانیی نەمر بووە و بە ئافرەتێکی بەسەبر و میهرەبان ناسراو بووە کە هەموو کاتێک ئافرەتەکانی کوردستان هان دەدا نەوەکانیان فێرە خۆشەویستی رێبازی بارزانیی نەمر بۆ کوردایەتی بن، ئەمڕۆش نەوەکان و کەسوکاری پێشمەرگەنە، خوالێخۆشبوو دایکە وەسیلا ئەو ئافرەتە دڵسۆزە بووە کە زیاتر لە نێوسەدە لە کوردستان دەژیا و بۆیە کوردستانی بەمەنزڵگای هەمیشەیی خۆی دەزانی، ماوەی چەند ساڵ بوو تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی ٩٦ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

خەباتکاری رێبازی بارزانیی نەمر (بادین پێندرۆیی) کۆچی دوایی کرد



خەبات: سەفەر ژاژۆکی

لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر دوای ململانێکی زۆر سەخت لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناسی گەلەمان و کەسایەتی (بادین پێندرۆیی) کۆچی دوایی کرد ، تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی ناحیەی بەحرکەی سەربە پارێزگای هەولێر بەخاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز (بەهائەدین محەمەد جەبرائیل پێندرۆیی) ناسراو بە(بادین پێندرۆیی) ساڵی ١٩٣٢ لە کاتی ئاوارەی بنەماڵەکەیان بۆ تورکیا لە دایکبووە، کەسوکار و گوندەکەیان پێندرۆ سەربەدەفەری بارزان خزمەتی شۆڕشیان کردووە، باوک و براکانی بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان دەکەن و ساڵی ١٩٤٥ ئاوارەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن کە دیسان کەسوکاری بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەن و هەروەها برایەکی بەناوی تەها محەمەد پێندرۆیی لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا گیانی لە دەست دەدات، دوای تیکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ٣ بۆ قارەمانی بە ناوەکانی میکائیل محەمەد پێندرۆیی و عەزیز محەمەد پێندرۆیی و عەنبەر محەمەد پێندرۆیی لەگەڵ ١٦ کەسی تر لەگوندەکەیان لەگەڵ بارزانیی نەمر رابەر و هەڤاڵەکانی دەچنە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ساڵی ١٩٤٧ باوکی قارەمانی (محەمەد جەبرائیل پێندرۆیی) لەگەڵ پیاوە بارزانییەکان بەند دەکرین بۆ بەندیخانەی موسڵ و کەرکوک و دوای ٢ ساڵ ئازاد دەکرێن و ساڵی ١٩٥١ لە دەشتی هەولێر بە هۆی خەباتی و نەخۆشی گیانی لە دەست دەدا، خوالێخۆشبوو بادین پێندرۆیی لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ برا و کەسوکاری دەبنە پێشمەرگە لە دەڤەری بادینان و لەگەڵ شەهیدی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی سێلکی و شەهیدی فەرماندە عیسا سوار و شەهیدی فەرماندە عەبدولڕەحیم جەسیم و فەرماندە عەلی خەلیل خۆشەوی دا دەبێت و رۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە، پێشمەرگەیەکی ئازا و دڵسۆز ناسراو بووە، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ٢ بۆ قارەمانی عەزیز پێندرۆیی و عەنبەر محەمەد پێندرۆیی شەهید دەبن و هەروەها ساڵی ١٩٨٣ بۆ تری میکائیل محەمەد پێندرۆیی ئەنفال دەبێت، ئاوارەی ئێران دەبن و دەبێتە پێشمەرگەی گوڵان، دوای راپەرین دەگەڕێنەوە کوردستان لە ناحیەی بەحرکە سەربە پارێزگای هەولێر و دواتر لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبن، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی گیانفیدا بادین پێندرۆیی تێکۆشەرەکی ماندوونەناس و پڕبیروباوەر و دەروێشی رێبازی بارزانیی نەمر بووە و هەموو تەمەنی پڕە لە بەرخودان و قارەمانیەتی بۆ کوردستان، کەسایەتێکی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، لە تەمەنی ٨٨ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

پارێزگاری دهۆک:

هەر خێزانێک 25 ملیۆن دینار و پارچەیەک زەوی



لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارچە زەوی و ٢٥ ملیۆن دینار دەدرێتە نزیکەی ١٠٠ سەرۆک خێزانی نیشتەجێی کەمپی شیف چنارکێ لە شیلادزێ.

عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆک ئەمڕۆ لەسەر راسپاردەی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دانیشتووانی کەمپی شیف چنارکێ لە شیلادزێ کۆبووەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

خەڵکی ئەو کەمپە، کە نزیکەی ١٠٠ خێزان لێی نیشتەجێن، لە بنەڕەتدا خەڵکی باشووری کوردستانن، بەڵام پێش ساڵانی نەوەتەکان ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون، چەند ساڵێک لەوێ لە ئاوارەییدا ژیاون تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ گەڕاونەتەوە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، عەلی تەتەر ئاشکرای کرد، «هەرییەک لەو خێزانانە ٢٥ ملیۆن دیناری پێدەدرێت لەگەڵ پارچەیەک زەوی، بۆ ئەوەی چیدی لەژێر خێوەتدا نەژین و خانوو بۆخۆیان دروست بکەن».

پارێزگاری دهۆک دەڵێ، «ئەو خەڵکە کەسانی کوردپەروەر، تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر و پێشمەرگە بوون، هەموو ژیانیان لە ئاوارەیی و پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە، بەڵام کێشەکانیان وەکو خەڵکی دیکە بۆ چارەسەرنەکراوبوو بەهۆی قەیرانی دارایی».

ڕانیە..
دوو کەس بە دراوی ساختەوە دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕاپەڕین ڕایگەیاند دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٩/١٣ هێزەکانیان لە سنووری ڕانیە دوو کەسیان دەستگیر کردووە کە بڕێکی زۆر دراوی ساختەی جۆراوجۆریان پێ بووە.

محەمەد فازڵ، گوتەبێژی ئاسایشی ڕاپەڕین، وتی: «هێزەکانمان لە بنکەی ئاسایشی شکارتە لەناو شاری ڕانیە، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی دادوەر و وەرگرتنی زانیاریی دروست توانیان دوو تۆمەتبار لە ڕەگەزی نێر و دانیشتووی سلێمانی دەستگیر بکەن کە بڕێکی زۆری پارەی ساختەیان لە جۆری ٢٥ هەزار دیناری و ١٠ هەزار دیناری پێ بووە کە بڕەکەی ٦٣ ملیۆن و ٨٠ هەزار دیناری عێراقی ١٨٠٠ دۆلاری ساختەی ئەمریکی بووە».

محەمەد فازڵ ڕاشیگەیاند: «ئەو دوو تۆمەتبارە بڕێکی زۆر پارەی ولاتانی بیانیان پێ بووە کە ساختە نەبوون، لەوانە ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی، ٤٠ ڕۆبلی بیلاڕووسی، ٥٠٠ درهەمی ئیماراتی، ١٠ ڕیاڵی سعودی و ١٣ کارتی مۆبایلی کۆڕەک و دوو مۆبایلی ئایفۆن هەشت پلاس و یەک مۆبایلی ساده نۆکیا و چوار نارمی)ئۆتۆمبێل».



ل کومەڵگەها سنوری یا ئیبراهیم خەلیل زێدەتر ژ 3600 تون پێن کەل وپەلان هاتنە ژناڤبرن وڤەگەراندن

خەبات/زاخو

کومەڵگەها دەروازەیێ سنوریێ ئیبراهیم خەلیل ڕاگەهاند ل مەها تەباخا بوری پتر ژ سێ هزار وشەش سەد تونێن کەرەستەیان هاتینەژناڤبرن وڤەگەراندن ژبەرکو نە دگونجان دگەل ڕێنماییێن حوکمەتا هەرێما کوردستانێ.

بەشێ پەیوەندی وڕاگەهاندنا کومەڵگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتی ئیبراهیم خەلیل دبەیاننامەیەکێ دا ڕاگەهاند، ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٨/١ێ هەتاکو ڕێکەفتی ٢٠٢٠٨١٣١ێ (٣٦٧٤ تون و ٦٧٧ کیلوگرام) سێ هزارو شەش سەدو حەفتێ و چار تۆن و شەش سەدو حەفتێ و حەفت کیلوگرام کەرەستەیێن جوراو جور ل تاقیگەهە و لژنەییێن پەیوەندیدار ییێن سەر ب کۆمەڵگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتی ئیبراهیم خەلیل ڤە نەهاتنە پەسەند کرن و بەشەک هاتینە زڤراندن و بەشەک ژی ژناڤبرن، ژبەر کو دگەل ڕێنمایی ییێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ نەدگونجان.

ودیار کر ئەو کەرەستە پێک هاتبوون ژ کەل و پەلێن (ساخلەمیێ، خارن و ڤەخارن، کوزماتیک، فیتیرنەری، چاندن، بیناسازی..هتد).

سوپاس و پێزانینی بنەماڵەی خوالێخۆش بوو (محەمەد سینۆ شەریف توڤی)

بەناوی خۆم و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی (بارەگای بارزانی) دەکەین کە بە بروسکەی پرسە و سەرەخۆشی هاوبەشی خەمان بوون لە کۆستی کۆچی دوایی باوکمان (محەمەد سینۆ شەریف توڤی)، ئەمەش بووە مایەی هەدار و سەبوری ئێمە و ڕەواندنەوەی خەمی بنەماڵەکەمان. تەمەن درێژی بۆ جەنابی سەرۆک و ئەندامانی بارەگای بارزانی بێت.

هەروەها سوپاس و پێزانینی بنەماڵەکەمان ئاراستەی نووسینگەی ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مسروربارزانی و ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی و لقی 1 و 2 و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و (ناوچەی ڕێباز) و لقی1 لیژنەی ناوچەی پێشکەوتن وستافی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین، کە بە بروسکە و پەیوەندی، هاوبەشی خەمی کۆچی دوایی باوکمان بوون.

سوپاسی هەموو بەرپرسانی حزبی و ئیداری و کەسایەتی و پیاوماقوڵان و دۆست و خزمان دەکەین لە شاری هەولێر و دهۆک و سلێمانی و دەرەوەی وڵات کە هاوخەمی ئێمە بوون لە کۆستی کۆچی دوایی باوکمان و لە خەمی ئێمەیان کەم کردەوە، خوا تەمەنی هەموولایەک درێژ بکات و دووربن لە خەم و ناخۆشی.

کاروان محەمەد سینۆ

لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (محەمەد سینۆ شەریف تۆڤی)

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، کاک فەیسەڵ دەباغ،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری شاری هەولێر(حاجی نورەدین عەبدولڕەزاق دەباغ)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی باوکی کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی بەکر حاجی کەریم،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (بەکر حاجی کەریم)یان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاک سەعدی گەورە،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەرای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاک یوسف عەبدولقادر،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (عەبدولغەنی عەبدولقادر) برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خان ئاودەل هەرکی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هەرکی(خان ئاودەل هەرکی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و دۆست و ئاشنایانتان و خزمانی هەرکی دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بۆ بەڕێز/ نووسەرو ڕ ژمانووس(بەختیار عەلی)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان (ئەختەر مەلا کەریم)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین...

ئومێدەواریین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە ئارامیتان پێببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەرین شاد بکات...

.....

هەڤاڵ و ڕاگەیاندنکاری بەڕێز خەلیل کەمال

بەداخەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی کچی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و ناشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو (ئاقیڤان) ی جگەرگۆشەتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

.....

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا کەمال جەلال

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێوەبەری گشتیی پێشوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری مامۆستا (کەمال جەلال) مان پێگەیشت، خوالێخۆشبوو تێکۆشەرێکی دیار و ناسراوی شاری سلێمانی بوو. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی شاد بکات و سەبووری بە بنەماڵە و کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

پزیشکێکی پسپۆڕی مایکۆرۆبایۆلۆژی زانیاری و قسەی جیاوازتر لەبارەی ڤایرۆسی کۆڤید 19 دەکات

دکتۆر شێرزاد حەسەن:

گەورەترین هەڵەی زانستی کەرەنتینکردنی نەخۆشە لە نێو چوار دیواردا

شەپۆلی دووەم و سێیەمی کۆرۆنا ڤایرۆس لە کوردستاندا هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە

90%ـی ئەو کەسانەی تووشی کۆرۆنابوون بەسووکی تووشبوون و 60%ـی هەر هەستی پێناکەن



خەبات: ڕۆشنا عەلی



شێرزاد حەسەن ڕەزا، پسپۆر لە نەخۆشییەکانی مایکۆرۆبایۆلۆژی پزیشکی و مامۆستای زانکۆ لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی خەبات دا، چەندین پرسی گرنگ سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو. ئەو پسپۆڕە وێڕای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان قسەی نوێ و جیاوازتری هەیە لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن و کەرەنتینەکردن و تووشبوون و چارەسەرکردنی تووشبوان بە ڤایرۆسی کۆڤید١٩و دەشڵێت: ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شێرپەنجە بەهێزتر نییە، بەڵام سیستەمی بەرگری جەستەمان توانای بەرەنگاربوونەوە شێرپەنجە وهەموو ڤایرۆس و میکرۆبێکی هەیە، بە ڤایرۆسی کۆرۆنایشەوە.

شێرزاد حەسەن ڕەزا سەرەتای قسەکانی بە پێناسەی ڤایرۆس دەست پێدەکات و دەڵێت: ڤایرۆس یەکێکە لەو تەنۆچکە وردانەی دەکەوێتە نێوان زیندوو و نازیندوو، واتا لە دەرەوەی خانەی زیندووەوە وەکو هەر مادەیەکی پرۆتینی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام کە دەچێتە نێو خانەی زیندوو ئەو خانەیە وەك شوێن و مادەیەکی ژیان بۆ زۆربوون هەڵدەبژێرێت.

ئەو پزیشکە پسپۆڕەی مایکۆرۆبایۆلۆژی لە ڕێگەی میدیاکانەوەو لەساڵی 2014 یەکەم کەس بووە بەزمانی کوردی و بەروونی باسی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتی خۆپاراستن کردووە، ئەوەیش بەهۆی ئەو باکگراوندە زانستییەی لە بوارەکەی خۆیدا هەیەتی.

سەبارەت بەکاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر دەروونی مرۆڤ ئەو پزیشکە پسپۆڕە دەڵێت: ڤایرۆسەکە تازە نییە، بەڵام زۆرینەی خەڵك تووشبووە، کاتێك لە چین بۆ یەکەمینجار سەریهەڵدا و ڕاستەوخۆ بە خەڵك گوترا کە ڤایرۆسی کۆڤید19 دەرمان و چارەسەری نییە، ئەمە کارساتە گەورەکەبوو، هەرئەوەش کاریگەرییەکی یەکجار خراپی لەسەر دەروونی مرۆڤ بەگشتی و ترس و دڵەڕاوکێیەکی جیهانیی درووستکرد، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەرانی خەبات دڵنیا بکەینەوە، من لێرەوە پێتان دەڵێم ڤایرۆسەکان لە بنەڕەتەوە دەرمانیان نییە، بەڵکو ماوەی کڕکەوتنی هەیەو تێپەڕ دەبێت و کۆتایی دێت، ڕاستە چەندین دەرمانمان هەیە بۆ ڤایرۆس، بەڵام هیچیان تایبەت نین بۆ ڤایرۆسێکی دیاریکراو.

شێرزاد حەسەن ڕەزا دەشڵێت: مرۆڤایەتی هەمووی لەو ڤایرۆسە ترساوە، بەڵام بێئاگایین لەوەی کە دەرمانێك لەنێو جەستەی مرۆڤێك هەیەو ناسراوە بە (گلوتاسیۆن) کە جەستە خۆی دروستی دەکات و دژی هەموو میکرۆب و ڤایرۆسێکە، سەرەڕای ئەوەی خرۆکە سپییەکانی خوێن بە هەمان شێوە چەندین مادەیان تیایە، کە سیستەمی بەرگری جەستە بەهێز دەکات، بەڵام شێوازی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە کۆڤید19 خەڵکی ئەوەندە ترساندووە، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن.

ئەو پزیشکە پسپۆڕە دەشڵێت: بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەرمانە ستیرۆیدەکان بە شێوەیەکی هەرەمەکییانەو دوور لە زانست، هۆکارێکی زۆر بەرچاوە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لە کوردستاندا، داواکارم ئەو فەوزایە ڕاگرن، کە نەخۆش و خەڵکی ئاسایی بە ئاسانی و بەبێ چاودێری پزیشك ئەو دەرمانانە بەکاردەهێنێت، کە هۆکاری دابەزینی سیستەمی بەرگری جەستەیەو زۆرینەی مردنەکان لە کوردستان ئەوە هۆکارەکەیەتی، سەرەڕایی ترس و ستڕێس.

شێرزاد حەسەن لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا میدیا و سۆشیال میدیا بە هۆکاری ئەو ترسە دەزانیت و ترسیش چ کاریگەرییەکی لەسەر باری تەندروستی و دەروونی مرۆڤ هەیە؟ گوتی: کاتێك دەچیتە سۆشیال میدیا و ئەو هەموو هێڵە ڕەشەی مردن و لە میدیاکانیش ئەو هەموو هەواڵە جیاواز و فەیکە سەبارەت بە کۆڤید19 دەبینیت، ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژانی دەروونییت بۆ دروست دەبێت و تووشی داڕوخانی دەروونیی دەبیت، کە هەموو ئەوانەیش سیستەمی بەرگری جەستە دادەبەزێنێت، ترس ئەو دەرمانە سروشتی و خواییەی لەناو جەستەمان هەیە لاواز دەکات، ئەگەرچیش ئەو دەرمانە ئەوەندە کاریگەر و بەهێزە، کە دەتوانێت هێرش بکاتە سەر بەهێزترین هێرشبەر بۆ سەر جەستەی مرۆڤ، کە ئەویش شێرپەنجەیە، خۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شێرپەنجە بەهێزتر نییە، بەڵام بەهۆی ترس و ستڕێسەوە ئەو دەرمانە لەدەست دەدەین، بۆیە من لێرەوە داواتان لێدەکەم یەکەمین شت دەبێ ئارامیی دەروونی بدەین بە کەسوکار و خێزان و دەوروبەر و تاکەکانی کۆمەڵگا، لەم بارەوە ئەرکە لەسەر هەمووان و دەبێ بۆیان ڕوونبکەینەوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەوەندە بەهێز نییە جەستەمان توانای بەرەنگاربوونەوەی نەبێت.

شێرزاد حەسەن زیاتر لەسەر پرسی سترێس ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: بەهۆی ئەو ترس و تۆقاندنە زۆرەی میدیا و سۆشیال میدیا لە دەروونی خەڵك دروستیان کردووە، ڕێژەی تووشبوونیش بەرزبۆتەوە، بۆ نموونەش نەخۆشی (ئاردس) کە دەبێتە هۆی لاوازبوون و لەکارکەوتنی سیستەکانی مرۆڤ، هۆکارەکەی ترسە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە ئەو کەسانەی لەڕووی دەروونییەوە کەمئەندامن و نەخۆشی عەقلییان هەیە تووشی ڤایرۆسەکەش بن کاریگەری ئەوتۆی نییە، چونکە هیچ ئاگایان لە هەواڵە تۆقێنەرەکانی میدیا و سۆشیال میدیا نییە و ناشزانن نەخۆشییەك پەیدابووە بەناوی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

سەبارەت بە ڕێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو کۆمەڵگا، د. شێرزاد حەسەن دەڵێت: بەپێی دوایین زانیاری 85-90%ـی ئەوانەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن حالەتی سووك و ئاسانن، لە 10-15%ـی حالەتەکان قورسترن، لەنێو ئەم ڕێژەیەش تەنیا 5%ـیان پێویستیان بەوە هەیە بچنە نەخۆشخانە، کەواتە لێرەوە دەبێ ئێمە ئارام ببینەوەو بە ئاسانیش وەربگرین.

لەبارەی هەڵە تێگەیشتەکان سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، ئەو شێرزاد حەسەن قسەیەکی جیاوازی هەیەو دەڵێت: کەرەنتیکردنی نەخۆش هەڵەیەکی زانستیی پزیشکییە لەسەراسەری جیهان، پێویست نییە تووشبووی کۆڤید19 لەناو چوار دیوار زیندانی بکرێت و بە ماسك و دەستکێش و لەناو نایلۆندا لە پەنجەرەوە خواردنی پێ بدرێت، بەڵکو پێویستە نەخۆشەکە ببرێتە ناو باخ و سەوزایی و ژینگەیەکی تەندروست، چونکە لەڕووی دەروونییەوە هەست دەکەیت نەخۆشێکی بێزراوی ناو کۆمەڵگایت و باری دەروونیت لاواز بکات، هاوکات لەنێو ژووەرەکان ڕێژەی ئۆکسجین کەم دەکات، بۆیە زۆر هەڵەیە تووشبوو زیاندانی بکرێت، خۆ من ناڵێم بڕۆ خۆت ماندوو بکە، بەڵام ئەگەر بکرایە باشتر بوو نەخۆشخانەکانیش ببردرێنە نێو باخ و پارکەکان و چوار دیوارەکان بەجێبهێڵین، بۆ ئەوەی ڕێژەی ئۆکسجینی تەواو بگاتە تووشبووان.

هەروەها شێرزاد حەسەن ڕەزا پزیشکی پسپۆری مایکۆرۆبایۆلۆژی داواکارە لە وەزارەی پەروەردە بە پەلە بەو بڕیارەدا بچێتەوە، سەبارەت بە دواخستنی قوتابخانەکان و سیستەمی ئۆنلاین، چونکە هەڵەیەکی گەورەی ئیداری و زانستییە و پێویستە قوتابخانەکان بکرێنەوە.

شێرزاد حەسەن لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەی ڕۆژنامەی خەبات ڕێنمایی گرنگ دەخاتەڕوو و دەڵێت: پێویست ناکات هەموتان دەرمان بکڕن و ئەو هەموو پارەیە بەفیڕۆ بدەن و بارگرانی بخەنە سەر خۆتان و خێزانەکانتان.

دەرمانێک لەنێو جەستەی هەموو مرۆڤێک هەیەو ناسراوە بە (گلوتاسیۆن) کە جەستە خۆی دروستی دەکات و دژی هەموو میکرۆب و ڤایرۆسێکە

ئەو کەسانەی لەڕووی دەروونییەوە کەمئەندامن و نەخۆشی عەقلییان هەیە تووشی ڤایرۆسەکە دەبن، بەڵام کاریگەری زۆرکەمە و ڕێژەی مردن، لەنێویاندا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە سفرە، چونکە هیچ ئاگایان لە هەواڵە تۆقێنەرەکانی میدیا و سۆشیال میدیا نییە

پێویست ناکات هەموتان دەرمان بکڕن و ئەو هەموو پارەیە لە دەرمان و پشکنین خەرج بکەن، تۆ تەنیا پێویستە سیستەمی خۆراکی خۆت ڕێکبخەیتەوە

پسپۆڕە چەند هەڵەیەکی زانستی دەستنیشان دەکات و دەڵێت: تێگەیشتنی خراپ و هەڵە ئەوەیە کە دەگوترێت ئەوانەی بەساڵاچوون و نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێن و شێرپەنجەیان هەیە،هەموویان دەمرن!!. بەڵام ئەوە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، خەڵك هەیە تەمەنی 100 ساڵەو چاکبۆتەوە، ڕاستە ئەو کەسانەی نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە مەترسیان لەسەر زیاترە، بەڵام ئەوەش لە حاڵەتێکە کە سیستەمی بەرگری جەستەیان لاوازبێت، ئەوەی سیستەمی بەرگری لەشی بەهێزبێت هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە.

پرسی کەرەنتینکردنی نەخۆش تەوەرێکی دیدارەکەمان بوو، د. شێرزاد حەسەن لەسەر ئەوە دەڕوات کە ئەگەر ئێمە بە ڕاستی بمانەوێت کۆتایی بە شەپۆلی دووەم و سێیەمی کۆرۆنا بهێنین، ئەوا پێویستە هەموو کەسێك بە ڕاستی کەرەنتینکردنی خۆی بکات،



شۆڕشی ئەیلوول وەرچەرخانێکی مێژوویی و سەرەتایەک بۆ چەسپاندنی ماف و دەستکەوتەکان

هەر دەستکەوت و سەروەرییەک تا ئەمڕۆ لە کوردستان بەدەست هاتبێت، بناغەکەی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و جەنابی بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە



وەیسی سەعید وەیسی

59ساڵ بەرلە ئێستا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مەزن بەرابەرایەتی بارزانی نەمر هەڵگیرساو بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ بەرخودان و سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی گەلی کوردستان، کە بارزانی نەمریش دەنگی مەزلومیەتی گەلەکەمانی گەیاندە جیهان، بۆیەش ئامانجی سەرەکی شۆڕش بریتی بوو لە رزگاریی نیشتیمانیی و سەربەخۆیی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی پیلانی دوژمنان و بەرگری لەبوون و مافە رەواکانی گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی گەلی کوردستان.

شۆڕشی ئەیلوول ئیرادەو باوەڕ بەخۆبوونی لای تاکی کورد دروست کردو سەرەنجام بووە جێگای هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستان، کە لەگەڵ ئەوەی لە رەوشێکی نالەبارو دژواردا هەڵگیرسا، لە هەمان کاتیشدا کۆکەرەوەی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بوو، کە لەدەوری ناسنامەیەکی کوردستانی کۆیکردنەوە، کەئەمەشیان فاکتەری بەهێزی سەرکەوتنی شۆڕش بوو، چونکە هەر هەمووان لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر بۆ یەك مەبەست و ئامانج و لەیەك سەنگەردا رێکخرابوون کە دوای 9 ساڵی خەباتی شاخ و چەکداری لەسایەی قارەمانیەتی پێشمەرگە و حیکمەتی جەنابی بارزانی نەمر، رژێمی ئەو کاتی عیراقی ناچار کرد لەجیاتی شەڕ بیر لەدانوستاندن و رێککەوتن بکاتەوە، تا لە ئەنجامدالە 11ئاداری ساڵی1970 بەفەرمی رێککەوتننامەیەك مۆر بکات، بەمەش شۆڕشی ئەیلوول بووە یەکەمین شۆڕشی کوردستانی کە توانی کۆمەڵێك مافی گرنگ و مێژووی بەدەست بهێنێت یەکەمجاربوو دان بە مافی ئۆتۆنۆمی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و بەرەسمیکردنی زمانی کوردی دابنێت، کە ئەم رێککەوتننامەیەش بووە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی مێژوویی، کە سەنگ و کاریگەری خۆی هەیەو بۆ هەتاهەتایە حکوومەتی عیراق بەرەسمی دانی بەمافە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردستان نا، بەمەش گەورەیی شۆڕشی ئەیلوول و کاریزمایی بارزانی نەمر بەدەرکەوت و مێژووی پڕ لە سەروەریی گەلەکەمانیشی رەنگین تر کرد، کە لەسایەی ئەم رێککەوتننامەیە زۆرترین ماف و داخوازی خەڵکی کوردستان بەدەست هات و سەرەنجام لە سایەیدا چوار ساڵ کەوتنە خۆشی و بووژاندنەوەی کوردستان، وێرای ئەوەی بەهۆیەوە دۆزی رەوای گەلی کوردستان بەهەموو جیهان ناسێندرا.

هەرچەندە بەداخەوە رژێم لەبەڵێنەکانی پاشگەزبووەوەو هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەیان دا و رێککەوتنامە خیانەتکارانەکەی جەزائیریان مۆرکردو شۆڕش بۆ ماوەیەکی کاتیی تووشی نسکۆ بوو، بەڵام سوپاس بۆ خودای گەورە نەیانتوانی ئیرادەی کوردستانیان بشکێنن و بەوپێیەی شۆڕشی ئەیلوول هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر بوو بۆیەش نسکۆ پیلانەکان نەیانتوانی بیشکێنن، کە دوای ماوەیەکی کەم و جارێکی تر بەهەمان ئیرادەو روحیەتی پۆڵایینی شۆڕشی ئەیلوول لە (26) گوڵاندا رێبوارانی بەوەفای رێبازی پارتی و بارزانی پیلانی دوژمنانیان پوچەڵ کردەو و شۆڕشی گوڵان بووە درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول، کە هەر دەستکەوت و سەروەرییەکیش تا ئەمڕۆ لەکوردستان بەدەست هاتبێت، ئەوا بناغەکەی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و جەنابی بارزانی نەمر دەگەڕێتەوە، کە رێککەوتننامەیی11ی ئادار سەرەتای چەسپاندنی ماف و دەستکەوتەکانی کوردستانیان بوو، لەو کاتەوە بناغەکەی بۆ داندرا کە ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان و پێشکەوتنە سیاسی و ئیداری و دبلۆماسییەکان بەرهەمەکەن...

سەرکەوتنی شۆڕش بوو، چونکە هەر هەمووان لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی نەمر بۆ یەك مەبەست و ئامانج و لەیەك سەنگەردا رێکخرابوون کە دوای 9 ساڵی خەباتی شاخ و چەکداری لەسایەی قارەمانیەتی پێشمەرگە و حیکمەتی جەنابی بارزانی نەمر، رژێمی ئەو کاتی عیراقی ناچار کرد لەجیاتی شەڕ بیر لەدانوستاندن و رێککەوتن بکاتەوە، تا لە ئەنجامدالە 11ئاداری ساڵی1970 بەفەرمی رێککەوتننامەیەك مۆر بکات، بەمەش شۆڕشی ئەیلوول بووە یەکەمین شۆڕشی کوردستانی کە توانی کۆمەڵێك مافی گرنگ و مێژووی بەدەست بهێنێت یەکەمجاربوو دان بە مافی ئۆتۆنۆمی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و بەرەسمیکردنی زمانی کوردی دابنێت، کە ئەم رێککەوتننامەیەش بووە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی مێژوویی، کە سەنگ و کاریگەری خۆی هەیەو بۆ هەتاهەتایە حکوومەتی عیراق بەرەسمی دانی بەمافە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردستان نا، بەمەش گەورەیی شۆڕشی ئەیلوول و کاریزمایی بارزانی نەمر بەدەرکەوت و مێژووی پڕ لە سەروەریی گەلەکەمانیشی رەنگین تر کرد، کە لەسایەی ئەم رێککەوتننامەیە زۆرترین ماف و داخوازی خەڵکی کوردستان بەدەست هات و سەرەنجام لە سایەیدا چوار ساڵ کەوتنە خۆشی و بووژاندنەوەی کوردستان، وێرای ئەوەی بەهۆیەوە دۆزی رەوای گەلی کوردستان بەهەموو جیهان ناسێندرا.

هەرچەندە بەداخەوە رژێم لەبەڵێنەکانی پاشگەزبووەوەو هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەیان دا و رێککەوتنامە خیانەتکارانەکەی جەزائیریان مۆرکردو شۆڕش بۆ ماوەیەکی کاتیی تووشی نسکۆ بوو، بەڵام سوپاس بۆ خودای گەورە نەیانتوانی ئیرادەی کوردستانیان بشکێنن و بەوپێیەی شۆڕشی ئەیلوول هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر بوو بۆیەش نسکۆ پیلانەکان نەیانتوانی بیشکێنن، کە دوای ماوەیەکی کەم و جارێکی تر بەهەمان ئیرادەو روحیەتی پۆڵایینی شۆڕشی ئەیلوول لە (26) گوڵاندا رێبوارانی بەوەفای رێبازی پارتی و بارزانی پیلانی دوژمنانیان پوچەڵ کردەو و شۆڕشی گوڵان بووە درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول، کە هەر دەستکەوت و سەروەرییەکیش تا ئەمڕۆ لەکوردستان بەدەست هاتبێت، ئەوا بناغەکەی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و جەنابی بارزانی نەمر دەگەڕێتەوە، کە رێککەوتننامەیی11ی ئادار سەرەتای چەسپاندنی ماف و دەستکەوتەکانی کوردستانیان بوو، لەو کاتەوە بناغەکەی بۆ داندرا کە ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان و پێشکەوتنە سیاسی و ئیداری و دبلۆماسییەکان بەرهەمەکەن...

لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا..

74ساڵ خەبات وبەرخودان .. 59 ساڵ شۆڕش و تێکۆشان



د.محمد خدر مولود

ئە تۆی هەبێ سەربەخۆیە

لە باس و بابەتی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق وهەڵگیرسانی شۆڕشی 11 ئەیلولی 1961یشدا ، هەندێ لەوانەی لەگەڵ مستەفا بارزانی ، لەدەستەی دامەزراندنی پارتی بوون هەڵگری هەرناوێك ونازناوێك بووبن تا جیابوونەوەی (1964-1966) دەرکەوت لەسەرەتاوە ، لەگەڵ میتۆدوریزبازوخەباتی مستەفا بارزانی وشۆڕشی ئەیلول دا هاوکوف وهاوڕا نەبوون.

کە ئەم چەند رستەیەی سەرەومان بەم جۆرەیە گوزارشت لێکردوە لەو ماوەیەدا لە نێوان ساڵانی (1961-1946) لە مەهابادەوە تا مۆسکۆ هەموباردۆخێکی ناوخۆی پارتێکی تازە لەدایك بووی دوورلەسەرۆك دامەزرێنەری لەبەر چاوگیراوگیراوە ،هەروا لەو ماوەیە و تا هاتنەوەی سەرفرازی بارزانی و یاوەرانی لەسۆڤیەتی جاران ، باری پارتی و پارتایەتی خەبات و تێکۆشانی بەهەند وەرگیراوە وتا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول وسەرەتای چەکەرە کردنی جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە 1964 بەرەوسەرەوە و تەشەنەسەندنی ئەو پەتایە تاساڵی 1970.

شۆڕشی ئەیلوول بەناساوە مەزنێتییەکەیەوە لە 1961-9-11 هەڵگیرسا ، لە زاخۆوە نەك هەر تا خانەقین ،بەلکوتا بەدرەو جەسانیشی لەگەڵدا بوولە رۆژهەڵات ،هەرلە مەهاباد و شنۆوە ، تا کەرمەشانی لەگەڵدا بوو، لە رۆژاڤاوە و باکوورییش هەموو شارو شارۆچکەکانی لەگەڵدا بوو .

ئەوەیان راستییەکە، دیفاکتۆی ئەوسای بارزانی یە ، بەر لە تورك و عەرەب و فارس ، بەریتانییەکان دەرکیان بەو راستییە کردبوو و، لێی دەترسان . زەندەقیان لێ چوو بوو . ترسێکی ئەستوور دایانی گرتووبوو .

ئاخر بەریتانییەکان وسوپاکەی لەگەڵ سوپا ولەشکری دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی بەگوێرەی هەموو پرەنسیپە نێو دەوڵەتییەکان یەکەمین جینۆسایکردیان لە ناوچەی بارزان لەساڵانی 1932 بەرەو سەرەوە ئەنجام دا وە . ئەوە تۆماری مێژووە .

ترس لە شۆرش ، ترس لە پارتی ، ترس لە مستەفا بارزانی ، ترس لە هزری ناسۆنالیستی کوردی لە نێو جوگرافیایەکی تەژی لە شۆڤینیەت و دیکتاتۆریەتی هەڵتۆقیوی نێو کەلتوری سەفەوی و عوسمانلی و عوربەی ئیسلامی ، بە پاڵپشت و باگراوندی بەریتانییەکان وبیدەنگی سۆڤیەتی مارکسی لینینی و دەستی بەهێزی سوپای فارس و تورك و عەرەب دژی شۆڕش و پێشمەرگە ،دژی پارتی و بارزانی لەجولەو بزاوتی ئاشکراو راستەخۆی نادیارو ناستەوخۆو لەئارادابوون .

ئێستا ساڵ ، ساڵی 2020 ە ، بارودۆخە سیاسییەکە بەشێوەیەکی گشتی لە دوێنێی دوای 59 ساڵ لەتەمەنی هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلوولدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆك مەسعود بارزانی ،بە ئەرکتروناسکتروهەستیارترە .

ئەوسا، بەرلە 74 ساڵ پێش ئێستا ، مستە فا بارزانی سەرۆك ورابەرخۆی وهەڤاڵ وپێشمەرگەکانی دوای پەرینەوەی سەرفرازی لە (ئاراس) ەوە ، لەوێ گەر هەر (جەعفەر باقیرۆف) یکی لێ پەیدابووبێ و ، وەك ئاستەنگ ولەمپەرێکی تووند کەلە(ستالین ستالینتر) بووبێ و قەیران وگرفت لەدوای گرفتی بۆ بارزانی باوك خولقاندبێ ..؟ ئێستا دوای 74 ساڵ خەبات و بەرخودان ، دوای 59 ساڵ شۆڕش وتێکۆشان لە پێناو کوردستانێکی بەهێزو سەربەخۆدا ، نەك هەر باقیرۆفێك ، چەندین باغیرۆف و بارگینۆفیش ئاستەنگ و لەمپەری بەردەم ئەسپە کەحێلەکەی بارزانین . بەڵام وا لە ئاسۆی رووناوە وەك رۆژی رووناك دیارە، ئەسپەکە ناگلێ و ناسڵەمێتەوە ، رکێفیشی چپایە ، سەوڵی پۆڵایە بۆ کوردستان ونیشتیمانێکی یەکگرتووی فرەڕەنگی تەبا وئارام وئازادی سەربەخۆ سرەوتنی نییە .

سەرنج :

- میر جەعفەرعەباسۆفیچ باغیرۆف یا باقیرۆف ، ئەوساتەی بارزانی دەگاتە سۆڤیەت ، چەندین پلەو پۆستی بااڵی هەبوو ، دیارترینیان سەرۆکی کەچی پی وسکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی بوو لە باکۆ.

لەبارەی ناوەکەی ،هەردوو پیتی(غ و ق) ،لەزمانی رووسیدا هەندێجار بە(ک) یش گۆڕەکرێ،بۆیە (باقیرۆف یا باغیرۆف)، بەلەبارگینۆف یش ناوی هاتووە.




وەستانی کاتیی ئەیلوول و هەستانەوەی بەردەوامی گوڵان

سووڕە مەرگەیی

دوای ئەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە پیلان و گەلەکۆمەکی نێودەوڵەتیی تووشی وەستانی کاتی کرا، هەم پیلانگێڕان و هەم ئەوانەش کە پێیان وابوو دۆڕانی خۆیان بەو وەستانە کاتییەی شۆڕش دادەپۆشن، کەوتنە بەزمی تۆمەت هەڵبەستن و وەك پیشەی خۆیان بە تۆپخانەی ئیرهابی فکری کەوتنە بۆردوومانکردنی رەنج و ماندووبوونی شۆڕشگێڕان و تەنانەت پیرۆزیی و جوانییەکانی مێژووش بۆردومان دەکران، پیلانگێڕان پێیانوابوو شۆڕشی کورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دیوەخانی ستەم و داگیرکاری ئەوانداد دەخەوێندرێت، دۆڕاوەکانی ناوخۆش خۆیان بەوە سەرگەرم دەکرد کە دەتوانن ماڵباتی بارزانی نەمر لە گۆڕەپانی خەبات و شۆڕشگێڕیی و قوربانیدان دوور بخەنەوە، بەڵام زۆری نەبرد خەونی پیلانگێڕان لەسەر دەستی شۆڕشگێڕان و شۆڕنکەوتووانی بارزانی نەمر پووچەڵ کرایەوە.

هەستانەوەی گوڵان بە کارنامەیەکی نوێ دۆست و دوژمنی تووشی شۆك کرد، پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان پارتی هاتەوە مەیدان و وەڵامی وەستانە کاتییەکەی بە هەستانەوە و وەڵامی پیلانگێڕیشی بە بەردەوامبوون دایەوە، ئەوەش ئەو پرسیارەی لەلا دروستکردن کە چ نهێنییەك لە پشت ئەو هەستانەوە خێرایەی پارتی هەیە؟

سێ نهێنی لە پشت هەستانەوەکەی گوڵان هەیە، یەکەم: هێز وەگرتن بوو لە فەلسەفەی ئەو فەموودەیەی بارزانی نەمر کە دەفەرموێت: بە شکست نائومێد مەبن و بە سەرکەوتنیش مەغرور مەبن. دووەم: پشت بەستن بوو بەو هێزە شۆڕشگێڕەی کە لە قوتابخانەی بارزانی نەمر وانەی بڕوا نەبوون بە شکستیان وەرگرتبوو، سێیەمیشیان: بڕوا بوون بوو بەو ئامانجەی کە دەیان ساڵ لە پێناویدا قوربانی بۆ درابوو، بەڵگەش بۆ بوونی ئەو راستییە، بارزانی نەمر بە رێڕەوەکەی ئاوی (ئاراس)و بە چۆکداهێنانی هەرسێك رژێمە داگیرکارەکەی تورك و فارس و عەرەب، هەم وەڵامی پیلان و شکستەکەی کۆماری کوردستانی دایەوە، هەمیش سەرکەوتن و بڕوا بەخۆبوونی لای شۆڕشگێڕان کردە دوا ئامانج و سەرکەوتنەکەش هاتەدی.



نێچیرڤان بارزانی و ئاسایشی نەتەوەیی



نەوزەد رەشید

لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و ئەزموونی ژیانی سیاسی وحوکمڕانی لەکوردستان ، بۆمان دەرکەوتووەو گەیشتوینەتە ئەو حەقیقەتەی کە ئەوانەی لە کوردستان سیاسەت ئەکەن یان بە سیاسی دیارو ناسراوون سێ جۆرن :-

* جۆرێکیان ئەوانەن کە بۆ سیاسەت دەژین و هێزی سیاسی خۆیان خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان و شەو رۆژ هەموو هەوڵێک ئەدەن بۆ بە دەست هێنانی دەستکەوتی زیاتروو پاراستنی لە هەرِشەو مەترسی و چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە .

ئەو سیاسیانە مێژوو کردن چونکە رووداوی مێژوویی بەدی دێنن .

★ جۆری دووەم بە پێچەوانەی جۆری یەکەم ، ئەوانەن کە بەهۆو ڕێگەی سیاسەتەوە ئەژین ، هێزی سیاسیان بەکار دێنن وهەموو هەوڵێک ئەدەن بۆ بەدەست هێنانی پلەو پایەو دەستکەوتی تایبەتی و لە خشتە بردنی خەڵک ، گوێ و بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی گەل ووڵات نادەن ، گرنگ ئەوەیە ئەوان دەستکەوتیان هەبێ ، ئەگەر لەسەر حسابی دۆڕاندنی کەرامەتیشیان بێ ، چونکە لەسەر حسابی مێژوو و دەستکەوتی جۆری یەکەم پێدەگەن .

★ جۆری سێیەم ئەوانەن کە بەمژۆری سیاسی دەناسرێن ،پاشکۆی جۆری دووەمن ، ژاوە ژاوکەرن .

جۆری یەکەم کە بۆ سیاسەت دەژین و هێزی سیاسی خۆیان بۆ گەل و نیشتمان تەرخان کردووە ، ئەوانەن کە خاوەن دیدگاو بیروباوەڕو بەرنامەی ستراتیژیین ، خۆرسک هاتونەتە گۆڕەپانی سیاسەت بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی و کەرامەتی گەل ونیشتمان و خزمەتکردنی بەرەو دوارۆژێکی باشتر . ئەوانە لە واقیعی ژیانی سیاسیدا بە حەق رابەرو سەرکردەو کاریزمای سیاسین لە ئاستی لوتکەدا ، جێگەی بڕواوتمانەن لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە ، لە ناوەندە سیاسی و دیپلۆماسیەکاندا و لەلایەن سەرۆک وسەرکردەی وڵاتە بڕیار بەدەستەکان ناسراوو باوەڕ پێکراوون و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن . چونکە خاوەنی دەستکەوتی مێژووییەن بۆ گەلەکەیان .

جێی شانازی و خۆشحاڵییە کە کورد لەم جۆرە سیاسیەی بە لێهاتوییەوە هەیە و رۆڵی کاراو کاریگەر لەناو هاوکێشە سیاسیە کان و بەڵانسی هێزدا دەبینێ .

ئەو سیاسیەش نێچیرڤان بارزانی یە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە . کاریزمایەکی راستگۆو دڵسۆز بوێر ،لەسەر خۆو عەقڵانی ،دەستکەوتی زۆری بە قەوارەی هەرێم وگەلی کوردستان بەخشیوە .

دیدگاو خوێندنەوە و جیهان بینی نێچرڤان بارزانی تەرزێکی نوێی سیاسیە لە لوتکەدا . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوی دەوڵەتدارییە ،لەناو خەبات و قوربانیدان و مللانێ و بگرەو بەردەی سەد ساڵی خەباتی نەتەوەیی ونیشتمانی ورۆحی ماڵباتی بارزان و بزافی رزگاریخوازی کوردستان رسکاو پەروەردەو فێر بووە .

دەستکەوتەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ هەرێم وگەلی کوردستان لە قووڵایی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی دا بەرجەستەو جێگیر بووە .

سەرباری ئەو هەموو نەیارو دوژمن و پیلانی ناوخۆیی و ناوچەیی کە دژی ئەو و دەستکەوتەکانی کراو دەکرێت زۆر بەهێمنی بە بێدەنگی هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر ئەدات . لە دەستکەوتە مێژووییە گرنگ وگەورەکانی :

سەربەخۆیی ئابوری کە بناغەیەکی پتەوە بۆ ژێرخانی کوردستان .سەرباری کێشەو ئاستەنگەکان .

کاتێ خیانەت لەکورد کراو کەرکوک فڕۆشرا ئابڵۆقەی سیاسی وئابوری و هەرِەشەی سەربازی لەسەر کوردستان بوو ، نا ئومێدی وهەناسە ساردی گەورە ترین ترس بوو لای گەلی کوردستان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و لەناو چوونی قەوارەی هەرێم رۆژێکی رەش بوو ،بەڵام نێچیرڤان بارزانی ئومێد و هیواو دڵنیایی بۆ هەرێم وگەلی کوردستان گەرِانەوە .

ئەو شێوازێکی نوێی سیاسی گرتە بەر بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ،لە ڕێگەی جەنگی سیاسی بە شێوازی دیپلۆماسی ، دەرگا داخراوەکانی یەک لە دوای یەک کردەوە ، بەسوود وەرگرتن لە دۆستەکانی گەلی کوردستان ،لە سەرویانەوە دەوڵەتی فەرەنسا .

نێچیرڤان بارزانی پەیرەوی قوتابخانەی ستراتیژی ریالیستی دەکات کە ئاسایشی نەتەوەییان دەپارێزی ،بەبێ پیاهەڵدان و دروشم بازی و ژاوەژاوی سیاسی .

بیرو رەفتاری سیاسی نێچیرڤان بارزانی لە دوو جەمسەردا رەنگی داوەتەوە:


جەمسەرێکیان فاکتەری یەکخستنی هەوڵێستی نیشتمانییە لە ناوخۆدا .

جەمسەرەکەی تر فاکتەری راگرتنی هاو سەنگییە لە کێشمەکێش و مللانێکاندا لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە .

سەردانی لە 2/9/2020 بۆ بەغدا بە بانگ هێشتی فەرمی سەرۆکی فەرەنسا ئێمانۆئێل ماکرۆن ودووجار کووبوونەوە دواتر کۆبوونەوەکانی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی دەوڵەتی عێراق وسەرکردەسیاسیەکان ، کە لەنگەر گرتنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە ودڵنیایی بەخشینە بە هەنگاو نان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نێوان هەولێر وبەغدا .

دوای ئەوە بانگ هێشتکردنی لە لایەن ئۆردووگانەوە سەرۆکی تورکیا ،کە بەردەوام ئاسایش وئارامی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کورستانی تێکداوە بەهۆی تۆپ باران وبۆردمانی فرۆکەجەنگیەکانی بۆ ئەو ناوچانە دژی چەکدارانی پەکەکە ،لەم دوییەدا تورکیا لەشکر کێشی کرد وسنوری نێو دەوڵەتی بەزاندو هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان کە ئاسایشی هەرێمی خستە ژێر مەترسییەوە .کاولکاری و ئاوارەبوونی دانیشتوانی سەدان گوند وشارۆچکەی ئەوناوچە سنوورییە وخوین رژاندنیان بە ناڕەوا کە پەکەکە بە ئەنقەست بەخراپی سوود لە قووڵایی نەتەوەیی ونیشتمانی کوردستان وەردەگرێ بە پیادە کردنی ئەجندای دوژمنانی نەتەوەی کورد ،کە هەرِەشەو مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی. نێچیرڤان بارزانی لەو سەردانەی بۆ تورکیا دەستکەوتێکی سیاسی وستراتیژی گەورەی بە دەست هێنا ،لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دا کە توانی ئەو شەرِە ناڕەوایە بوەستێنێ و حکومەتی تورکیا بە فەرمی ڕاگرتنی شەرِەکەی راگەیاند ،لەهەمان کاتدا دەرفەتی بیرکردنەوەی چارەسەری ئاشتیانەی لەنێوان تورکیاو پەکەکە رەخساند کە لە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری سیاسیە لەناوچەکەدا .

ئەوەیە سیاسی کە بۆ سیاسەت ئەژی و پیاوی دەوڵەتە .



ڕۆڵی حزبەکان و پێگەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا

ئەسرین عاسی شوانی

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، لە سەردەمی ئەنجوومەنی حوکم و چەندین کابینە لە بەغدا، کە بە پرس و ڕای کورد، کابینەکانی حکوومەتی عێراق دەهاتنە بوون. هەر کاتێ لە ئاستی داواکاریەکانی کورد، کەمتەرخەم بوونایە، چارەنووسیان هەڵوەشانەوە دەبوو.

یان کاتێ کەسێک بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت ڕادەسپێردرا، هەوێنی کابینەکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەڵدەهات، ئەمە ئەو کات بوو کەوا حزبە کوردییەکان و کوتلە سیاسیە کوردیەکان، لە بەغدا وەک یەک تیم کاریان دەکرد، بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستانیان لە پێش بەرژەوەندی و حیزبایەتیەوە دادەنا.

بەڵام ئێستا چی دەبینین؟ پەرتەوازییەکی زۆر لە نێوان حزبە کوردیەکان، بە کوتلەکانیانەوە لە پەرلەمانی عێراق، لە کاتێکدا کورد ژمارەی کورسیی لە پەرلەمانی عێراق کەمە، لە نێوان خۆشیاندا ناکۆکن. ئەمە وای کردووە، کەوا کورد لە حکوومەتی عێراق و بەغدا پێگەی لە دەست بدات، نەتوانێت وەک جاران داکۆکی لە مافی گەلەکەی بکات، داواکارییەکانی کوردستان لە سەر مێزی گفتوگۆ دەستەبەر بکات. لەبەرئەوە لە ئێستادا، هەر یەک لە حزبەکان و کوتلە پەرلەمانیەکانیان، بە بایەک شەن دەکەن، هەندێکیان ئەوەندە بیر لە عێراقچێتی دەکەنەوە، هەر بیریان بە لای نەتەوەکەی خۆیان دا ناچێت، ئەوەندەی داکۆکی لە بەغدا دەکەن، کوردستان و مەینەتیی گەلەکەیان نایەنە خەونیشیان.

بۆیە ئەگەر وردبینانە لەم برینە کێماویە بڕوانین، کە قەتماغەی بەستووە، دەبێت حزبەکان بە گەورە و بچووکیانەوە، لە چەپەوە تا ڕاستیان، بە ئاینی و عیلمانیانەوە، دەبێت بەرژەوەندی باڵای گەلەکەیان، تاکە بژاردەیان بێت، وەک کورد لە بەغدا کار بکەن، هەموو ڕەنگەکان و ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی وەلا بنێن، تەنها وەک کورد بوونیان لە بەغدا بیێت.

هەوڵ بدەن پێگەی کورد ئەوەندە بەهێز بکەنەوە، تا کاربەدەستانی عێراق ناچار بکەنەوە، جارێکی تر لە قەیرانەکانیان دا بە پەلەپرۆژێ ڕوو لە هەرێم بکەن، داوای چارەسەرو دەرمانی کێشەکانیان لە کورد بکەن. کە ئەو کات کوردیش دەتوانێت، لە بەرامبەردا داواکاریەکانیان بە سەردا بسەپێنن، پێگەی هەرێم دووبارە بەهێز بکەنەوە، گەر نا دۆخی هەرێم، زیاتر و زیاتر بەرەو خراپتر دەڕوات، ئەوەی تا ئێستا بە دەستیان هێناوە، ئەوەش لە دەست دەدەین.

بۆیە لە سەر حزبەکان پێویستە، لە بەغدا، کوردانە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی عێراق، لە پەرلەمان و حکوومەت و سەرجەم دامودەزگاکانی حکوومەتی فیدراڵی، وەک یەک تیم و وەکو کورد کار بەن، هەموو کێشە لاوەکییەکانیان لە نێوان خۆیاندا وەلا بنێن، بە جۆرێک کار بکەن، کە دوژمن و ناحەزانی، پەی بە برینەکانی کورد نەبەن، تا هەر کاتێک ویستیان بیکولێننەوە.



حکوومەتی خزمەتکار

مافپەروەر / عومەر محەمەد فەرەج

ئەوە چەندەمین جارە مەسرور بارزانی ڕایدەگەیەنێت حکوومەت و بەرپرسەکانی خزمەتکاری هاوڵاتیانن، نەک هەر ئەوندە بەڵکو خزمەتکارێکن شانازی بەو خزمەتکاریەی خۆیانەوە دەکەن و ئامانجیان ئەوەیە بتوانن جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتیان بن.


ئەم گوتارەی سەرۆکی حکوومەت هەڵگری ناوەرۆکێکی گەورەیە و پێویستی بەپشتیوانیکردن هەیە، چونکە ئەمە دەربڕینی ڕاستەقینەی جەوهەری فەلسەفەی حوکمڕانی مەدەنیە، لە حوکمڕانی مەدەنیدا ئەو چەمکە بەتەواوی گۆڕاوە، کە حکوومەت گەورەی خەڵک بێت یاخود باوکی خەڵک بێت، بەڵکو دەستەواژەی(حکوومەتی خزمەتگوزار) جێگەی گرتوەتەوە، ئەمەیش بەو واتایەی گەل و هاوڵاتیان سەرچاوەی ڕەسەن و سەرەکی شەرعیەتی حوکمڕانین و بەپێی ویستی ئازادانەی خۆیان بەشێك لە ئیرادەی خۆیان دەدەنە فەرمارەوا بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان بەپێی توانا بۆ دابین بکات. بەم پێیە حوکمڕانی بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هاوڵاتیان، هەر بۆیە هێز و کاریگەریی فەرمانڕەوایش بریتیە لەبەرجەستەکردنی ئەو ئیرادەیە.

لێرەوە کاتێك سەرۆکی حکوومەت جەخت لە ئەرکی گەورەی خۆی و هەڤاڵەکانی لە حکوومەت دەکاتەوە بەوەی خزمەتکاری خەڵکن، ئەوەمان پێ دەڵێت کە حکوومەتی هەرێم دەربڕی ئیرادەی هاوڵاتیانە و پشت ئەستورە بە شەرعیەت و پشتیوانی هاوڵاتیان، پێمان دەڵێت هەتا ئێوە بتوانن باشتر پشتیوانی حکوومەتەکەی خۆتان بن، ئەوا دەتوانرێت خزمەتی باشتر بکرێن و بڕیاری باشتر دەربچێت، کە سودی هەمەلایەنەی هەبێت و چاکسازی فراوان فەراهەم بکات.

لۆژیکی خزمەتکاری خەڵک، ئەوە دەگەیەنێت بەرپرسیارێتی یەکسانە بە هەوڵ و ماندووبوون بۆ ڕازیکردنی هاوڵاتیان و دابینکردنی لایەنی زۆری پێداویستیەکانیان، بەرپرسی باش و چاکیش ئەو بەرپرسەیە کە بەکار و پڕۆژە و خزمەتەکانیدا دەناسرێتەوە، بەپێی ئەم لۆژیکە مەسرور بارزانی خۆی و حکوومەتەکەی تەسلیمی چاودێریەکی هەمیشەیی کردووە کە چاودێری هاوڵاتیانە، ئەو پێمان دەڵێت ئێوە هەموتان چاودێری ئیمەبن و ڕێگە مەدەن بڕیارەکانمان کە بەخواستی ئێوەیە بەربەستیان بۆ دروست ببێت، بەڵکو هاوکارمان بن پێکەوە چاکسازی بکەین و ئەوەی ئێوە پێویستانە ئیمە بیکەین.

بۆیە لە حکوومەتی خزمەتگوزاردا چەندە ئەرکی بەرپرسان قورس دەبێت، لەوە زیاتریش ئەرکی هاوڵاتیان قورس دەبێت کە بەئاگایی و هۆشیاریەوە چاودێری کارەکانی هاوڵاتیان بکەن و چۆن کەمو کوڕیەکان دەخەنە پێش چاو، ئاوەهایش ئاگادارین و ڕێگە نەدەن خەڵکانی بێ بەرهەم و ناحەز، حکوومەت و خزمەتەکانی ناشیرین بکەن، ڕێگە نەدەن خزمەتگوزاریەکان بشێوێندرێن، ڕێگە نەدەن بڕیارە باشەکانی حکوومەتە خزمەتکارەکەیان بەربەستی بۆ دروست ببێت، چونکە حکوومەتێك لە لوتکەی بڕیارەوە خۆی بە خزمەتکار بزانێت شیاو و شایستەی پشتیوانیکردنە.

سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کوردستان.. ئاڵۆزیی و چارەسەرکردنییان



شێرکۆ حەبیب

سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لەم کات و ساتە بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی لە کات و ساتێك کە پەتای کۆرۆنا عێراق و کوردستانی بێ بەش نەکردووە، هەروەها جموجۆلی داعش لە زۆر ناوچە سەری هەڵداوەتەوە، جگە لەمانەش گرفتەکانی نێوان بەغدا و هەولێر تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراون، کە وادیارە کازمی خوازیاری چارەسەریەتی، چونکە لای هەموان ڕوونە، کە دواخستنی چارەسەری ئەو گرفتانە کە گرنگترینتان مادەی 140ی دەستووری عیراقە، هەروەها گرفتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و بودجەی هەرێم و شایستە داراییەکانی هەرێم و پێشمەرگەیە، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتی ناوەندەی کە کەمتەرخەم بووە لە چارەسەرکردنیان، هەندێ لەو گرفتانە پێویستیان بە یاسا هەیە لەسەر بنەما و بڕگە دەستوورییەکان وەك ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم کە پێویستی بە یاسا هەیە، هەروەها خاڵە سنوورییەکان و سەرجەم بابەتەکان، ناکرێت هەرێم ئەوانە هەموو ڕادەست بکات بێ بوونێکی یاسایی یا ڕێککەوتنێك لەسەر بنەمای دەستوور.

سەردانەکەی بەرێز کازمی زۆر قسەو باسی لێوەکرا، سەردانێکی ئاسایی بوو سەرۆك وەزیرانی وڵات سەردانی هەرێمێکی وڵاتی کردووە، ئەگەرچی دوور لە خواستی خۆمان حەز بکەین یا نا، ئێمە تا وەکو ئێستا بەشێکین لە عێراق.

بەرێز کازمی کەسێکە لە ئێش و ئازاری کورد گەیشتووەو لە کوردستان ژیاوەو شارەزایی لەسەر تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو دژ بە کورد هەیە، هەرچەندە زۆربەی سەرکردە سیاسی و حزبییەکانی عەرەب لە کوردستان میواندارى و پارێزگاریان لێکراوە لە کاتی ئۆپۆزسیۆنبوونیان، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان نمەك حەرام دەرچوون، هیواداریین بەرێز کازمی گرفتەکان چارەسەر بکات دوای ئەو پێشوازی و دەستپێشخەرییەی هەرێم و بەغدا هەیە و بە پاڵپشتی دەرەکی دژایەتی هەرێم دەکەن، تەنانەت وا بیر دەکەنەوە کەوا هەرێم بوونی نییە و ناشەرعییە، لەو باوەڕەن ئەگەر بەڕێز کازمی لیستی هەڵبژاردنی هەبێت لە کوردستان زۆرترین دەنگ دێنێت، ناتوانین بڵێین کەوا دەنگ ناهێنێت، بەڵام زۆرینە و سەرکەوتن مەحاڵە، ئەمە تەنیا خەیاڵ و هەزری ئەوانەی نۆکەر و بێگانەپەرست و دژی کوردستانن، ئەوانەی دژایەتی ریفراندۆمیان کرد و هەرهەمان زوڕناژەنەکانی جارانن، دەبێ ئێمە لەگەڵ تەبایی و پێکەوە ژیان بین، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین دەبێ بە تەبایی بێت لەگەڵ بەغدا.

ئەمڕۆ بەغداش باش دەزانێت و باشیش لەوە تێگەیشتووە کەوا کێ خەمخۆر و دڵسۆزی میللەتە، بەڵکو لە جیهانیش ئەوە ڕوون بۆتەوە، بۆیە هەمووان سەردانی سەری بڵند دەکەن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٧١٢٠ بەرووار ٢٠١٩/٥/٢١ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی هیوا کانبی محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی کۆیە
هۆبەی کارگێڕی

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کەپێشکەشکراوە بۆ ئەو فەرمانگەیە لەلایەن بەڕێزان (شێرکۆ عثمان عبدالله - رفیق شفیق حمدامین) کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان و ئێستا دانراوە لەکارگەی (مەندیلان) بۆ (بەرهەمهێنان و تێکردنی توتن و معسلی نێرگەلە) کە لەخوارەوە دیاری کراوە بۆیە ئەو کەسەی پەیوەندی بە کەل و پەلە وەسف کراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا واتا ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەنرێت تا یەکلایی کردنەوەی داواکە و نارازی بوون بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار بەپێچەوانەوە کەل و پەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسایی دادنووسی ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

زانست رحمان محمود
دادنووسی یەکەمی کۆیە

ئامێرەکان:

١- ئامێری تێکردنی معسل ٥٠ غرامی ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٠ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٢- میکسەر ژمارەی sn/ ٩٣٩٦١ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٣- ئامێری کەپسکردنی پاکەتی گەورە ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٢ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٤- ئامێری ئۆتۆماتیکی مۆرکردن و چاپ کردنی کارتۆن ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٣ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٥- ئامێری پێچانەوەی سندوق ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٤ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٦- ئامێری برینی توتن ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٥ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

٧- عەجانی تێکردنی توتن + ٣ حەوز ملحق – ستیل ژمارەی sn/ ٩٣٩٦٦ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر

ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٩/١٠٣٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٩
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٤/٩١٥٧ کە کەوتوەتە ك ٩ باغلو منارە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شۆرش خضر قادر کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی جوان حاتم ابراهیم بەبڕی/ ١١,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٤/٩١٥٧ ك ٩ باغلو منارە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ زەوی بەتاڵ
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی بەتاڵ
٥ – ڕووبەرەکەی/ ٣٠٠م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٢٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار بەشی قەرزدار ١٣,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
سەرچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٢٤٤/٢٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨
بۆ/ بەڕێز (انسام طلعت نذیر)

بەناونیشانی (تۆژەر) لە بەشی (ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر دابرانت لەکار لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٧ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەت بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی عێراقدابی وە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی عێراقدابی و بەپێی بڕگەی ٤ لەبەندی ٣٧ یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٧) لەساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنن.

پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم
ڕاگری کۆلێژ بە وەکالەت

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٠١٧/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٩
ئاگانامە

داواکار/ هاوژین عبدالله قادر

داوالەسەرکراو/ شهرام محمود ساعد پناه

داواکار (هاوژین عبدالله قادر) داوایەکی بە ژمارە ٥٠١٧/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری) بەهۆکاری جێنەشتنی بێ پاساوی مێرد ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٦ بڕیاری دا بەجیابوونەوەتان وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسای پێڕاگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە.

دادوەر/ محەمەد مصطفی رسول

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٤٥٢٠/ش/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٧
جاردان

بۆ داوالێکراو (هینگاو خضر محمد)

شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٤٥٢٠/ش/٢٠١٩/١) وە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/٢٢ بڕیاری دا بە (تفریق) بۆ هاسەرەکەت (وردە عمر کریم) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی کوردستان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

* * *

کۆمپانیای ڤیرا
بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار
سەرمایەی کۆمپانیا (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار

ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە
پەیوەندیدارەکان..

من پارێزەر (شیلاز علی فارس) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای ڤیرا بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٦ دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپنایاکەمان پاکتاو دەکرێ هەر کەس و لایەنێك هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی ١٠ دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار
پارێزەر/ شیلاز علی فارس
٠٧٧٠٣٥٢٣٤٤٤

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/ ٢٠٢٠/٨٤٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگاداری

گلدانەوەی سامانی گوزاراوە
بۆ قەرزار بۆتان عمر گەردی شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێگەی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری گلدانەوەی جێبەجێ کردن الحجز التنفیذی لەسەر سامانی گوزاراوە کە کەلوپەلی ئۆفیسی کۆمپانیا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرتان ئامادە بن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ٣ سێ ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارە (٥٨٣,٢٥٠) دینار بۆ خاوەن قەرز لمیعە عزیز شێرە بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەلدەستێ بە فرۆشتنی کەلوپەلەکان ئاماژەپێکراو بە پێی یاسا.

جێبەجێکاری داد / کالی قادر پیرۆت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/ ٢٠١٩/٤٤٠٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگاداری

گلدانەوەی سامانی گوزاراوە
بۆ قەرزار کۆمپانیای مارس
لایف شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێگەی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری گلدانەوەی جێبەجێ کردن الحجز التنفیذی لەسەر سامانی گوزاراوە کە کەلوپەلی ئۆفیسی کۆمپانیا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرتان ئامادە بن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ٣ سێ ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارە (٥٧٦,٠٠٠) دینار بۆ خاوەن قەرز لمیعە عزیز شێرە بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەلدەستێ بە فرۆشتنی کەلوپەلەکان ئاماژەپێکراو بە پێی یاسا.

جێبەجێکاری داد / کالی قادر پیرۆت

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٥٥/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/٨
ئاگەهداری

بۆ داوالێکەراو (خالد احمد خالد)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٣
ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (٧٣٤٠/ دهۆك کرێ) جۆرێ (تویوتا کرولا صالون) مۆدێل (٢٠٠٩) ڕەنگ (تبنی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (موسی حسین خضر) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدە نیڤرو ل ڕوژا (٣) سێ پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٢٢٤٠٠٠٠) دوازدە ملیون ودوو سەد وچل هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە

ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

* * *

دادگای بەرایی ڕانیە
ژمارە/ ٢٠٣/ب/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١
ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ عمر عبدالله عمر-قەڵادزێ-شەهیدان- شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لە کاتی ئێستادا داواکار ئامانج صالح احمد داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بری ٩٠٣٦٢٨٠ نۆ ملیۆن و سی و شەش هەزارو دوو سەد و هەشتا دیناری عێراقی دەکات وەکو قەرز. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی شەهیدان، بۆیە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادە بێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ چیمەن عمر حمد

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٣٥ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٣ / ٩ / ٢٠٢٠
ب/ ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : مانوئیلا سونیا کر یکو

ل دیف داخوازیا داواکار(فائز خلیل محمود) وکیشا ژمارە (٣٣٥ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا خو ژتە دکت بەرامبەری ڤێ دادگەهێ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (زاخو) یا ژمارە (١٧٦٢) ل (١٩ / ٨ / ٢٠٢٠) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (اشتی / ١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠ /٩/ ٢٠٢٠ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٣٨ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٣ / ٩ / ٢٠٢٠
ب/ ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : دلخش هادی حسن

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٢٨ /ش/٢٠٢٠) ل ڕوژا (٢٠٢٠/٩/٧) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (روندك بشار احمد) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

ب.گ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

ژمارە/ ٧٨٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٠

بۆ فەرمانبەر (عامر محمد عبدالعزیز)
ئاگادارکردنەوە

دوا بەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٠ تاکو ٢٠٢٠/٨/٢٠ پێویست بوو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢١ دەست بەکاربوویتایەوە دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەت بەڵام بەبێ هیچ هۆکارێك لە دەوامی فەرمیت دابڕاویت و چەندین جار لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی ئاگادارکرایەوە کە پێویستە پابەندبیت بە دەوامی فەرمیت، لەبەر ئەوە ئاگادارت دەکەینەوە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە دەتوانی پەیوەندی بکەیتەوە بە دەوامی فەرمی خۆت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت لەو سزایانەی دەتگرێتەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

احمد هۆشیار محمدامین
بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانە

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (چادان) بۆ ئالوگۆری دراو/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (چادان) بۆ کۆمپانیای (کیشوەری ئالتونی)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کورەك ئەکادیمی) بۆ ڕاهێنان و فرێکاری و بەڕێوەبردن و ڕێبەری/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناو و جۆری)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (کورەك ئەکادیمی) بۆ ڕاهێنان و فرێکاری و بەڕێوەبردن و ڕێبەری/ سنوردار) بۆ کۆمپانیای (KOREK MOUNTAIN TELECOM) بۆ گەیاندن/ سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر



خوێندنی ئۆنلاین لە زانکۆو پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان تا چەند سەرکەوتوو دەبێت

ڕاپۆرت/پەریهان عومەر

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی پڕۆژە پێشنیازی بۆ ساڵی نوێی خوێندن تاوتوێ کرد بۆ ساڵی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ وا بڕیارە کە سیستەمی خوێندنی ئۆنلاین و ئاوێتە لە زانکۆ و پەیمانگاکان پەیرەوبکرێت، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە و چارەنووسی خوێندنیش بەستراوەتەوە بە خوێندنی ئۆنلاین ، لەم ڕاپۆرتەماندا بۆچوونی چەند مامۆستاو قوتابیەکمان لەبارەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەم خوێندنەوە وەرگرت:



د. ئاراس ئیسماعیل:

یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی بەشی زۆری وڵاتان دەبێتەوە، چۆنیەتی بەردەوامییدانە بە پڕۆسەی خوێندن



مەهدی شەعبان :

خوێندن بە ئۆنلاین نە جێگای خوێندنی ئاسایی دەگرێتەوە، و نە ئەو سەرکەوتنە کەلێی چاوەڕێدەکرێت بەدەست دەهێنێت

بڕیارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا

سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبارەی دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن لە زانکۆ پەیمانگاکان دکتۆر ئاراس ئیسماعیل لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب بۆ خەبات وتی؛ بە هۆی بەردەوامیی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان سیستەمی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی باشترین بژاردەیە بۆ ئەو دۆخەی ئێستا ، بەڵام ئایا ئەو بژاردەیە هەموو قوتابیان لە هەرێمی کوردستان کەڵکی لێوەردەگرن بێ گومان نەخێر. دەکرێت بڵێن لە سەنتەری شارەکان کەڵکی دەبێت بۆ سەرجەم قوتابیان بەهۆی خوێندن تێکەڵە و خوێندنی ئۆنلاین ، بەڵکو لە بەشێك لە زانکۆ پەیمانگاکان بە حکومی و ناحکومیەکان و کەرتی تایبەت ئەو بژاردەیە دەمێکە پەیرەو دەکرێت و لە پێناو بەردەوامیدان بە پڕۆسەی خوێندن و فێرکردن و پاراستنی بەرژەوەندیی قوتابیان و خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و لەسەر پێشنیاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، جگە لە قوتابیانەی کە لەشوێنی نیشتەجێ بونی بنەرەتی خۆیان ناخوێنن وکە دەبێت لە کەمپەسی ناوەندەکانی خوێندن سەر بە هاوشێوەی پسپۆریەکانیان لە زانکۆ نزیکەکانی خۆیان بخوێنن لە نێو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەرەتیان.

دواخستنی دەستپێکی خوێندن

دکتۆر ئاراس ئیسماعیل زیاتر ڕوونی کردەوەو وتی؛ بەدیدی خۆم باشترین بژاردە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەك دەستپێکی پڕۆسەی خوێندن دوابخەین بەئومێدی کەمبوونەوەی ئاستی کاریگەری ئەم پەتایە. ئەم نووسینەش باسێکی فرەڕەهەندە دەربارەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن. وەك ئاگادارن، جیهان تا ئەم کاتەش گیرۆدەی بڵاوبوونەوەی بەردەوامی ڤایرۆسی کۆرۆنایە، یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی بەشی زۆری وڵاتان دەبێتەوە، چۆنیەتی بەردەوامییدانە بە پڕۆسەی خوێندن. ئەمڕۆش لە هەموو کات زیاتر پڕۆسەکە وابەستەی ڕێنوێنییە تەندروستییەکانە. بەگوێرەی سیستەمی خوێندنی باڵای ساڵی 2009، وەزارەت خوێندنی باڵا دەسەڵاتی هەیە کە لە پاش ناوەڕاستی مانگی نۆی هەموو ساڵێك دەرگای ناوەندەکانی خوێندن بکاتەوە، بەڵام دەسپێکی خوێندنی ساڵی نوێ لەبەر ئەوەی ڕەهەندێکی تەندروستی هەیە، لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار لەسەر دەستپێك یان دواخستن یان هەر شێوازێکی دیکەی بەردەوامی پڕۆسەکە دەدرێت .

بۆیە پڕۆسەی ئەلیکترۆنی چەند ڕەهەندێکی هەیە کە دەبێت بەشێوەیەکی باش و خراپی هەیە لەگەڵ دەستپێکی دەوامکردن بۆیە پێویستە ئەم بارودۆخەی ئێستا مامۆستایان و قوتابیان و سەرجەم دامەزراوە حکومی و تەهلیەکان پرسەکە بە گرنگ وەربگرن بۆ ئەو بڕارەی ئەلیکترۆنی بەڵام بۆ ئایندە دەگرێینەوە سەر بواری ئاسایی خۆمان ، یان دەکرێت ئەلیکترۆنی شێوازی ڕۆژ نا ڕۆژێك یان شێوازی هەفتە بە هەفتە یان شێوازی دابەشکردنی پۆلێك بۆ چەند گرووپ و هەر گرووپێك ڕۆژێکی هەبێت بۆ خوێندنی زۆرترین وانە تاکە یەك خاڵی پۆزەتیڤ لەم شێوازانەدا هەیە، ئەویش کەمکردنەوەی ڕێژەی قوتابیانە لە پۆلدا کە دروست لەگەڵ ڕێنوێنییە تەندروستییەکاندا دێتەوە (بۆ نمونە پۆلێکی 40 قوتابی دەبێتە نیوە) بەڵام جارێکی دیکە بەریەککەوتن بنبڕ ناکات و کاریگەری نێگەتیڤیش جێدەهێڵێت. لەوانەش،

- کاریگەریی لە دابەزینی چۆنیەتی (کوالێتی) خوێندن گرفتی میلاك و وانەگوتنەوە زیاد دەکات.
- گفتوگۆیەکی جددی دروست و خەتێکی باش،گشتی کێشەن بۆ قوتابی گرنگە ئاگاداری دۆخی قوتابیان بن ، یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی من ئەبینم و کێشەی منیشە قوتابی بەشە ناوەخۆیەکان ، قوتابی لەکەلاڕەوە یان لە ڕانییەوە ئەو ڕێگایە ببڕێ بۆ زانکۆی سلێمانی بەم دۆخە ، یاخود ئەو وانانەی پراکتیکین چۆن بخوێندرێ و سود وەربگیرێ ، پێم وایە باشترین چارەسەر کردنەوەی دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکان بەڕووی قوتابی خوێندن لەناو هۆڵەکان خوێندن ڕاستەقینەیە و نامەوێ دەرچوویەکی نەخوێندەوار بم لەسەر دەستی ئۆنلاین .

دەرچوویەکی نەخوێندەوار

سێلین فەرحان قوتابی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئاداب لە بارەی ئەم بابەتە بۆ خەبات گوتی؛ من وەك خوێنکارێك پێم وا نییە خوێندکار یەك ساڵ بتوانێ سود لە خوێندنی ئۆنلاین وەربگرێت ، پێویستە ژیان و بارودۆخی خوێندکار لەبەرچاو بگیرێ، لەم دۆخەیا خوێندکار چۆن دەتوانێ خوێندنی ئۆنلاین جێبەجێبکات لەکاتێکدا کەسوکاری زۆربەی موچەخۆری حکومەتن ، زۆر کێشەی دیکە نە ئاستی سەقافی و نەئاستی کوالیتی و جۆری مۆبایلەکەی و هەبوونی لاپتۆپێکی گونجاو بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە پڕۆسەی خوێندن ئۆنلاین ، ئەوەش بەبێ ئەوەی ئەو کەسە پێشتر هیچ ئەزموونێکی لەم بوارەدا هەبێت ، ئەوا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن و دەرچوانی بێ توانا و بێ کەڵك بۆ کۆمەڵگا.

کوالێتی خوێندنی ئەلیکترۆنی

هەروەها دکتۆر ئاراس لە ڕووی کوالێتی ئینتەرنێتەوە باسی کردو وتی؛ بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان نرخ و کوالێتی ئینتەرنێت زۆر ڕەهەندی لە سەر ئاستی خوێندن دروست دەکات بۆیە زۆربەی کات ئەو نرخەی کە بۆ ئینتەرنێت دانراوە لەبەرژەوەندی بەشێك لە هاوڵاتیانی نێوە شارەکان تاڕادەیەك خراپ نیە ، دەکات لە پێدانی پێشینە (ئەولەویەت) بە وانەیەکی تایبەت .

چونکە لەلای من وانەکان « لاوەکیەکان پلەبەندی باش و جێگایان نابێتەوە لە خشتەی وانەکانی سەردەمی بڵاو بونەوەی پەتای کۆرۆنا بۆیە بە شێك لە مامۆستایانی بابەتە لاوەکیەکان نیگەران دەبن » هەرچەندە بابەتە لاوەکیەکان هیچیان کەمتر نییە لە بابەتە سەرەکیە زانستیەکان، چونکە ئێمە وەك مامۆستا، ئامادەکردنی تاك لە ڕووی زانستییەوە لە سیستەمی خوێندنی ئێمەدا زنجیرەبەند و دیاریکراوە تا دەرچونی لە زانکۆ ، ئەوەدەم چڕبوونەوە لە زانستیکی تایبەتدا دەبێتە خۆتەرخانکردن لە پسپۆرێك بەپێی ڕشتەی دڵخوازی قوتابی.

جیاوازی نێوان ئۆنلاین و خوێندنی ئاسایی

لای خۆشیەوە مامۆستا مهدی شەعبان مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب بەشی ڕاگەیاندن لە سەر ئەم بابەتە بۆمان دواو وتی؛ لە سەروبەندی کردنی خوێندن بەئۆنلاین، تاچەندسەرکەوتووەدبێ بارودۆخی ئێستای جیهان وکوردستان وەك جاران ئاسایی نەبوویتەوە، هەر چەندە زۆر بازار وشوینەکان کراونەتەوە، وخەڵك بەڵام بۆ ناوچە دوورە دەستەکان ناوچە گوند نیشین وقەزاو ناحیەکانی کە ناوچەیەکی شاخاوی قوتابیان لە ڕووی وەرگرتنی کوالیتی وزانستی بێ بەش دەبن ، بەڵام سەبارەت زانکۆ پەیمانگاکان لە دەرەوەی شارەکان خوێندنی ئۆنلاین تا ڕادەیەك بەربەست دروست دەکات بە هۆی نەبوونی سیستەمی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت و کوالێتیی باش ناتوانن بە جۆرێك قوتابیان کەڵکی لێوەربگرین، بۆیە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان ڕێنمایی و ئامادەکاریی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژمێری وەرزی یەکەمی خوێندن لە گشت ناوەندەکانی خوێندن و دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بە شێوەی ئەلیکترۆنی بکەن .

نەبوونی هێڵێکی ئەنتەرنێتی باش

محمد عوبێد قوتابی بەشی ڕاگەیاندن هەر لەم بارەیەوە وتی؛ دوای ئەوەی بڕیاری ئەوە درا خوێندنی ئونلاین پەیڕەو بکرێت پێم وایە ئەم بژاردەیە قوتابیان و مامۆستایان دووچاری کۆمەڵێك کێشە دەکاتەوە لە گەیاندن و وەرگرتنی ئەو بابەت و مەنهەجانەی کە بۆ ئەم ساڵە ئامادەکراوە لەبەرئەوەی مامۆستایان و خوێندکاران ئەزموونێکی لەم شێوەیەیان لە ڕابردوودا نەبووە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی گەیاندنی بابەتەکان لەلایەن مامۆستایان و وەرگرتنی لەلایەن



سێلین فەرحان:

خوێندن لەناو هۆڵەکان خوێندن ڕاستەقینەیە و نامەوێ دەرچوویەکی نەخوێندەوار بم لەسەر دەستی ئۆنلاین



محەمەد عوبێد:

ئەم شێوازی خوێندنە پێویستی بە ئینتەرنێتی باش هەیە کە لەشارەکاندا بوونی نییە چ جا ئەوەی لە گوندێکی دوورە دەست



بۆ ئەوەی خۆشەویستانمان پارێزراو بن



با پێکەوە پابەند بین

پێویستە نووسەر شارەزایی لە ئەدەبی کلاسیک هەبێت ،چونکی کلاسیک تەرازوێکە بۆ خۆ هەڵسەنگاندن و سامانێکی گەورەیە

باهۆز مستەفا: ئەو چیڕۆی نووسەر لەنووسین پێیدەگات چیڕۆکی ئاسایی نییە هاوشێوەی ئازاری منداڵبوون ژان و خۆشی تێکەڵاو دەبێت



دیمانە: هێمن ئاری

باهۆز مستەفا ،قەڵەمێکی جوانی نێو بواری ئەدەب و نووسینە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی جوانە هەم لەڕۆمان هەم لەچیرۆک و شیعردا بەزەوق و سەلیقەیەکی جوان وشەکان دەخاتە بەر دەیدی خوێنەران .. باهۆز لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا باس لەپڕۆسەی نووسین و قاڵبوونەوەی خۆی لەنێو ئەم بواڕەدا دەکات، لەگەڵ شەن و کەوکردنی چەند بابەتێکی دیکە لەبواری نووسین .

ئەزموون و نووسین

لەبارەی ئەزموونی نووسین و هاتنە نێو ئەم بواڕە باهۆز مستەفا گوتی: نووسین پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە، وەکو بەرهەمهێنانی ماددەیەکی کیمیایی یان بڵێن ڤاکسینێکە کۆمەڵێك قۆناغ هەیە دەبێ ئەو قۆناغانە لەسەرخۆ و بەوردی بەڕێوەببچێت، تاکاریگەری لاوەکی لە سەر نووسەر و خوێنەر دروست نەکات. ئەوانەی ئەو قۆناغانەیان تەواو نەکردووە دەبینین ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند دەبنەوە لەلایان ڕەخنەگر و خوێنەر، زۆرجار هەر ناخوێندرێنەوە، بەڵام هەندێکیان چەند قۆناغێکاین بڕیوە و نەگەیشتوونەتە دوا قۆناغ کەچی دەستیان بە پڕۆسەکە کردووە و تووشی هەڵەی گەورەبوونە، زۆر کەم نووسەرمان هەیە توانیبێتی هەموو بنەما و قۆناغەکانی پێگەیشتنی لەخۆی کۆکردبێتەوە و بەرهەمێکی پڕ و داهێنەرانەی پێشکەش کردبێ، کەدیوانێکی شیعری دەخوێنییەوە شیعرێکی جوانی تێدایە، شیعرێك دەخوێنییەوە کۆپلەیەکی جوانی تێدایە، ڕۆمانێك دەخوێنییەوە بەشێکی جوانە هتد...، بۆ تەواوی دیوانەکە پڕ لە شیعری جوان نەبێ؟ یان بۆ ڕۆمانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتای نەتبەستێتەوە بە ڕووداو و کارەکتەرەکانی؟

نووسەر دەبێ ڕۆشنبیربێ و شارەزایی لە ئەدەبی کوردی هەبێ و بەجددی خوێندبێتیەوە بەتایبەتی ئەدەبی کلاسیك، ئەدەبی کلاسیك تەرازوێکە بۆ خۆ هەڵسەنگاندن، هەروەها سامانێکی گەورەیە، بێگومان ئەدەبی نوێش هەر دەبێ بخوێندرێتەوەو پێویست نییە هەر باسی بکەیت، بۆ نمونە گەر گۆران نەناسی و نەتخوێندبێتەوە بۆشایەکی گەورە لە زنجیرەی زانیارییەکانت دروست دەکات لەسەر ڕێڕەوی ئەدەبی کوردی بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەیت. زمانی دایك زۆر گرنگ و پڕ بایەخە دەبێ نووسەر ڕێزی بگرێ و بە زمانێکی کرچ و کاڵ نەنووسێ ئەوە بەو مانایە نییە کە بچێ وشەیەکی کۆن لە ناو فەرهەنگ دەربێنێ کەس تێینەگات یان ئاڵۆز بنووسێ، نەخێر زمانێکی ڕەوان و بێگرێ و ئاشکرا، چونکە زمان کۆڵەکەیەکی بەهێزی نووسینە، خوێنەر دەبێ بەبێ ماندبوون بیخوێنێتەوە و چێژی لێوەرگرێ. زمانی دووەم هەر زۆر گرنگە بۆ نووسەری کورد، چونکە وەرگێڕان بەو شێوەیە نییە کە لە وڵاتان هەیە، لای خۆمان زیاتر کارێکی تاکە کەسییە هیچ دەزگایەکی تایبەت و کارامان نییە، بۆیە دەبێ زمانێکیتر بزانین تا ئاگاداری ئەدەبیاتی ناوچەکە و جیهان بین، هەروەها ئەزموونی نووسەر لە ژیان، بۆ کرانەوەی بیر و هۆش و دونیابینی، ناکرێ باسی سەما بکەیت و سەمات نەکردبێ، باسی خۆسەویستی بکەیت خۆشەویستیت نەکردبێ و ڕق نەستووربیت، باسی جگەرە و شەراب و گەشت و دەریا و سەرکێشییەکان بکەیت ئەزموونت نەکردبێ. بێزنارد شلینك خۆی دادەوەرە بۆیە زۆر سەرکەوتووە، کاتێ باسی تاوان و تاوانبار دەکات، پاوڵۆ کۆیلۆ خۆی نەخۆشی دەرونی هەبووە و سەری لە کارەبادراوە بۆیە ڕۆمانی ڤیرۆنیکا بریاریدا خۆی بکوژێ دەنووسێت بە سەرکەوتووی، ئێمبەرتۆ ئێکۆ دەساڵ بە ناو کلێسە و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست سوڕایەوە تا ڕۆمانی ناوی گوڵی نووسی.

جگە لەمانە ئاسان نییە نووسەر خۆی باسی پڕۆسەی نووسینی خۆی بکات، چونکە کەم نووسەر هەیە تێبینی لەسەر کار و بەرهەمەکانی خۆ هەبێ، ئەوە زۆر باشترە کەسێکیتر قسە لەسەر بەرهەمەکانی بکات کە خوێندبێتییەوە، پاشان پڕۆسەی نووسین یان نووسین بەگشتی کاتێکی باشی پێویستە تا دەگاتە گوێی خوێنەر و ڕەخنەگر و نووسەران ڕەنگە پێویستی بە چەندین ساڵ و چەند دەیەك هەبێ تا دەگەیی زۆرجار گوێیان لێدەبێ یان دەیخوێنینەوە فلانە نووسەر باشبوو، بەڵام وازی لە نووسین هێنا! بۆیە پێویستە پەلە نەکەین لە بڕیاردان لەسەر دەستپێکردنی کاری نووسین. من لە لەسەردەمی کۆلێژ دەستم بە نووسینکرد، وابزانم ساڵی ١٩٩٥بۆ١٩٩٦ بوو، هەستمکرد هێشتان زووە بۆیە دواجار لە ٢٠٠٥ یەکەم ڕۆمان بڵاوکردەوە. ئێستاش بەیانییان کە هەڵدەستم سەرتا بیرۆکەکانم دەنووسمەوە، وایلێهاتووە بیرۆکەکانم لە بەرهەمەکانم زیاتربوونە!

نووسین وەک ئۆکسجین وایە بۆ نووسەر

لەبارەی ئەوەی نووسین چەند بڕی چێژ بەخشە ،کاتێ بەرهەمێکت دێتە کۆتا چ هەستێکت لادروست دەبێت ؟

باهۆز دەڵێت: ئەم وەڵامە تۆزێ قورسە، چونکە ئەو چێژەی نووسەر لە پڕۆسەی نووسین پێدەگات چێژێکی ئاسایی نییە، چێژێکی سەختە، چونکە لە حاڵەتێکی نائاسای دەژیت لەکاتی بەرهەمهێنانی تێکستێك وەکو ئازاری منداڵبوون وایە، ژان و خۆشیت تێکەڵاو دەبێ، بەتایبەتی نووسینی ڕۆمان تۆ ڕۆڵی چەندان کارەکتەر دەبینی و مێشکت پڕ دەبێ لە جەنجاڵی و دەنگە دەنگ کۆمەڵێك کێشەت دروستکردووە دەبێ چارەسەریان بکەیت، زمانی کاراکتەرەکانت جیاوازن، ژیانیان جیاوازە دکتۆرە، جوتیارە، سەرسەرییە، تیرۆرستە هتد. بۆیە پێموایە بوون بە نووسەر یان چوونە نێو ژیانی ئەدەبی تەلێیەکی گەورەی دریژخایەنە کاتێ تێیکەوتی رزگاربوونت ئاسان نابێ، نووسین داگیرت دەکات لەهەموو شوێنێك بە دواتەوەیە لە ماڵەوە لە ناو ئۆتومبێل، لە مێواندارى، لە ئاهەنگ، تاکە کارێکە پشوودانی تێدانییە،گەر نەشنووسیت بیری لێدەکەیتەوە.

کاتێ بەرهەمێکت تەواو دەبێ یان چاپ دەکرێت، خۆشییەکی زۆرت پێدەبەخشێ ڕۆژانە حەز دەکەیت سەیری بکەیت، بەڵام بە داخەوە کە دەبینی خوێنەر نییە، کەس گرنگی بە ئەدەبیات نادات دونیایەك کتێب لە هەموو شوێنێك کەوتووە بێتاقەت دەبی، بەڵام هێشتان دەستبەردار نابیت و دووبارە دەگەڕێتەوە سەر نووسین، چونکە هەست دەکەیت ئۆکسیجین لەوەوە وەردەگریت، لە هەمان کاتیش هەست بە تەمبەڵی دەکەم.

شیعر و ڕۆمان و چیڕۆک

باهۆز ،جیا لەبواری شیعر قەڵەمێکی جوانیشی لەنووسینی ڕۆمان و چیڕۆک هەیە،بۆ پەیوەندی نێوان ئەم سێ بواڕە دەڵێت؛

عەبدولڕحمان مونیف دەڵێ: وشە لە شیعردا خۆی مەبەستە، بەڵام لە ڕۆمان وشە ئامانجی بنیاتنانی کەسیەتی و ڕووداوەکانە. زمان جەستە و کەرستەی کارکردنی ڕۆمانە، لەبەر ئەوە ڕۆمان دەوێرێت تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز پێشکەش بکات.

من شیعر نانووسم، سەرەتای دەستپێکردنی نووسینم شیعرێکم نووسی، پاشان بەم دواییانە چەند شتێکم بۆ کۆمەڵێك نووسەر و هونەرمەند و بڕادەر نووسی نازانم شیعر بوون یان نا، بەڵام هەستێکی خۆشەویستیم هەبوو حەزمکرد نەیشارمەوە و ئاشکرایان بکەم، چونکە خۆشەویستی گەر نەتتوانی نیشانیبدەی و بەئاشکرا بیدڕکێنی پێموایە ئەوە خۆشەویستی نییە، ئەوە دۆستاتییەکی بەرژەوەندی ویستە و هەر کاتێ ونبووی دەبێتە هەڵم، زۆربەی نووسەران دەناسم و زۆریش لەوانە برادەرمن بەشێکیان یەکتریان خۆشناوێت نازانم هۆکار چییە و ناشموێت بیزانم، بەڵام زۆر حەزمدەکرد بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ یەکتر دابنیشن و گفتگۆی جوان بکەن، نووسەر و برادەری زۆر خۆشەویست ماون جا نازانم دەتوانم چیتر ئەو جۆرە تێکستانە بنووسم یان نا.

من خوێنەرێکی جددی شیعرم بە تایبەتی شیعری کوردی و شیعری جیهانی بەزمانی ئەڵمانی، ناوە ناوە ئەگەر شیعرێك سەرنجمڕاکێشێ وەریدەگێڕم بۆ سەر زمانی خۆمان لە ئەڵمانییەوە و لە فەیسبوک بڵاوی دەکەمەوە.

بەڵام زیاتر کار لە نێو چیرۆك و ڕۆمان دەکەم، ئەگەر سەیر بکەین ئێستا لە دونیا کەمتر گرنگی بە شیعر دەدرێ، بەڵام شیعر نەمرە لەسەردەمی هۆمیرۆسەوە تا ئێستا ماوە و بەردەوامە، هەزاران کۆشك و پالاست و قەڵا دروستکران و ڕووخان کەچی شیعر ماوە، شیعر و چیرۆك و ڕۆمان لەسەر هەمان بنەما کار دەکەن و دروست دەبن، بەڵام شیعر چڕترە، وەک باسمکرد ئەرکەکان جیان هەتا وشەش لە نێو ڕۆمان کار و ئەرکی جیاوازترە لە شیعر، هەر نووسەرێك توانای خۆی لە یەکێك لەم بوارانە دەبینێتەوە و دەتوانێ پەیام و دونیا بینی خۆی نیشاندات، لە جیهانیش هەروایە پاولسیلان و ڕۆزا ئاوسلەندەر و بۆکۆفسکی و ئیرش فرید و مالارمێ و محمود دەرویشت هەیە لەولاش دێستۆیفسکی و پاتریك زوسکیند و تۆماس مان و ئێکۆ و ئیدگار ئالانپۆ و ئەلێکسەندەر دۆمات هەیە. ڕۆمان کارکردن و بەرگەگرتنی زیاتری دەوێ کەرستە و وردەکاری زیاتری پێویستە، چیرۆك بە هەمان شێوە توانایەکی تایبەتی پێویستە، هونەری چیرۆك نووسین ئەوەیە خوێنەر ماندوو نەکات و ڕووبەرێك بۆ خوێنەر جێبهێڵێ و خوێندنەوەی جیاواز دروست بکات و پرسیاری کراوە ڕووبەڕووی خوێنەر بکاتەوە.

داستانی سەفەر و وێستگەی میترۆ

سەبارەت بەو دوو کتێبەی لەم دواییەبەچاپی گەیاند باهۆز مستەفا دەڵێت: یەکەمیان ڕۆمانێك بوو بە ناوی داستانی سەفەر، تۆمارکردنی قۆناغێکی تاڵی کۆچکردنی کوردانە بۆ دەرەوەی وڵات، گێڕانەوەی ئازارێکە کە مرۆڤی کورد زۆرجار بەخۆی هەڵیدەبژێرێت و زۆرجاریش ناچار دەکرێت هەڵیبژێرێت، باسی سەرلێشێواى گەلێکە باسی ڕۆشتنە بە کولتورێکی دواکەوتوو بۆ نێو کولتورێکی زیندوو کەپێی ئاشنا نین، باسی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤی کورد لەگەڵ دونیای دەرەوە بەبێ خۆ ئامادەکردن، دەچێتە نێو دەریا بەبێ ئەوەی یەك ڕۆژ مەلەی کردبێ! پێنج شەش وڵات دەبڕێ بەبێ ئەوە زمانێك بزانێ، سواری کەشتی و شەمەندەفەر دەبێ بەبێ ئەوەی لەڕیانی چاوی پێکەوتبێ، باسی مەینەتەکانی خۆمان دەکات.

دووەم کۆمەڵە چیرۆکیکە بەناوی وێستگەی میترۆ و ٢٢ ساڵ چاوەڕوانی، ئەوانە چیرۆکی واقعی خەیاڵین یان واقیعی سحری، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەئامێزن لە بارودۆخی وڵاتەکەمان و کەسایەتی کورد و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد، خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە هاوکار دەبن لە تێگەیشتنی ئەو بارە سوریالێیەی هەمانە بە شێوەیەکی باشتر و زیاتر.

باهۆز مستەفا لەم دیانەی خەباتدا باس لەو بەرهەمانەی خۆی دەکات بڵاوی کردوونەتەوە وەک: داستانی سەفەر ڕۆمان، ئەڵبانیا، کولتور و مێژوو، ئامادەکردن و وەرگێڕان، هونەر و ژیان، وەرگێڕان بابەتی هونەری شێوەکاری، ئێرە ڕۆمانە، کۆمەڵە چیرۆك، هەڵبژاردەیەك لە شیعری شاعیرانی هەولێر، پۆستمۆدێرنە ڕۆمان لێکۆڵینەوە، وێستگەی میترۆ و ٢٢ ساڵ چاوەڕوانی کۆمەڵە چیرۆك، ناوی گوڵ خوێندنەوەی ڕۆمان.

نوسەری کورد و نوەسەری جیهان

باهۆز مستەفا لەبارەی لەزەتی شیعری و ڕیتمی شیعر لای ئێوە زیاتر لە شیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت گوتی: کلاسیك لا من لە ئاستە بااڵکەیە وەکو دانتی گوتەنی لە بەهەشتە، شیعری نوێ یان شیعری ئازاد، ئێستا تۆزێ جیاوازە و شاعیران شێوازی جیاوازیان هەیە دەبێ بەپێی ستایل و فەزای شیعرەکە لێبڕوانی، لە هەندێکیان ڕتم و ناسکی، لە هەندێکاین مانا و وێنەی شیعری، بەڵام بەگشتی چێژ لە پیا هەڵدانی سروشت و ڕەمز و وشەی سواو نابینم.

لەبارەی ئەوەی ئایا دەتوانین بڵێین نووسەری کورد گەیشتۆتە ئاستی نوسەرەجیهانییەکان، بۆ ئەوەگوتی: نەخێر، نووسەری کورد لەسەر نەخشەی ئەدەبی جیهانی هیچ جێگەیەکی نییە تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەش هۆکار هەیە، دیارترینیان نەبوونی دەوڵەت و باکگراوەندێکی ڕۆشنبیری بەهێز و تۆکمەیە، نەبوونی فەلسەفەیەکی ڕوون، نووسەری کورد فەزایەکی ئازادی بێسنووری لە نێو مێشکیدا نییە، نەبوونی شارستانییەت، نەبوونی کولتوری جیاواز، کورد تائێستا نیستعابی ڕۆشنبری قوڵ ناکات، ئەگەر تۆزێ لە نێو ڕۆشنبیری قوڵبێتەوە ڕەنگە تووشی سەرلێشێوان ببێ.

جیاوازی لەنووسین

لەبارەی ئەوەی تاچەند لەنوسینەکانت واتکردووە جیاوازتر ،یان جۆرێک لە داهێنان بکەیت بەبەراورد لەگەڵ ئەو نوسەرە کوردانەی نوسیوویانە، بۆئەوەش باهۆز گوتی: گۆتە دەڵێ: ئەگەر دەتەوێت نامەیەکی جوان بنووسی ئەوها بنووسە کە قسە دەکەیت.

ڕۆمان نووسین کارێکی زاتییە، کە نووسەر ڕێگە بە خۆیدەدات لە مامەلەکردن لەگەڵ دونیا بە ڕێگەی تایبەتی خۆی، پرسیارێش ئەوەیە ئایا ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە؟

هەوڵمداوە بە زمانێکی سادە و بێ گرێ و بەو نیمچە ستانداردەی هەمانە بنووسم، لە چیرۆکەکان هەوڵمداوە ڕووداوەکان قسە بکەن، هەرگیز حەزم لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ نییە، چونکە دەچێتە قاڵبی وتاری سیاسی، هەر نووسەرێك کاتێ دەنووسێ کارێکی داهێنەرانە دەکات ئەگەر کۆپی نەبێ یان وەرینەگرتبێ. نووسەران جیاواز دەنووسن، بەڵام لە بنەڕەتدا لە چوارەوری کۆمەڵێك کێشەی هاوبەش دەسوڕێنەوە، شێوازی نووسین و دەربڕینیان لە یەکتر جیایە. بەختیار عەلی پێشەکی بۆ وەرگێڕانەکەی ڕۆمانی بەفری پامۆك نووسیووە و بە ڕۆمان و شێوازێکی گرنگ وەسفی دەکات، کەچی شێوازی نووسینی ڕۆمانەکانی خۆی جیاوازترە لەو.

ئایا من جیاوازم یان بەرهەمەکانم چۆنن ئەوە دەبێ خوێنەر و ڕەخنەگر قسەی لەسەر بکەن، بەڵام بێگومان هەستدەکەم شتێکی جیاتر و باشترم نووسیوە ئەوە هەستی هەموو نووسەرێکە. تۆلستۆی و دێستۆیفسکی دوو ڕۆمان نووسی جیاوازن و هەردووکیشیان داهێنەرن.

کپی و وردبوونەوە بۆ نوسەر

باهۆز مستەفا لەبارەی ئەوەی پێدەنگی ،، وردبوونەوە لەواقیعەتی ژیان تاچەند بۆ نووسەر بەپێویست دەزانێ گوتی: نووسەر کاتێ بە تەنیا دانیشێ تەنیا نییە، بەڵکو لەنێو هەموو جیهان دەسوڕێتەوە و زۆرێش سەرقاڵە، کاتت نییە قومێك لە جگەرەکەی بەردەمت بدەیت!

واقیع کێڵگەی بەرهەمهێنای خەیاڵی نووسەرە، گەر پشتگوێی بخات، ئەوە هیچی نییە بەرهەمی بێنێ و زۆرجار ئەوە بۆتە کێشە بۆ تێکستی نووسەرەکە و کەس لێیتێناگات، خۆ مەرج نییە باسی دزی و گەندڵ و شەڕ بکات، بەڵام دەبێ ئازاری نێو تێکستەکانی دەرهاوێشتەی ئەو دونیایەبێ.

لەکۆتایی دیانەکەشدا گوتی: هیوادارم نووسەران ڕێزی ڕۆشنبیری خۆیان بگرن و نەخزێنە نێو ئەو ئاستەی کە خوێنەر ڕەخنەی لێدەگرن و شەوانە بە دیاریەوە ئازار دەچێژن.



گۆرانیبێژان.. چی دەخۆن و دەخۆنەوە؟

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ماهیر ئەمین

دەنگ لە ژیانی هەموماندا گرنگییەکی تایبەتیی هەیە، چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانین پەیوەندی لە گەڵ دەوروبەرماندا بکەین. بەڵام لە ژیانی گۆرانیبێژان، وتارخوێنان، بێژەران،مامۆستایان.....و هەندێ پیشەوەری تر، دەنگ گرنگییەکی زیاتری هەیە، چونکە یەکێکە لە کەرەستەکانی پیشەی ڕۆژانەیان. بۆیە دەبێت زانیاریان هەبێت لە سەر چۆنییەتی پاراستن و تەندروستکردنی دەنگیان. ئەوەی دەمانەوێت لێرە تیشکی بخەینە سەر، جۆری ئەو خواردن و خوارنەوە باش و خراپانەیە کە کاریگەریان هەیە لە سەر دەنگی مرۆڤ.

خواردنەوە :

ئەو خواردنەوانەی کە پێویستە پێش گۆرانی گوتن، وتار خوێندنەوە یان هەر چالاکییەکی دەنگیی دیکە نەخوڕێنەوە بریتین لە: چای ئاسایی، چۆکلاد یان هەر خواردنەوەیەکی گەرم، شیر و بەرهەمەکانی. کە ئەم خواردنەوانە تویکڵێك لەسەر دەنگەژێیەکان دروست دەکەن و ئەو تویکڵە بۆ ماوەیەکی دریژ دەمێنێتەوە و دەبێتەهۆی ئەوەی لە کاتی گۆرانی گوتندا دەنگەژێکان وەکو پێویست بە کاری خۆیان هەڵنەستن. جگە لەوەی کە هەمیشە وادەکات هەست بکەی قورگت پێویستیی بە پاککردنەوەیە.

خواردنەوە ترشەکان (Acidic) (شەربەتی پرتەقاڵ، لیمۆ، ئەناناس یان هەر خواردنەوەیەکی ئەسیدیی تر) خراپن بۆ دەنگ و دەبنە هۆی ئەستوربونی دەنگەژێکان, جگە لەوەی قورگ وشک دەکەن.

لە کاتی سوتانەوە یان هەوکردنی قورگدا، بە خواردنەوەی ئەلکهول یان هەر یەکێک لەو خواردنەوانەی سەرەوە ،زیان بە دەنگ دەگات.

خواردنەوە گازییەکان دەبنە هۆی دروستکردنی هەوا لە ناو سکدا و کاریگەریی خراپیان دەبێت بۆ سەر هەناسەدان بە تایبەتی لە کاتی گوتنی تۆنە بەرزەکاندا.

ئەوەی کە باشە بخوڕێتەوە (ئاو)ە، بەڕادەیەکی زۆریش. چونکە ئاو شلەیەکە هیچ زیانێکی نییە بۆ دەنگ و هەموو ئەو تویکڵ و خەوشانەی لە سەر دەنگەژێکان دروست دەبن ڕادەماڵێت و پاکیان دەکاتەوە. بەڵام دەبێت ئاوەکە سارد نەبێت و لە هەمان پلەی گەرمیی ژوورەکەدا بێت. چونکە ئاوی سارد زیان بە دەنگ دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی کرژبوونی دەنگەژێکان.

خواردن:

وا باشە بە لانی کەم دوو سەعات پێش گۆرانی گوتن خواردن نەخوڕێت. جگە لەوەی کە دەبێت خواردنەکە قورس نەبێت کە کار بکاتە سەر هەناسەدان، چونکە هەناسەدان گرنگییەکی زۆری هەیە لە کاری گۆرانی گوتندا.

ئەو خواردنانەی زیانبەخشن بۆ دەنگ بریتین لە: پەنیر یان هەر بەرهەمێکی دیکەی شیر، چۆکلاد، خواردنە ئەسیدییەکان(پرتەقاڵ،لیمۆ، ئەناناس....تاد)، خواردنی تیژ (بیبەراوی)، یان هەر شتێک کە دەنگەژێکانت دادەپۆشێت.

جگە لەو خواردنانەی سەرەوە، خواردنەکانی دیکە ئاسایین و زیانبەخش نین بە تایبەتی مریشک، ماسی، بادەم، هێلکە، برنج, بەڵام بە گشتی پێش سازدانی کۆنسێرت وا باشە ئەو خواردنانە بخوڕێن کە ڕێژەی کاربۆهێدرات تیایاندا زۆرە، چونکە کاربۆهێدرات ووزە دەبەخشێت بە لەش و مێشک.

هەنگوین یەکێکە لە خواردنە باشەکان بۆ دەنگی مرۆڤ.

جگە لە خواردن و خواردنەوە خراپەکان, کەمخەوی و زۆر هاوارکردن و زۆر بە چرپە قسەکردن، کاریگەریی خراپییان هەیە بۆ سەر دەنگ و زیانی پێ دەگەیەنن.

کەواتە دوورکەوتنەوە لە خواردن و خواردنەوەی زیانبەخش و لەشێکی تێر ئاو و تێر خەو و خواردنی ژەمێکی سووک دوو کاتژمێر بەر لە گۆرانی گوتن. هۆکاری سەرەکین بۆ بوونی دەنگێکی تەندروست و گوتنێکی بێ کێشەو پیشاندانی هەموو توانا دەنگییەکان.



شانۆی کوردی
ئاراستە جیاوازەکانی جوگرافیا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

شانۆی کوردی لەهەر سنووردکی کورستان بێت هەر مولکی کورده، بەڵام ئاستی داهێنانی لە شارێکەوە بۆ شارێك، لەشارۆچکەیەکەوە بۆ شارۆچکەیەکی تر، توانستی شانۆکارە بەتواناو داهێنەرەکانی، لەگەڵ شانۆکارە گەندەڵ و مردووەکانی، بینەری هوشیاریی، لەگەڵ بینەری سادەی شارێکی تر دەگۆڕێت . بۆیە ئەگەر ئێمە ئەو تواناو بوێرییەمان هەبێت، وەك شانۆکار، دوور لەنەخۆشیە ناوچەگەریی و سیاسییەکانەوە بیر کەینەوە، ئەوە دەبێت شانازی بەو بزاڤە نوێیەی شانۆ بکەین لەشاری سلێمانی، کە لەقۆناغێکی سەختو دژواریی سیاسی، تەندروستی، ئابووری، سایکۆلۆژی دەست پێ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی شانۆ بەرلەوەی چارەسەری زۆر لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان بکات کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لەبن نایەن، چارەسەری دەروونی بۆ ئەو حاڵەتە بێ ئومێدییە کوشندەیە بکات کە تاڵترین و ناکامترین حاڵەتی نامۆ بوونە لەمێژووی نوێ دا .

بۆیە ئامانجە مرۆییەکان و بەئەکتیف کردنی شانۆ وەك چارەسەرو مقاومەمت لەو سەردەمەدا، ئەوە دەسەلمێنێ، کە شانۆ کاریگەرترین هێزە بۆ بەرز کردنەوەی رۆمانّی بینەر و دوور خستنەوەی لەئەتمۆسفیرێکی خنکێنەر، بەرەو کەشو هەوایەکی ئارام و سەقامگیر.

سوور بوونی شانۆکارانی سلێمانی لەسەر حزوری شانۆ لەو ئان و ساتەدا، بەو رۆحە پر لە سەرکێشیە، شانازییەك بۆ شانۆ تۆمار دەکات، کە رۆژێ لە رۆژان لەساتە هەرە سەخت و دژوارەکاندا، شانۆکارانی کورد دەستەپاچە و بێ ئیرادە نەبوونە بۆ مقاومەمت کردن، چونکە دەست بەردان لەشانۆ، مردنێکی تڕە چەشنی مردن بە کۆرۆنا .

بۆیە شانۆگەری (هیچم نیە بیشارمەوە) لەدەرهێنانی رێژەن جەمال، بۆ میژوو ئەو شەختەبەندییەی شکاندو لەماوەی چەند رۆژی نمایشی دا، بینەرێکی زۆری راکێشایە هۆڵەکە .

ئەمە ئەوە دەردەخا، کە ئەگەر کۆمەڵگا لەشانۆ گەیشتبێ و ڕەگو ریشەیەکی رۆحی و فکری لە گەڵ شانۆدا هەبێت، ئەوە نەك هەر لە هەموو زروفێکی تاڵو شیرین دا شانۆ بەزەروە دەزانێت، و وەك نان و ئاو پێویستی بە شانۆ دەبێت، بەڵکو ئامادەیە سەرکێشی لەوەش گەورەتر بکات بۆ شانۆ ..

ئەو بینەرە ئەگەر بینەرێکی هوشیار و زیندوو نەبێت، ئامادە نیە بۆ بینینی نمایشێك روو بە رووی هەموو ئەگەرەکان بێتەوە، بۆیە من سەرسامم بەو بینەرە کە لەهەموو حاڵەتێکا، ناتوانێت دەست بەرداری شانۆ بێت .

کە باس لەمەدەنیەت و پێشکەوتنی شانۆ دەکەین، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە بینەر یەکێکە لەتوخمە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی شانۆ، بەڵام شانۆ خۆشی لەپاڵ پەروەردەو هوشیاریی کۆمەڵایەتی، دروست کەری بینەری هوشیارە، ئەوەتا غیابی شانۆ و بەردەوام نەبوونی هەرگیز نابێتە هۆکار بۆ دروست بوونی بینەری هوشیاریی شانۆیی.

ببینن چونکە شانۆ لەشارێکی وەك هەولێر پرۆسەیەکی بەردەوام نیە، بۆیە هەرگیز نابێتە فاکتەرو قوتابخانە بۆ دروست کردنی بینەرو شانۆ .

دڵنیام ئەگەر ئەو دەرهێنەرو کۆمەڵە ئەکتەرەی بڕیاری نمایش کردنی شانۆیی (چیم نیە بیشارمەوە) یان دا، ئەگەر متمانەیان بەخۆیان نەبوایەو خۆیندنەوەیەکی وردیان بۆ ئاستی رۆشنبیریی و هوشیاریی بینەری خۆیان نەبوایە، بەو شێوەیە باوەڕیان بەسەرکەوتنی خۆیان نەدەبوو.

بینەریش بەهەمان شێوە ئگەر لە توانست و کارامەیی ئەو شانۆکارانە دڵنیا نەبێت، نایەت بۆ نمایشێك بەدەست بە تاڵی هۆڵی شانۆ بەجێ بێڵێ .

لەهەر شۆێنێکدا هەر کایەکی هونەریی پشت بەحکومەت ببەستێ لەڕووی بەرهەمهێنانەوە،، ئەوە دڵنیابە هەرگیز نابێتە سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو، بۆ بەردەوام بوون .

بەتایبەت لەشانۆدا، کە خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی پراکتیکی و تیۆری ڕۆژانەیە، بچووکترین بۆشایی وەستان دووچاری ئیفلیج بوونی دەکات و لەپەلوپۆی دەخات،

بۆیە شانۆ ناکرێت بەساڵ بکەوێتە پشیە خەوی درێژ بە پاساوی نەبوونی بودجەو لەپڕ بەئاگا بێتەوەو نمایشێکی سەقەت پێش کەش بکات، بۆ ئیسپات وجود.

بۆیە هونەرکارەکان ناچاری ئەوە دەبن وەك گۆدۆ هەر لە چاوەڕوانی سەقامگیر بوونو جێگیر بوونی بودجە بەدیار بەرهەمەکانیانەوە دانیشن، تا ئێکسپایەر دەبێت و دەمرێت.

ئەمە فاکتەری بنەڕەتی مردنی شانۆیە، لەهەر کوێیەك دابێت.

بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتە، ئەگەر هەر شوێنێك بەئەزموون بۆی دەرکەوتبێ کە پشت بەستن بەحکومەت بێ هودەیە لەکاری بەرهەم هێناندا و بەدوای ئەلتەرناتیف دا گەڕابێت، ئەوە دەتوانێ ڕێگایەکی لۆژیکی و بازرگانی سەرکەوتوو دابین بکات، کە پشت بەخۆی ببەستێت بۆ ئەوەی چاوی لە ڕەحمی حکومەت بێت،

ئەوەتا ئەمڕۆکە چەندین تیپی شانۆیی کەرتی تایبەت لە شاری سلێمانی هەن، کە بەردەوام لەکار کردن دان، هەمیشە خاوەن پرۆژەی نوێن، نایەڵن هۆڵەکانی شانۆ خامۆش بن و تۆزو گەردیان لەسەر هەڵنیشێ و بۆ نمایش بن.

ئەم دیاردەیە لەچەندین سەر بەقازانجی شانۆکاران و تیپە شانۆییەکان و شانۆی کوردی هەڵدەکەوێتەوە:

١.شانۆ دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕکابەری لەنێو تیپەکان، ئەمەش لەقازانجی شانۆ دایە.

٢. ئەو تیپانە دەتوانن ببن بەخاوەنی سەرمایە، بۆ بەردەوام بوونو پیادەکردنی پرۆژەکانیان.

٣. دەرهێنەرو ئەکتەرو نووسەرەکانی شانۆ بۆ هەمیشەبەئەکتیفی دەمێننەوە.

٤. بینەر لەشانۆ دانابڕێت و بڕی هوشیاریی شانۆیی زێتر دەبێت.

٥.بازاڕی شانۆیی لەگەشە سەندن دادەبێت، ئەمەش هانی بەردەوام بوونی شانۆ کاران دەدات بۆ کاری زیتر.

٦. دانەبڕانی شانۆکاران لەپیشەی ڕەسەنی خۆیان.

٧.پاراستنی توانست و زێدە بوونی ئەزموونی شاۆیی

٨. دروست بوونی گەشبینی بۆ ئایندەی شانۆ .

٩. زێدە کردنی بڕی بینەری شانۆیی و بەکولتوور بوونی شانۆ، لەکۆمەڵگادا.

مخابن ئێستا لەهەولێر هیچ لەو تیپە شانۆییانەی هەبوون نەماون، جگە لە تیپی شانۆی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ نەبێت، کە ساڵەو ساڵ فیستیڤاڵێکی ڕووکەش ئەنجام دەدات، هیچ کاریگەرییەك بەسەر باری چەق بەستراوی شانۆ دروست ناکات، ناتوانێ لە سەدا یەکی خواستی بینەرە تینووەکانی شانۆ لەو شارەدا بشکێنێ. بۆیە هەلومەرجی شانۆ هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە نەخوازراوەی دەمێکی زۆرە خۆی بەسەر باری شانۆیی ئەو شارەدا سەپاندووە

لە لایەکی دیکەوە شانۆکارە گەنجەکانیش، کە هەندێکیان توانای باشیان هەیە بۆ ئومێدی دایگرتوون و ڕوویان لە شانۆ وەرگێڕاوە.



چاپکراوی نوێ

میژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود بە ئێرانەوە

کتێبی (میژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود بە ئێرانەوە لە بەڵگەنامە نهێنییە فارسییەکاندا) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 223 لاپەڕەیی لە نووسین و ساغکردنەوەی (کەمال نوری مەعروف) کە مەحمود حەفید زادە پێشەکیی بۆ نووسیوە کەوتە بەردەستی خوێنەران. کتێبەکە لە چل بەڵگەنامە پێکهاتووە، دەقی بەڵگەنامەکان وەك خۆیان بلاوکراونەتەوە و کراونەتە کوردی، دواتر ساغکردنەوە بۆ یەك بە یەکی بەڵگەنامەکان کراوە. بەر لەوەی بەڵگەنامەکان بخرێنە ڕوو، سەرەتا هەشت لاپەڕە لە لاپەڕە 13 تا 20 بۆ بابەتێك بەناوی (ڕۆڵی عەشیرەتی هەمەوەند لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیددا) تەرخان کراوە. لە کۆتاییدا پێنج لاپەڕە لە لاپەڕە 219 تا 223 بۆ (کەسانی دەرکەوتووی ناو بەڵگەنامەکان) تەرخان کراوە.

لە دوا پەرەگرافی پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە:»پێویستە گرنگی بەو بەڵگەنامانە بدەین، بۆ دیاریکردنی لایەنە بزربووەکانی میژووی هاوچەرخ، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و هەنگاونانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی نیشتمانی کوردی، بۆ پاراستن و هەڵگرتنی ئەو بەڵگەنامانە و رزگارکردنیان لە فەوتان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی سەرجەمیان لە ئەرشیفی وڵاتانی تردا، بە ئومێدی هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك».



ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان

کتێبی (ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان) کە چیرۆك و تەنزە چیرۆکی یادەوەرییە، بە قەبارەیەکی بچووك و 174 لاپەڕەیی لە نووسینی (عەبدولڕەحمان فەرهادی) کەوتە بەردیدی خوێنەران. کتێبەکە لە 33 چیرۆك پێکهاتووە، مامۆستا فەرهادی رۆچۆتە ناو یادەوەرییەکان و چەندین وێنەی لێ هەڵبنجاوە، لە ڕێگەی چیرۆکەکانەوە، کە بە شێوازێکی تەنزئامێز نووسراوە، وێنەی جۆراوجۆر دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

لەگەڵ واقیعی ئێستا گرێدراون، ئەمەش وەکو توانج لە دیاردە ناشیرین و دزێوەکانی ژیانی کارگێڕی و بێسەروبەرییەکانی گرتووە، بە نموونە (ماجەرای دختۆر کاکۆی سەگەوان) کە بووەتە ناونیشانی کتێبەکە. لەبارەی کۆی چیرۆکەکانەوە، غەریب پشدەری، کە پێشەکیی بۆ کتێبەکە نووسیوە، باشتر پێناسەی کردوون و دەڵێ:»لە هەر لایەکەوە پارێزی دەبەمێ خۆی بەدەستەوە نادا، نە تەنزە و نە ساتیر نە جەفەنگە و نە گاڵتە و گەپ و قەشمەری و نە جۆك، کەچی کە تێشی هەڵدەڕوانی و لێی ورد دەبیەوە و تێی رادەمێنی، ئاوایەکی بااڵ نمای هێندەی بەژنە پیاوێك بڵندە و هەرچی عەیب و عار و خوار و خێچی و لینگە و قوچی مرۆڤە ناقۆاڵیە خۆ بە زلزان و دانا و زاناکانی ریزی پێشەوەی زۆر جێی نەشیاون، هەر دەڵێی وێنەی فۆتۆگرافین و لەو ئاوێنەیەوە خۆ دەنوێنن و سەرەتاتکێ لەگەڵ خاوەنەکانیان و خەڵکی ئەو دەوروبەرەی خۆیان دەکەن و ناو و ناوبانگ و ناسنامە درۆزنانە دەمامکداراوەکانیان ئاشکرا دەکەن».

شایانی باسە، هەشت لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە، بۆ فەرهەنگۆك و لێکدانەوەی هەندێ وشە تەرخان کردووە، کە زۆر لەجێی خۆیدایە، چونکە هەندێ وشە کە لە هەولێر بەکار دەهێندرێن و لە شوێنی دی بەکارناهێندرێن، مانایان لێکدراوەتەوە. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

رانیە... لە ڕێوڕەسمێکدا حەوت بەرهەمی نووسەرانی سنووردکە ناسێنران و بڵاوکرانەوە

خەبات- رانیە:

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٩ لە ڕێوڕەسمێکدا لەژێر ناوی(گرنگیدان بە ئەدەب، ئەرك و ئامانجەکان) لە هۆڵی کازیوەی منداڵانی رانیە بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئیداری و حزبی و ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین، حەوت بەرهەمی شەش شاعیر و نووسەری سنووردکەی ناساند و بڵاوکردەوە کە لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو چاپکرابوون.

کتێبەکان پێکهاتبوون لەم ناونیشانانە((زێراب) و (لە شوێن تەنیاییم تا ماڵی عومەر)، نووسینی عومەر حوسێن. (زمان و سیاسەت)، نووسینی شێروان حوسێن خۆشناو. (سارا)، نووسینی بەکر ئاڵەیی. (نیگای چۆڵ)، نووسینی ئەبوبەکر هەڵشۆیی. (براەر)، نووسینی سدیق عەلی. (تۆپ)، نووسینی خالید فاتیحی.

دوای ناساندنی بەرهەمەکان، دەستکرا بە دابەشکردنیان بەسەر ئامادەبووانداا.

ئەکرەم حەمەدەمین بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین ڕایگەیاند: خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە ئەمڕۆ ئەم ڕێوڕەسمەمان سازکردووە بۆ ناساندن و دابەشکردنی بەرهەمی شەش شاعیر و نووسەری دەڤەرەکەمان کە لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیمان چاپکراون، ئامانجیشیان خزمەتکردنە بە ئەدەب و ئەدیبان و جموجۆڵی خوێندنەوەو ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەکەمان، بەردەوامیش دەبین تا بەپێی توانا و بارودۆخی داراییمان هاوکاری شاعیران و نووسەران و ئەدیبان بکەین.






عێراق لە قۆناغی حوکمڕانیی مستەفا کازمیدا

خەبات: تریفە ئازاد **بەشی یەکەم**

لەوتەی مستەفا کازمی پایەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی وەرگرتووە ، کەوتۆتە جموجۆڵ و نواندنی چالاکی جۆراوجۆر ، ئەمەش ئاستی ناوخۆی عیراق و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵیشی خستۆتە دوو بەرەوە ، بەرەیەك پێی وایە لەبەر ئەوەی هیچ پارتێکی دیاریکراو پشتی ناگرێ بۆیە ئاستەمە بتوانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە عیراق بخولقینی و ئەو تەنانەت دەستی بەسەر میلیشیا چەکدارەکانیشدا ناشکێ ، هاوکات باس لەوە دەکەن کە کێشەکانی عیراق لەو گەورەترن، لەولاش بەرەیەکی دیکە باس لەوە دەکات کە کازمی کەسێکی بوێرە و توانیویەتی خۆی لە قەرەی چەند دۆسیە و کێشەیەك بدات کە ئەوانی پێش خۆی نەیانتوانیوە ئەمە بکەن. لەو بارەوە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی چەند شارەزا و ئەکادیمیيەك کرد و بۆچوونەکانیان دەخەینە روو.

د. پەروێز ڕەحیم قادر ، مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی لە زانکۆی سەلاحەدین:

گەڕانەوەی عێراق بۆ بازنەی وڵاتانی خاوەن سەروەریی ڕاستەقینە پەیوەستە بە گۆڕانکارییە ناوخۆیی و هەڕێمییەکان



بوونی پاڵپشتی ناوخۆیی

کازمی جگە لە پشتیوانی ئەمەریکا و هەروەها ڕازیبوونی ئێرانی(بە ناچاری) هەیە، پشتیوانی بەشێك لە هێزە عێراقییەکان و سوننە و تەنانەت کوردی هەیە. چونکە کازمی بەرهەمی قۆناغێك لە بنەبەستی سیاسییە لە عێراق کە هێزە شیعە دەسەڵاتدارەکان ڕووبەرووی نارەزایەتی شەقام و قەیرانی ڕەوایەتی بوونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەر کەسایەتییەك کە بنکەیەکی جەماوەریی پتەو و هێزێکی سیاسی یاخود هاوپەیمانەتییەکی نەبێت، دیاردەیەکی کاتییە. هەرچەندە پشتیوانی ئەمەریکا و تەنانەت ئێرانیشی هەبێت. چونکە سەرۆکوەزیران لە عێراق، بەگۆڕینی هاوکێشەکان هەروەها هاوسەنگی نێوان هێزە سیاسییەکان لە بەغدا و ناوچەکە و جۆری بارگرژی یاخود مەلمانێکانی نێوان دوو ئەکتەری سەرەکی لە عێراق، واتە ئێران و ئەمەریکا، دەگۆڕدرێت. بەڵام دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا ڕۆڵی شەقام و ناکۆکی نێوان هێزە شیعییەکان و پاشان پشتیوانی ئەمەریکا لەم پرسەدا یەکلاکەرەوە بووە. بەڵام ئەگەر هەر یەکە لەم فاکتەرانە گۆڕانی بەسەردابێت و لاسەنگ ببێتەوە، پێگەی سەرۆکوەزیرانیش لاواز یاخود دەگۆڕێت. بۆیە بەردەوامی دەسەڵاتدارییەتی لە عێراق پێویستی بە بوونی پاڵپشتی ناوخۆیی و بنکەی جەماوەری و پاشان پشتیوانی هێزە هەرێمی و سەروو هەرێمییەکان وەکو ئەمەریکا هەیە. جگە لە شیعەکان، تەنانەت نارەزایەتی کورد و سوننەش وەکوو دوو پێکهاتەی سەرەکی لە عێراق، فاکتەرێکی کاریگەر و شێوێنەرە لەم هاوکێشەیەدا. بۆیە لە عێراق فاکتەرە دریژخایەنەکان لەپاڵ ڕووداوە کتوپڕ و کاتییەکان پێکەوە پێگە و ڕۆڵی ئەکتەرێك بەرز یاخود نزم دەکەنەوە.



عێراق و دەستوەردانی دەرەکی

عێراق بەشێکی دانەبڕاوی ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەیە، ئەمەش بەهۆی ململانێیە جیۆسیاسییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لەلایەك و ڕۆڵی ئەکتەرە سەروو هەرێمییەکان وەکوو یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا و ڕووسیا و چین لەم ناوەندەدا. هەروەها پێگەی جەنگی دژە تیرۆر لە ستراتیژییەتی ئەمەریکا و ڕۆڵی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی جەنگی دژە تیرۆر وادەکات عێراق ناوەندێکی گرنگ بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جگە لەمانەش فاکتەری مەزهەبی و ئایینی و لە پێکدادان و ململانێی و دابەشبوونی ئەکتەرەکان بە دریژایی و ئاراستەی ئەم ڕەگەزە ناسنامەییانە وادەکات کە عێراق دووبارە گرنگی تایبەتی هەبێت. لەلایەکی تریشەوە، ڕۆڵی ڕوو لە هەڵکشاوی ئێران لە ناوچەکە و پرسی هیلالی شیعی وادەکات کە عێراق ناوەند و لە هەمان کاتیشدا ئەڵقەی پێکگەیشتن بێت لە ستراتیژیی ئێران لە ناوچەکەدا بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٣. بۆیە بەبڕوای ستراتیژیە ئەمەریکییەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سنووری خۆی و گوشارخستنە سەر ئەو وڵاتە بۆ ڕازیبوون بە مەرجەکانی ئەمەریکا، پێویستە ڕۆڵی ئێران لە ڕێگەی عێراقەوە لە ناوچەکەدا سنووردار بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش گەڕاندنەوەی عێراق بۆ خولگە و بەرەی وڵاتانی عەرەبی یەکێکە لەو ستراتیژیانە. جگە لەمانەش ئاسایشی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بەتایبەت ئیسرائیل و ڕۆڵی وزە و ئاسایشی وزەی عێراق گرنگی تایبەتی هەیە.

ئایا عێراق دەگەڕێتەوە باوەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟

ئەمە ستراتیژی و ئامانج و هەوڵی ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبییە و بۆ ئەم مەبەستەش خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی عێراق



ئەو دەرفەتەی دایە ئەو لایەنانە. بۆیە هاتنەسەرکاری کازمیش لەو چوارچێوەیەدا دەخوێندرێتەوە. بەڵام تا ئەو کاتەی ڕۆڵی ئێران سنووردار نەکرێت و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق بە شێوەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەستەمە کە ئەم ئامانجە بێتەدی. چونکە عێراق بە توندی گرێدراوەتە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئێران و خودی ئێرانیش لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانە عەرەبییەکانی لە ناوچەکەدا پەراوێزخراوە و ئابلۆقە دراوە. لە قەیرانی قووڵی ناسنامەییدایە و تاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە ئەو ناسنامە نشتیمانییە دروست بکات. بۆیە بەهێز بوونی هەر ناسنامەیەك، هەڕەشە و مەترسی بووە بۆ سەر ئاسایشی پێکهاتە ناسنامەکەی تر. هەر ئەمەش وایکردووە کە عێراق نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی ئاسایی ڕەفتار بکات و تەنانەت بیێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ وڵاتانی دراوسیی لە قازانجی دەوڵەت و ئەکتەرێکی تر کە لە ناسنامەکەی لە عێراقدا زاڵە.

بۆیە تا ئەو کاتەی لایەنگرانی ئێران لە عێراق باڵادەست بن و هەروەها لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و..هتد، عێراق گرێدراوی ئێران بێت، عێراق ناتوانێت وەکوو وڵاتێکی خاوەن سەروەریی ئاسایی بێتە ناو بازنەی وڵاتانی هەرێمی و خاوەن سەروەری و بەرژەوەندی نیشتمانیی سەربەخۆ بێت. لەلایەکی تریشەوە، دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و سەروو هەرێمی و ڕۆڵێ میلیشیاکان لەسەر سیاسەت و ئاسایش لە ناوخۆی عێراق ڕێگە لەو ئامانجە دەگرێت. جگە لەوەی کە عێراق بەهۆی پێشێلکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و پشتگوێخستن و پەراوێزخستنی ناسنامەکانی تر وەکوو سوننە و کورد ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو بازنەی وڵاتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. جێگەی ئاماژەیە پرۆژەی شامی نوێ و بەم پێیە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و میسر و ئوردن لە ڕووی وزە و کارەبا و بازرگانی هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی عێراق بە جیهانی عەرەبی و دوور کەوتنەوەی لە ئێران.بۆیە دەتوانی بڵێین گەڕانەوەی عێراق بۆ بازنەی وڵاتانی خاوەن سەروەریی ڕاستەقینە پەیوەستە بۆ گۆڕانکارییە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە.تا ئەو کاتەی ناسنامەی مەزهەبی و تائفی بەسەر سیستەم و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا زاڵ بێت و وڵاتانی هەرێمی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێگە لە دروستبوونی حکومەت و دەسەڵاتێکی فرە پێکهاتە و دیموکراتیك بگرن و پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لە هەموو جومگە و کۆڵەگە سەرەکییەکانی عێراق یاخود دروستکردنی بڕیاردا ڕۆڵی ڕاستەقینەیان نەبێت، هەروەها سیاسەتی سڕینەوە و عەقڵییەتی ناوەندی زاڵ بێت، عێراق بە لاوازی دەمێنێتەوە. ئەم لاوازییەش وادەکات عێراق لە بەرەیەك بێت لە دژی بەرەی بەرامبەر و بەبێ دوژمنی دەرەکی و ناوخۆیی نەتوانێت درێژە بە ڕەفتار و سیاسەتەکانی بدات. جگە لە پرسەکانی گەندەڵی و بوونی شۆڤینییەت و ڕەگەزپەرستی و تائیفەگەریی، عێراق

زاراوەی سیاسی

پراگماتی

لە وشەی (پراگما)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە مانای کارکردن دێ ، لەولاشەوە بۆ مەزهەبێکی فەلسەفی بەکار دەهێنرێ و پێی وایە سەرکەوتن لە کار تاکە پێوەرە بۆ ڕاستی . سیاسەتمەداری پراگمات هەمیشە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە بە گوێرەی دەرەنجامە زانستییە بەرهەمدارەکان هەڵسوکەوت دەکات و بڕیار دەدات و ئەو بڕیارەی زادەی هیچ بیرۆکە یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراو نییە . کەسانی پراگمات دان بە بوونی سیستمی دیموکراسی تەواو دانانێن و لە هەمان کاتیشدا داوای ئایدیۆلۆژیایەکی تەواو و پشتبەستوو بە ئازادی ڕەها دەکەن ، هاوکات دژایەتی سەرجەم تیۆرە شمولییەکانی وەك مارکسیەت دەکەن.



ئەفغانستان..

تاڵیبان داوای سیستەمی ئیسلامی لە حکومڕانی دەکات

بزووتنەوەی تاڵیبان داوایکر کە سیستەمی حکومڕانی ئیسلامی لە ئەفغانستان پەیڕەو بکرێت کە هەمووان وەك برا تیایدا بژین.جێگری سەرکردەی بزووتنەوەی تاڵیبان، عەبدولغەنی برادەر لە میانی دەستپێکردنی دانووستانی ڕاستەخۆی ئاشتی لە نێوان تاڵیبان و حکوومەتی ئەفغانستان کە لە دۆحە پایتەختی قەتەر ساز کراوە ڕایگەیاند «لەسەر بنەمای ئاشتی لەگەڵ ئەمەریکا مامەڵەمان کردووە و دەمانەوێت لایەنی بەرامبەریش لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکە مامەڵە بکات بۆ ئەوەی بگەین بە ئاشتی».عەبدولغەنی برادەر پێشبینی کرد کە دانوستانی ئاشتی ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە و گوتی: «خواستی ئێمە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە پێش بکەوێت».گوتیشی: «تاڵیبان، ئەفغانییەکان دڵنیا دەکاتەوە کە بەراستی و دروستی لە دانوستانی ئاشتی بەردەوام دەبێت».جێگری سەرکردەی بزووتنەوەی تاڵیبان، عەبدولغەنی برادەر ڕاشیگەیاند «پێویستە لە ئەفغانستان، سیستەمی حکومڕانی ئیسلامی پەیڕەو بکرێت کە سەرجەم لایەنەکانی ئەفغانستان خۆیان تیایدا ببینەوە و وەك برا پێکەوە بژین». بەیانی ئەمڕۆ شەممە یەکەم دانوستانی ئاشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکوومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیبان بە ئامانجی کۆتایی هێنان بەو جەنگەی کە ساڵانێکی زۆرە لە ئەفغانستان بەردەوامە لە دۆحە پایتەختی قەتەر دەستی پێکرد.لە ٢٩ی مانگی ڕابردوودا، دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کۆبوونەوە و دانوستان، دواجار ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان لە دۆحەی پایتەختی قەتەر ڕێککەوتنی «هێنانی ئاشتی بۆ ئەفغانستان»یان واژوو کردبوو.بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کە ئامانجی کۆتاییەێنانە بە ١٩ ساڵەی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان، ئەمەریکا بە قۆناغ بەندی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان دەکشێنێتەوە. هاوکات بەپێی خاڵێکی ڕێککەوتنەکە لەمیانی ئەم مانگەدا، نزیکەی پێنج هەزار لە بەندکراوەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان ئازاد دەکرێن و لە بەرامبەردا، نزیکەی هەزار بەندکراوی حکوومەتی ئەفغانستان لەلایەن بزووتنەوەکەوە ئازاد دەکرێن.

مانشێت


ئیندیپێندینت:

دوای چەند مانگێك جارێکی دیکە ئێلەگ زەردەکان خۆپیشاندانیان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجام دا و پۆلیسیش 222 کەس دەستگیر کرد.



سکای نیوز:

ژمارەی تووشبوانی ڤایرۆسی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهان 28.7 ملیۆن کەسی تێپەڕاند و نزیکەی 919 هەزار کەسیش بە هۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەست داوە.




یۆرۆ نیوز:

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گرژیەکانی لەگەڵ تورکیا ، حکومەتی یۆنان هەواڵی کڕینی 18 فڕۆکەی شەڕکەری جۆری رافالی فەرەنسی ڕاگەیاند.



ڕۆیتەرز:

بەهۆی ئەو ئاگرە گەورەیەی لە ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمەریکا کەوتۆتەوە ، زیاتر لە 1.5 ملیۆن کەس بەنیازن ناوچەکانیان چۆل بکەن.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند یەکێتی ئەورووپا بەنیازە ئابلوقەی خۆراك بەسەر وڵاتەکەیدا بسەپێنێ.



کەنالی ئار تی:

ئەو ئەنجومەنە سەربازییەی کە لە مالی کودەتای سەربازی ئەنجام دا ڕایگەیاند کە دوای 18 مانگی دیکە دەسەڵات ڕادەست دەکات.





ئۆساکای ژاپۆنی بووە پاڵەوانی تێنسی ئەمریکا

خەبات ـ نیویۆرك: ناوۆمی ئۆساکای ژاپۆنی توانی پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکای بۆ تێنس بەدەست بهێنێت دوای سەرکەوتنی بەسەر یاریزانی بێلاروسی، ڤیکتۆریا ئازارێنکا. لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە کە لە شاری نیویۆرك بەڕێوەچوو، ناوۆمی ئۆساکا توانی بە دوو کۆمەڵە بەرامبەر بە یەك کۆمەڵە لە ڤیکتۆریا ئازارێنکا بەرێتەوە. ناوۆمی ئۆساکا پێشتر دووجار گەیشتبووە پاڵەوانێتی تێنسی کراوەی ئوسترالیا.



هۆگۆ لۆریس:

مۆرینهۆ فێری شەرانگێزی کردووین




هۆگۆ لۆریسی کاپتنی یانەی تۆتینهام پێی وایە کە تیپەکەی لە ژێر رابەرایەتی کردنی مۆرینهۆی راهێنەر بەدوای باشترین دەگەڕێت. لۆریس دەڵێت: لەوەرزی رابردوو یاریزانەکانمان بەدەنگ داواکەی مۆرینهۆوە چوون کە لەناو یاریگادا زیاتر شەرانگێزانی دەربکەون، مۆرینهۆ ئەمەی فێری ئیمە کرد کە هەموو شتێك بکەین، هەموو شتێك واتە بوونی کەسایەتیت کە واکات شەرانگێز بیت تا تامی بردنەوە بکەیت، هەروەها زیاتر دەڵێت: بەڵام ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی ببەیتەوە، تۆ پێویستیت بە پلانێکی تۆکمە و لێهاتوویی و رووحی تیپەکەت هەیە، کە ئەمەشت بوو ئەوکات دەتوانی تامی بردنەوە بکەیت.

سەڵاح هاتریکی تۆمار کرد

محەمەد سەڵاح، هێرشبەری میسڕی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە یەکەم یاریی وەرزی نوێی پرێمەرلیگ توانی هاتریك بکات و یەکێك لە گۆڵەکانیشی پێشکەش بە موئمن زەکەریای هاوڕێ لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کرد.

هێرشبەرە میسڕییەکەی ڕێدز ڕۆژی شەممە دوای تۆمار کردنی گۆڵێ سێیەمی خۆی و چوارەمی یانەکەی بەرامبەر لیدز یونایتد بە شێوەیەکی جیاواز ناهەنگی گێڕا و دوای یارییەکەش هۆکارەکەی ئاشکرا کرد و گوتی " ئەو گۆڵەم پێشکەشی موئمن زەکەریای هاوڕێم لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەم کردووە، ئەو ماوەیەکە تووشی نەخۆشیەکی دەگمەن بووە و ئەو ماوەیە بیرم هەر لای ئەوە و هیوادارم بەم گۆڵە توانی بێتم کەمێك لە ئازارەکانی کەم بکەمەوە ".

زەکەریا پێشتر لەگەڵ محەمەد سەڵاح لە هەڵبژاردەی میسڕ یاریی کردووە و پەیوەندیەکی دۆستایەتی باشی لەگەڵ هێرشبەرەکەی لیڤەرپوول هەیە و بەم دواییە تووشی نەخۆشی ALS کە جۆرێك لە نەخۆشی عەساب بووە.





لامپارد:
کانتی کلیلی سەرکەوتنەکانمانە

راهێنەری یانەی بلوز لامپارد رایگەیاند کانتی یاریزانێکی گرنگە و کلیلی سەرکەوتنەکانی ئیمە دەبێت لە وەرزی نوێ دا.

لامپارد لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی یاریزانە ڕەش ئەسمەرەکەی هێڵی ناوەراستی چێڵسی وتی: لەبیرمە جارێکیان کانتی هاتە لام و گوتی قاچەکانم کارناکەن و مردوون زوو بمهێنە دەرەوە، پاش یەك خولەك کانتیم بینی زیاتر لە ٥٠ مەتر رایکردا!.

راهێنەری یانەی چێڵسی وتیشی: لە مێژە وەکو یاریزان و راهێنەریش کانتی دەناسم، ئێستا کلیلی سەرکەوتنەکانی ئێمەیە و دەستبەرداری نابین.

سیمیۆنی توشی کۆرۆنا بوو

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بەفەرمی ئاشکرایان کرد کە راهێنەری یاناکەیان دیگۆ سیمیۆنی توشی کۆرۆنا بووە.

لە راگەیاندراوەکەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید هاتووە، دوای ئەوەی ڕۆژی هەینی تەواوی ستافی تەکنیکی و راهێنەران پشکنینی COVID-١٩ یان بۆ ئەنجامدرا دەرکەوت راهێنەری یانەکە دیگۆ سیمیۆنی توشی کۆرۆنا بووە و پێویستە ماوەیەك تا تێپەڕینی ڤایرۆسەکە لە یانەکە دوور بکەوێتەوە و بخرێتە ژێر چاودێری پزیشکییەوە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە سیمیۆنی سەرەڕای توشبوونی بە ڤایرۆسەکە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی نیە و لەماڵەوە کەرەنتینە دەکرێ و تا ئێستا باری تەندروستی زۆر باشە.

مارسیلۆ بەنیازە ریال جێبهێڵێت

ڕۆژنامەکانی بەرازیل ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مارسیلۆ بیر لەوەدەکاتەوە کە یانەی ریال مەدرید جێبهێڵێت و بچێتە یانەیەکی خولی ئیتاڵی. ڕۆژنامەکان باسیان لەوەش کرد کە ئەگەرچی تا ئێستاش مارسیلۆی بەرگریکار لە پلانەکانی زێنەدین زێدانداید، بەڵام ئەو یاریزانە هەست بەوەدەکات کە لەگەڵ بوونی یاریزانێکی هاوشێوە لە ریزی یانەکە کە ئەویش فیرلاند مێندیید، ئەوا ڕوونە کە بەشێوەیەکی بەردەوام یاری پێ ناکەن. بەگوێرەی ئەو هەواڵەی تۆڕی ئیسپۆرتا ئینتیراتیڤۆ بڵاویکردۆتەوە، مارسیلۆی تەمەن ٣٢ ساڵ خۆی لەنێوان هەردوو یانەکەی ئیتاڵیا یۆڤینتۆس و ئینتەر دەبێنێتەوە کە ئەم دوو یانەیە داوایان کردووە؟

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
Mon. 14 Sep. 2020 No.:(6004)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

چل رۆژ لە چەشنی چڵ ساڵدا!



شۆرش خالید ئاژگەیی

چل رۆژ چەند زوو تێپەڕی!

روو لەهەر شوێنێک بکەی سیاو ڕەنگوروخساری تۆی خۆشەویست و ئازیزمان خۆی نمایش دەکات. ساتەوەختە شیرینەکانی تەمەنێک بیرەوەری و پێکەوە بوون لە قوڵایی خەیاڵدا چەکەرە دەکەن. ورد لێیانەوە دەروانم بەڵام نازانم کامیان هەڵبژێرم و بە کامەیان سوکنایی دڵی سووتاوو پر لە پەژارەمی پێ بدەمەوە. ئاخر تەمەنێکی پر لە یادەوەری لەگەڵ یەکێک لە ئازیزانت واتلێدەکا سات بە ساتی بیرەوەریەکان بە زیندووی لە خەیاڵدانی شێواوی خۆتدا ئەرشیف بکەی و رۆژانە لەگەڵیاندا بژی و سوکنایی دەروونتی پێ بدەیەوە.

چل رۆژە هەموو ئێوارەیەک بە دڵێکی پڕلە ئاهو حەسرەتەوە لەبەردەم ئاوابوونی لەسەرخۆی خۆردا دەوەستم. ئەو ساتەوەختە دێنمەوە بیر خۆم، تۆی ئازیزمان لە شەقەی باڵت دا و ئێمەت لە نێو دەریایەکی پر شەپۆلی خەم و پەژارەوەو جێ هێشت....

ڕێگەم بدە بۆت باسی بکەم، ئێمە ئێستاشی لەگەڵدابێ هێشتا لە شۆکی لەدەستدانتداین و نەمانتوانیوە بروا بە خۆمان بێنین تۆی خۆشەویست بۆ دووامەنزڵگەی ئەبەدیەوە کۆچی یەکجارەکیت کردووە..کۆچێک گەرانەوەی بۆ نیەو دوا سەفەرو گەشتە... کۆچێک هەمیشە بە تەنیایی دەست پێدەکا و یا کتوپڕ یا لەسەرخۆ و درێژخایەنە....

چل رۆژە چاوەکانمان لە گریان ڕاهاتوون... ئەسرینەکانمان لە ژماردن کەوتوون... ساردوسری ڕووی تێکردووین و لەو وەرزەی هاوین و سەرەتای پاییزو خەزان و هەڵوەرینی گەڵای دارەکاندا زیاتر لە چلەی زستانێکی ساردوتووشدا هست بە سەرماوسۆڵەو ساردیەوە دەکەین....

چلەکان تێدەپەڕن و یادویادەوەریەکانت لەگەڵماندا بە زیندوویی هەر دەمێنن و ناسڕێنەوە...

چل رۆژە دەمەو ئێواران چاو دەبڕینەوە مەزارگەت و خۆر ئاوابوونەکان بە شەوەکانەوە گڕێ دەدەین...هەموو چرکەکانمان دەبن بە هی تۆ...شەوانمان بە ئومێدی بینینی هیلالی دیدارت چەند سەخت و تاقەت پروکێنن... شەوانی بێ تۆ بوون، حیکایەتێکی تفتوتاڵ و پرە لە تراژێدیای ژیانێکی بێ روناکی...قەلایەکی پڕلە تاریکی...کۆشکێکی بێ کۆڵەگە و باخچەی ژیانێکی بێ گوڵ و داروردەخت و سەوزاییەکی وشک هەڵگەراوو و نەبوونی چریکەی باڵندەکان و دەنگی پڕلە سۆزو مێهرەبانیت...

تۆ هەم سێبەر بووی هەم روناکی و هەم پشتوپەنا...ئێستا نە سێبەر ماوە نە پشتو پەناو نە روناکی...بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین ڕۆژەکان تێپەرین...بەڵام تێپەڕینی شەوەکان لە ساتەوەختی نەبوونتدا زۆر سەخت بەسەرماندا تێدەپەڕن...

ئەورۆژەی مۆمی تەمەنی پر لە بەخششت کوژایەوە هیچ کات لە یاد ناکرێت...لەو ماوەیەی بێ تۆییدا هاواڕەکانمان لە سینەدا هێشتنەوەو گریانەکانی نیو شەومان لە ڕۆژو روناکی شاردنەوە...

تۆ، هاوسەرێکی بە ئەمەک، باوکێکی ئەرکناس، برایەکی مێهرەبان، باپیرێکی دڵسۆزو هاوڕێ و دۆست و خزمێکی بە سۆز بووی...ئێستا دەمەو ئێواران دوکانداڕەکانی سەری کۆڵان و ئەوبەر کۆڵان و ئەمبەر کۆڵان وشەقامی نزیک ماڵەوەمان چاوەڕێی تێپەڕینی تۆن و بە ئەمەکەوە باسی وەفاوسۆزو خۆشەویستی و دڵگەرمیەکانی تۆ دەکەن...

نەک هەر داروبەردو خشتەکانی ماڵەوەمان، بگرە شەقام و کۆڵان و داروبەردی گەڕەک بۆنی تۆی لێدێ....کۆچی تۆ هەموومانی نقومی غەمو پەژارەیەکی قوڵ کرد...هیواو ئومێد و ئارەزوە ڕەنگاڵەکانمانی هەڵوەراند...

لەو ڕۆژەی ماڵئاواییت لێمان کردووە، زیاتر هەست بە تەنیایی دەکەین، زیاتر هەست بە نامۆیی دەکەین بەرامبەر ڕووبەری ژیان و گشت و بوون و نەبوونێکدا...

لەو ڕۆژەی جێت هێشتووین هەستێکی نامۆ دایگرتووین و شەوو ڕۆژ لەگەڵماندایە، وەک بڵێی لە بیبانێکدا بە دوای چۆرە ئاوێک، سەرپەنایەک، سێبەری دارودرەختێک یا کانیاوێکی سازگاردا وێڵ و سەرگەردانین...

دەڵێن داڕەکان بە پێوە دەمرن، تۆی ئازیزیش وەک داڕەکان بە پێوەوسەربڵندیەوە سەرت نایەوەو ماڵئاواییت لە ژین وژیان وئازیزانت کرد...

ئینشائەڵڵا خوای دڵۆڤان خستوویەتە بەر ڕەحم وبەزەیی بێ سنووری خۆیەوەو دوا مەنزڵگەی ژیانی ئەبەدیت بەهەشتی ڕازاوەی مژدە پێدراوو نەبراوەیە...



ستافی کورتە فیلمی(ئاوار) چاوەڕێی خەڵاتن لە(2)فیستڤاڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتین

کورتە فیلمی (ئاوار) دوای بەشداری پێکردنی لە دوو فیستیڤاڵ لە سینەماکانی کوردستان پیشان دەدرێ




خەبات :ئیسماعیل سەبور

کۆمەڵێک گەنج لە هەولێر کورتەفلمی ئاواریان بەرهەم هێناوە کە باسی ژیانی یاریزانێکی کیک بۆکسێن دەکات کە هەوڵ دەدات بۆ ڕوو بە ڕوونوونەوەی داهاتووی وە خۆی بۆ ئامادە دەکات، بەڵام بەهۆی ڕووداوێک هەموو ژیانی دەگۆڕێت. وە ژانەری فلم لە (نهێنی ،تاوان،وەرزشی) پێکهاتووە . کورتە فلمی ئاوار لەلایەن بەشیر جەمشید کاری سیناریۆ و دەرهێنانی بۆ کراوە و یاریدەدەری دەرهێنەر ڕێهان ڕەنج و کاری وێنەگرتنی لە لایەن ڕەوا فاڕوق بۆکراوە و دەنگ هەڵگر مستەفا ئیدریس و بەڕێوبەری بەرهەم (کەیوان بێستون) ە، وبەرهەمی کۆمپانیای میتۆر پرۆداکشنە،هەر یەک لە ئەکتەران (پاڤێڵ کرێکار،کەیوان بێستون،بڵند جبار،شەیما فریاد) ڕۆڵیان بینیوە. کورتە فلمی ئاوار پاڵێوراوە بۆفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لەئیسپانیا بۆ چوار خەڵات وە بەژداری ڤیستیڤاڵێکی ناوخۆیی دەکات کە مانگی ١٢ بەڕێوە دەچێ وە دوای فیستیڤاڵ لە سینەماکانی کوردستان پێشکەش دەکرێ.وە هەروەها بەشیر جەمشید ئەوەشی ڕوونکردەوە کەتەواوی ستافی کورتە فلمی ئاوار گەنجن وە گووتیشی : لە هەولێر بارودۆخێکی وا بۆ سینەماکاران نەرەخساوە کە بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن وە تەواوی خەرجی کورتە فلم لە سەر شانی خۆیان بووە .



یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

سووتانی دارستان و پاوان،
دەستی شاراوەی لە پشتە و هەوڵێکە بۆ بە بیابانکردنی کوردستان.

* * *

جا وەرە شەق مەبە، لە سەدەی بیست ویەک، لەم عیراقە، لەسەر گۆرانی،باڵەخانەی تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی دەسوتێنن.

* * *

پەنجەکان
قەڵەمیان پێ دەگیرێت
ڕەسمیان پێ دەکرێت
ئیمزا بە پەنجەکانە
نیشانەی سەرکەوتن و بن کەوتن، بە پەنجەکانە
پەنجەکان ڕادەشلەقێن
دەچنە ناو کون و کەلەبەران
نەخشەی مەرگ و ژیان دەکێشن
ئای چ کارەساتن، پەنجەکان
لە کۆتاییدا یەکتر دەشکێنن

* * *

دنیا ، وەک تاژی ئەفغانی ڕادەکات ، خەم و پەژارە و تووند و تیژی بڵاوبۆتەوە.
(ئیلیف شەفەک)

* * *

تۆ بڵێی
ئەم پایزەش هەر بە خوڕ بگرین.

* * *

سەیرە، بازاڕ تژییە لە هەنجیری خۆمانە، کەچی لە بازگەکان ، دەست بەسەر هەنجیری ئێکسپایەر دا دەگرن.

* * *

فریای
ئەم هەموو شین و واوەیلایە ناکەوم
خوایە
هێزی ئینشایەک.